پرسی کار و کرێکار

راپۆرت و لێکۆڵینەوە (1)



رێکخراوی ئاشتی و ئازادی

٢٠٢٦

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی

لێکۆڵینەوە لە مافەکانی کارو کرێکاری [1]

تیمی پڕۆژە:

سڤانا زانا - بەڕێوەبەری پڕۆژە
د.کەیفی مەغدید - سەرپەرشتیار
عەفان ئەحمەد - وێنەی بەرگ و دیزاین

پێشەکی

پەرەپێدانی بازاڕی کار و دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی لەبار و شایستە بۆ کرێکاران، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. لەم چوارچێوەیەدا، بابەتی مافەکانی کار، پاراستنی هاوسەنگیی نێوان ژیان و پیشە، و پەرەپێدانی هۆشیاریی یاسایی خوێندکاران و گەنجان پێش چوونە ناو بازاڕی کارەوە، گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیە. ئەم کۆمەڵە توێژینەوەیە لە چوارچێوەی پڕۆژەی « کاریگەری کۆمەڵی مەدەنی لە نەهێشتنی نا یەکسانی لە عێراق « ، لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی (NPA) ئەنجامدراون. ئەم هەوڵە زانستییە بەرفراوانە لەلایەن کۆمەڵێک ماموستای ئەکادیمی، پسپۆڕ و شارەزای بواری یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەڵاڵەکراوە. ئامانجی سەرەکی پڕۆژەکە بریتییە لە هاندانی زانکۆکان، ناوەندە ئەکادیمییەکان و توێژەران بۆ ئەوەی پتر سەرنج و بایەخ بخەنە سەر مافەکانی کار و کرێکاران لە هەرێمی کوردستان، و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و زانستییەوە پشتگیری لە چاکسازییەکانی ئەم بواره بکەن.

ئەم پڕۆژەیە سێ توێژینەوەی زانستی و مەیدانیی گرنگ لەخۆدەگرێت کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١. توێژینەوەی یەکەم: «پەیوەندی نێوان مافەکانی کار و ناتەبایی خوێندن و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان»

• **بابەت و ناوەرۆک:** ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (عەبدولسەمیع محەمەد ڕەحمان و سیواس سیروان ئەبوبەکر) ئامادەکراوە. تیشک دەخاتە سەر کێشەی «ناتەبایی لێهاتوویی یان خوێندن» (Mismatch skills / Overeducation) لە بازاڕی کاری کوردستاندا، کە تێیدا دەرچووانی زانکۆ ناچارن کارێک بکەن کە کەمتر لە ئاستی بڕوانامە و پسپۆڕییەکەیان.

• **گرنگترین ئەنجامەکان:** توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەرچووان (نزیکەی ٤٠٪ یان پتر) بەدەست زێدەڕۆیی لە خوێندن یان کارکردن لە دەرەوەی پسپۆڕی خۆیان دەناڵێنن. زۆربەی بەشداربووان لە ڕێگەی خزم و هاوڕێیانەوە کار دەدۆزنەوە نەک لایەنە فەرمییەکان. هەروەها دەرکەوتووە کە ڕێژەی بێکاری یان ناسەقامگیریی کار لە نێو خاوەن بڕوانامە بەرزەکاندا کێشەیەکی جدییە.

• **کورتەی ڕاسپاردەکان:** پێویستیی داڕشتنی سیاستێکی گشتگیر بۆ گونجاندنی سیستم و پڕۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆ لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار. هاندانی کەرتی تایبەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری شیاو بۆ خاوەن بڕوانامەکان و کەمکردنەوەی پشت بەستن بە پەیوەندییە کەسییەکان لە دامەزراندندا.

٢. توێژینەوەی دووەم: «هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی دەروونی لە نێوان کرێکارانی بیناسازیی کەرتی تایبەت»

• **بابەت و ناوەرۆک:** ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (م. داستان طارق فائق و بارین حمید عبدالله) ئەنجامدراوە. ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئاستی خۆشگوزەرانی دەروونی و هاوسەنگی کار و ژیانە لە نێوان کرێکارانی کەرتی فۆرمیلی و نافۆرمیلیی بواری بیناسازی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک.

• **گرنگترین ئەنجامەکان:** ئەنجامەکان دەریانخستووە کە کرێکارانی بواری بیناسازی بە گشتی لە ئاستێکی «زۆر نزم و خراپ»ی خۆشگوزەرانی دەروونیدا دەژین. هاوسەنگی نێوان کار و ژیانیان لە ئاستێکی ماناوەندایە. هەروەها دەرکەوتووە ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە. جگە لەوەی ڕێژەیەکی زۆری کرێکاران بێبەشن لە بیمەی تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

• **کورتەی ڕاسپاردەکان:** دابینکردنی خزمەتگوزاری پاڵپشتی دەروونی بێبەرامبەر بۆ کرێکاران بە هاوکاری ڕێکخراوەکان. ڕێکخستنی کاتژمێر و ڕۆژەکانی کارکردن و دابینکردنی پشووی گونجاو. پەلەکردن لە فراوانکردنی تۆڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی بۆ تەواوی کرێکارانی کەرتی تایبەت.

٣. توێژینەوەی سێیەم: «ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی هۆشیاری مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستاندا»

• **بابەت و ناوەرۆک:** ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (م. ڕەنجدەر فتاح صالح و بەهرە ئەحمەد عەبدوڵڵا) ئامادەکراوە. تیشک دەخاتە سەر کێشەی نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون لە زانکۆکاندا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی خوێندکاران سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان لە ژینگەی کاردا پێش دەرچوونیان. لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی پڕۆگرامەکانی خوێندن، ڕۆڵی ماموستایان، چالاکییە

ئەکادیمییەکان، ئەزموونی پراکتیکی و سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC) ئەنجامدراوە.

• **گرنگترین ئەنجامەکان:** توێژینەوەکە پشکنین بۆ دیاردەی «شۆکی ناسنامە» دەکات کاتێک خوێندکاران دەچنە بازاڕی کارەوە لە کاتێکدا جۆرێک لە تەمومژاویبوون لە نێوان زانینی ئەرکەکان و نەناسینی مافە یاساییەکاندا هەیە. داتاکان نیشان دەدەن کە یاسای کار لە پڕۆگرامەکانی خوێندنی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا پەراوێزخراوە، و زۆرجار کارامەییەکانی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC) لە بابەتە ڕووکەشەکاندا کورت دەکرێنەوە بەبێ ئاوڕدانەوە لە «سەرمایەی یاسایی» و مافەکانی کار.

• **کورتەی ڕاسپاردەکان:** گۆڕینی ڕۆڵی زانکۆ لە هۆشیارییەکی پاسیڤەوە بۆ هۆشیارییەکی ڕەخنەیی لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا. پێویستیی یەکخستنی چەمکەکانی یاسای کار و مافەکانی کرێکاران لە ناو وانە سەرەکییەکاندا، و فراوانکردنی ڕۆڵی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC) بۆ ئەوەی ڕاهێنانی یاسایی ڕاستەقینە سەبارەت بە گرێبەستەکان، کاتژمێرەکانی کار و مافە بنەڕەتییەکان لە کەرتی تایبەتدا پێشکەشی خوێندکاران بکەن.
ئەم پڕۆژە زانستییە ، هەنگاوێکی دەگمەن و گرنگە بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان ناوەندە ئەکادیمییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مەیدانی کاری ڕاستەقینە، بەو ئومێدەی ئەنجام و دۆزینەوەکانی ببنە کەرەستەیەکی بەهادار بۆ داڕشتنی بڕیار و یاسای باشتر کە ماف، کەرامەت و هۆشیاریی کرێکاران و دەرچووانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بپارێزێت.

پەیوەندی نێوان مافەکانی کار و ناتەبایی خوێندن و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی : عبدالسمیع محمد رحمان
سێواس سیروان ئەبوبەکر

2026

١. دەروازە

پەروەردە و ڕاهێنان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی وڵاتێک و باشترکردنی دەرفەتی تاکەکان بۆ دەستەبەرکردنی کار، بەتایبەتی کاری کوالیتی باش. دەستکەوتی پەروەردەیی و لێهاتوویی هێزی کار کاریگەری گرنگی هەیە بۆ هەردوو ئاسۆی تاکەکەسی و گەشەپێدانی نیشتمانی فراوانتر. لە ئەنجامدا، داڕێژەرانی سیاسەت پێویستە لە پەیوەندی نێوان پێشهاتەکانی بازاڕی کار و گۆڕانکارییەکانی ناو سیستەمی پەروەردە تێبگەن بۆ ئەوەی سیاسەتی کاریگەر دابڕێژن کە خۆشگوزەرانی تاکەکان بەرز بکاتەوە و بەشداری لە پێشکەوتنی گشتی وڵاتدا بکات (Gammarano & Perardel, 2016).

خوێندنی زانکۆیی بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک بەشداربوویەکی سەرەکی لە گەشەپێدانی ئابووری دادەنرێت، چونکە یارمەتی زیادکردنی بەرهەمهێنان دەدات و هێزی کار بەو زانیاری و لێهاتوویانەی کە پێویستن بۆ دامەزراندنی لێهاتووانە تەیار دەکات. هەروەها لە ڕوانگەی تاکەکەسیەوە دەتوانرێت پەروەردە وەک وەبەرهێنانێکی درێژخایەن سەیر بکرێت کە چاوەڕوان دەکرێت سوودی ئابووری و پیشەیی بە درێژایی ژیانی کارکردنی کەسێک دابین بکات (Li & Miller, 2015). بۆیە دەتوانرێت خوێندنی زانکۆ بەو شێوەیە تێبگەین کە خزمەت بە هەردوو بەرژەوەندی گشتی و تایبەت دەکات. وەک چاکەیەکی گشتی، هێزێکی کاری لێهاتوو بەرهەم دەهێنێت کە پێداویستییەکانی خاوەنکارەکان دابین دەکات و بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی نیشتمانی و کێبڕکێی ئابووری. هەروەها لەسەر ئاستی تاکەکەسی، سوودی تایبەت بەدەست دەهێنێت لە ڕێگەی باشترکردنی دەرفەتی دەرچووان بۆ چوونە ناو بازاڕی کار و دەستەبەرکردنی دامەزراندن (Robson, 2023). لە ساڵانی ڕابردوودا، گرنگی زیاتر بە تەحەددیاتی وەک ناتەبایی کارامەییەکان، گەشەی سنووردار بەرهەمهێنان، گەشەسەندنی ئابووری خاو، دابەزینی کرێی ڕاستەقینە و گەشەسەندنی ئاستی نایەکسانی لەناو وڵاتەکاندا دراوە (ILO, 2024). ڕەوتەکانی بازاڕی کار لە جیهاندا ئاماژەیە بۆ دابەزینی دامەزراندنی کارامەیی مامناوەند، کە لەگەڵ گەشەسەندنی خواست لەسەر کرێکاران لە هەردوو کۆتایی کارامەیی نزم و بەرزی پیشەیی (Green, 2019). بەگشتی ئاستی بەرزی خوێندن پەیوەندی بە دەرئەنجامە لەبارترەکانی بازاڕی کارەوە هەیە، چونکە دەتوانێت چانسی چوونە ناوەوەی تاکەکان لە پۆستێکی باشتردا بۆ دامەزراندن باشتر بکات و لاوازییان بەرامبەر بە بێکاری کەم بکاتەوە. بەڵام بێکاری لە نێوان کەسانی خوێندەواری بەرزدا ڕەنگە هەندێک جار لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی ئەوانەوە بێت بۆ وەرگرتنی ئەو کارانەی کە وا هەست دەکەن لە خوار ئاستی بڕوانامەکانیانەوەیە. جگە لەوەش، سوودەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ سنووردار نین لە تەنها ئاستەنگەکانی دەستڕاگەیشتنێکی زیاتر بە دامەزراندن بەڵکو ڕەنگە

درێژبێتەوە بۆ کوالیتی ئەو کارانەی کە بەدەست دەهێنرێن، بەتایبەتی لە ڕووی بارودۆخی کارکردنەوە (Gammarano & Perardel, 2016).

بازاڕەکانی کاری هاوچەرخ بە ناتەباییەکی بەرفراوان لە نێوان بڕوانامەی خوێندن و پێداویستییەکانی کار دەناسرێتەوە. بەڵگەکان سەبارەت بە زیادەڕۆیی لە خوێندن (Overeducation) ئەوە پیشان دەدەن کە بە تێکڕا نزیکەی ٤٠%ی کرێکاران لەو پۆستانەدا دامەزراون کە پێویستیان بە ئاستێکی خوێندنی نزمتر لەوەی کە هەیانە (Li & Miller, 2015). هەروەها داتاکان ئەوە پیشان دەدەن کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێکڕای ئاستی خوێندنی هێزی کار، پێکهاتەی پیشەیی بازاڕی کار ئەوەندە فراوان نەبووە کە ژمارەی زیادبوونی کرێکارانی خوێندەواری بەرز هەڵبمژێت بۆ ئەو کارانەی کە بە شێوەیەکی نەریتی پەیوەندییان بە بڕوانامەی ئاستی دەرچوونەوە هەیە (Dolton & Silles, 2008). ئۆردین و ڕۆز (Ordine & Rose, 2017) دەڵێن کە باشترکردنی کارایی هاوتاکردنی بازاڕی کار دەبێت ئەولەویەتێکی سەرەکی بێت لە سیاسەتی ئابووریدا. ئەمەش نابێت تەنها پێشکەوتنی بەرچاو لە خزمەتگوزارییەکانی جێگیرکردنی زانکۆدا لەخۆبگرێت، بەڵکو لەوەش گرنگتر پەرەپێدانی ئامرازی کاریگەر بۆ پێوانەکردنی داواکاری بازاڕی کار بۆ کارامەیی، دڵنیابوون لەوەی کە هەڵبژاردنی پەروەردەیی باشتر لەگەڵ پێداویستییەکانی هێزی کاردا هاوتەریبن. ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە پێویستن بۆ ڕێگریکردن لە وەبەرهێنانی ناکارامە و بێ بەرهەم لە سەرمایەی مرۆیی.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتە جیهانیانەدا، ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دەرئەنجامە پەروەردەییەکان و داواکارییەکانی بازاڕی کار دەکات، هەروەها چۆن ئەم پەیوەندییە کاریگەری لەسەر بارودۆخی مافەکانی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە. بە گرنگیدان بە ئەزموونی دەرچوانی ئەم دواییەی زانکۆ، توێژینەوەکە ئامانجیەتی هەڵسەنگاندنی ئەوە بکات کە چۆن ئاستی خوێندن و بوارەکانی پسپۆڕییان کاریگەری لەسەر هەلی کارکردنیان هەیە، بەمەش شێوازە فراوانەکانی هاوتەریبی نێوان خوێندن و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێت. هەروەها توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە تا چەند مافە بنەڕەتییەکانی کارکردن بۆ دەرچوانی زانکۆ دوای چوونە ناو هێزی کار گەرەنتی دەکرێن. گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتی دەبێت لە:

١. تا چەند ئەنجامەکانی خوێندنی زانکۆیی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستاندا گونجاون؟

٢. دەرچووانی زانکۆ تا چەند لە ماف و پاراستنی کاری، وەک گرێبەستی کار، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پشوو، کاتژمێری کار و سەلامەتیی ژینگەی کار، بەهرەمەندن؟

٣. چ پەیوەندییەک لە نێوان دۆخی کار و مافەکانی کار و ڕەزامەندی و ئاسایشی کاری دەرچووانی زانکۆدا هەیە؟

٢. ناتەبایی خوێندن و بازار

ناتەبایی کارامەییەکان چەمکێکە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە گفتوگۆکانی سیاسەت و ڕاپۆرتە فەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت؛ بەڵام پێناسەی جۆراوجۆری هەیە و دەتوانرێت بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێگەی جیاوازی پێوانە هەڵسەنگێندرێت. بەپێی مەکگینس و هاوکارانی (McGuinness, et al, 2018) ناتەبایی کارامەییەکان (Mismatch skills) دەتوانێت چەندین شێوەی هەبێت. لەوانەیە ناتەبایی ڕاست لەخۆبگرێت، کە بریتییە لە زیادەڕۆیی لە خوێندن، کەمخوێندن، زیادەڕۆیی لە لێهاتوویی و کەم لێهاتوویی، هەروەها بۆشایی کارامەیی، کەمیی کارامەیی کە بەهۆی ئەو شوێنە بەتاڵانەدا ئاماژەی پێدەکرێت کە پڕکردنەوەیان قورسە یان مەحاڵە، ناتەبایی ئاسۆیی پەیوەست بە بواری خوێندنی تاکێکەوە، و بەسەرچوونی کارامەییەکان بە تێپەڕبوونی کات. ئەم جۆرە ناتەباییانە لە تایبەتمەندی و شێوازی پێوانەکردن و هۆکار و دەرئەنجامەکانیاندا جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. بە تایبەتی، کەلێنی کارامەیی کاتێک ڕوودەدات کە کارامەییەکانی ئێستای کارمەندێک لەگەڵ ئەو کارامەییانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارێک بە شێوەیەکی کاریگەرانە نەگونجێت. ئەم جۆرە بۆشاییانە دەتوانن لە ئاستی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی و نیشتمانیدا لێکەوتەی نەرێنییان هەبێت. بۆ تاکەکان، کارامەیی ناتەواو دەتوانێت توانای دامەزراندن کەم بکاتەوە و دەرفەتەکان بۆ باشترکردنی ئاستی ژیانیان سنووردار بکات. لە ئاستی ڕێکخراوەییدا، کەمیی کارامەیی دەتوانێت بەرهەمهێنان لاواز بکات، تێچووی کارکردن زیاد بکات، کوالیتی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان کەم بکاتەوە و دەرفەتەکانی گەشەی بازرگانی سنووردار بکات. لەسەر ئاستی نیشتمانی، کەلێنی بەرفراوانی کارامەیی دەتوانێت توانای کێبڕکێی ئابووری تێکبدات و توانای گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی فراوانتر سنووردار بکات (DEG & BCG, 2016).

ناتەبایی بڕوانامە کاتێک سەرهەڵدەدات کە بڕوانامەکانی کارمەندێک لەگەڵ پێداویستییەکانی کارەکەیدا نەگونجێت. ئەم ناتەباییە دەتوانێت دوو شێوەی سەرەکی وەربگرێت. یەکەم: ناتەبایی پەروەردەیی کاتێک ڕوودەدات کە ئاستی خوێندنی تاکێک جیاواز بێت لەو ئاستەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکە. زیادەڕۆیی لە خوێندن ئاماژەیە بۆ دۆخێک کە کرێکارێک

خاوەنی ئاستێکی بەرزتر بێت لە خوێندن یان ڕاهێنان لەوەی کە کارەکە پێویستی پێیەتی، لە کاتێکدا کەمخوێندن کاتێک ڕووەدات کە ئاستی خوێندن یان ڕاهێنانی کرێکارەکە لە خوار ئاستی پێویستەوە بێت. دووەم: ناتەبایی بواری خوێندن کاتێک ڕووەدات کە کارمەندێک لە پۆستێکدا کار بکات کە پەیوەندی بەو بوارەوە نییە، یان پێویستی بەو بوارە نییە کە تێیدا خوێندوویەتی(CSO, KRSO, & ILO, 2022). بەپێی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (٢٠١٨)، ناتەبایی بازاڕی کار دەتوانرێت بە شێوەیەکی بەرفراوان دابەش بکرێت بەسەر دوو پۆلدا: ناتەبایی خوێندن یان بڕوانامە و ناتەبایی کارامەیی. ئاستی بەرزی ناتەبایی کارامەییەکان ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ لاوازی پەیوەندی نێوان سیستەمی پەروەردە و بازاڕی کار. ئەمەش گرنگیی پشکنینی ئەوە دەکات کە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان تا چەند بە شێوەیەکی کاریگەر تاکەکان بەو لێهاتوویی و بڕوانامانەی کە خاوەنکارەکان پێویستیان پێیەتی، تەیار دەکات (ILO, 2018). بەپێی ئاماری ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری (OECD، 2024)، ناتەبایی بڕوانامە لە نێوان کرێکاران لە دامەزراندنێکی فەرمی و نافەرمیدا جیاوازە. لە سەرانسەری زۆربەی وڵاتان، کرێکارانی نافەرمی بە تایبەتی ئەگەری ئەوەیان هەیە کە تووشی کەمخوێندن بن، واتە لە پۆستێکدا دامەزراون کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستیان بە بڕوانامەی فەرمی بەرزتر هەیە لە چاو ئەوانەی کە خاوەنیانن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کرێکارانی نافەرمی لەوانەیە زانیاری و لێهاتوویی بەنرخ لە ڕێگەی ئەزموونی کارکردنی پراکتیکیەوە بەدەستبهێنن، بەڵام ئەم لێهاتووییانەی زۆرجار بە فەرمی دانپێدانراو نین یان بڕوانامەیان پێنادرێت لە ڕێگەی بڕوانامەی پەروەردەییەوە. لەبەرامبەردا کرێکارانی دامەزراندنی فەرمی زیاتر تووشی زیادەڕۆیی لە خوێندن دەبن، کە بەهۆیەوە بڕوانامەی خوێندنیان لەو بڕوانامەیە زیاترە کە بۆ پۆستەکانیان پێویستە. بە شێوەیەکی فراوانتر، ناتەبایی بازاڕی کار دەتوانێت بەشداربێت لە بەرزبوونەوەی بێکاری، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و خاوبوونەوەی گەشەسەندنی ئابووری-کۆمەڵایەتی. هەروەها لەوانەیە تەحەددا بۆ حکومەتەکان و کەرتی تایبەت دروست بکەن لە فراوانکردنی دامەزراندنێکی فەرمی و وەرگرتنی تەکنەلۆژیای نوێ. لە ئەنجامدا ئەم بارودۆخانە دەتوانن دامەزراندنێکی نافەرمی بەردەوام بکەن و بەشداربن لە بەردەوامبوونی لە سەرانسەری نەوەکاندا. ئەلێکسینسکا و کۆلێڤ (2021) بە هەمان شێوە نیشانی دەدەن کە ناتەبایی پەروەردەیی لە هەردوو کەرتی بازاڕی کاری فەرمی و نافەرمیدا باو و ئاساییە، هەرچەندە سروشتەکەی بەپێی جۆری دامەزراندن و پۆلی پیشەیی دەگۆڕێت. لە کەرتی نافەرمیدا، ئەو کرێکارانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزترە ئەگەری زۆرە کە تووشی زیادەڕۆی لە خوێندن بن، لە کاتێکدا کەمخوێندن زیاتر لەنێو ئەو کەسانەدا بڵاوە کە لە پیشەی کەم لێهاتوودا دامەزراون. هەروەها زیادەڕۆیی لە خوێندن لە نێو کرێکارانی پیشە بەرزەکاندا لە ناو کەرتی فەرمیدا دیارە. پێکەوەبوونی زیادەڕۆیی و کەمخوێندن، بە تایبەتی

لـه پیشـه ئاسـت مامناوەندەکانـدا، ئاماژەیـه بـۆ ناهاوسـەنگی بونیـادی لـه بـازاڕی کاردا. لایەنێکـی گرنگـی ئـەم ناهاوسـەنگییه، سـنووردارببونی هەلـی کاری کارامەیـی بـەرزە، کـه دەتوانێـت ببێتـه هـۆی ئـەوەی کرێـکاران ئـەو کارانـه وەربگـرن کـه لەگـەڵ بڕوانامـەی خوێندنیـان ناگونجێـت (Aleksynska & Kolev, 2021).

٣. میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـه لەسـەر بنەمـای داتـای کۆکـراوە بـه رێـگای فۆرمـی پرسـیارنامەوە ئەنجامـدراوە. فۆرمەکـه بەشـێوەی ئۆنلایـن بـه لـه رێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـەوە بڵاو کراوەتـەوە. زانیاریـیه پێویسـتیەکانی پەیوەسـت بـه لایەنـی ئـاکاری توێژینـەوە لـه سـەرەتای فۆرمەکـه بـه رووندی خراوەتـه بەردەسـت ئـەو کەسـانەی کـه بەشـداریان لـه توێژینەوەکـەدا کـردوە. بـه تێکـڕا ١٠٠ کـەس لـه ناوچـه جیاجیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان فۆرمەکەیـان پرکردۆتـەوە. داتاکانـی بەشـێوەیەکی ئامـاری وەسـفی و پەیوەنـدی نێـوان گـۆڕاوە پەیوەندیـدارەکان شـیکراوەتەوە. ئەنجـام و شـیکردنەوەکانی ئـەم توێژینـەوە هەرگیـز بانگەشـەی گشـتاندنیان تێـدا نیـه، چونکـه لـه لایەکـەوە نموونـەی توێژینەوەکـه سـنورداره، هەروەهـا بـۆ وەرگرتنـی نموونەیـەک کـه نوێنەرایەتـی کۆمەڵـگای توێژینـەوە بـکای میکازنیزمـی زانسـتی وردتـر و نموونـەی فـراوانتر پێویسـتە کـه لـه دەرەوەی توانـای ئـەم توێژینەوەدایـه.

٣- شیکردنەوەی ئاماری ئەنجامەکان

١- چەندساڵە زانکۆت تەواو کردووە؟



لـه وەڵامەکانـی مـاوەی ١ تـا ١٠ سـاڵ، زۆرتریـن بەشـداربووان ٤ سـاڵ بەسـەر دەرچوونیـان تێپەڕیـوە، دوای ئـەوە ٣ سـاڵ و ١ سـاڵ دێـن.

2- تا چەند ئەو کارەی دەیکەیت دەتوانێت ژیانێکی شایستە و گونجاوت بۆ دابین بکات؟



زۆربەی بەشداربووان دەڵێن کارەکەیان تەنها تا ڕادەیەکی مامناوەند ژیانی شایستە و گونجاویان بۆ دابین دەکات؛ بەشێکی گەورەش ڕادەکە بە کەم دەزانن. تەنها کەمێک لە بەشداربووان هەستیان کردووە کارەکەیان بە ڕادەیەکی زۆر ژیانیان دابین دەکات.

٣- زیاتربە چی ڕێگایەک هەوڵتداوە کار پەیدا بکەیت؟



پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتی زۆرترین ڕێگای هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کار بووە، دوای ئەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەردانکردنی شوێنی کارەکان دێن. بەکارهێنانی پۆرتاڵی کاری وەزارەتی کار لە نمونەکەدا کەمتر بووە.

٤- له دوای تەواوکردنی زانکۆ چەند مانگت پێویست بوو تا کارت پەیداکرد؟



بەشێکی زۆر لە وەڵامەکان لە چوارچێوەی ١ تا ٦ مانگدا کۆبوونەتەوە، بەڵام گرووپێکیش کە دەکاتە ٢٧٪ ی نموونە تا ١٢، ٢٤ و ٣٦ مانگیان پێویست بووە بۆ دۆزینەوەی کار. ئەمەش ئاماژەی ئەوە دەدات کە کار پەیداکردن گرفتێکی بەردەوم دەرچوانە کە بەشێکی زۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە لە بازاری کار دەرفەتی پێویست نیە، هەروەها جیاوازی بواری خوێندن و ئەو کارانەی کە هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرچوان بە ئاسانی کاریان دەستنەکەوێت.

٥- له دوای تەواوکردنی زانکۆ شێوازی کارکردنت چۆن بووە ؟



هەرسێ شێوازی کارکردن بە نزیکەی یەک ڕێژە دابەش بوون: مانەوە لە یەک شوێن و هەمان کار، هەمان کار لە شوێنی جیاواز، و کارە جیاواز و پچڕپچڕەکان. ئەمە جۆراوجۆرییەکی بەرچاوی ئەزموونی کارکردنی دەرچووان نیشان دەدات.

٦- ئەو کارانەی کردووتە تا چەند پەیوەندی بە بواری خوێندنی خۆتەوە هەبووە ؟



نزیکەی یەک سێیەکی نمونەکە تەنها لە بواری پسپۆڕی خۆی کاریکردووە، بەشێکی کەمێک گەورەتر تا ڕادەیەک پەیوەندییان بە خوێندنەوە هەبووە، و بەشێکی تر هیچ پەیوەندییەکیان نەبووە. کەواتە لە نمونەکەدا پەیوەندی نێوان خوێندن و کار دەکرێت بڵێین لە ئاستێکی بەرزدا نیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڕێژەیەکی بەرچاوی دەرچووان سوود لە خوێندنیان نابینن لە ئەزموونی کارکردنی خۆیان.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ پێویستی بڕوانامە پرسیاری ٧: لەو کەسانەی تەنها لە بواری پسپۆڕی خۆیان کارکردووە، ٩١,٣٪ وتوویانە بڕوانامەی زانکۆ بۆ کارەکە پێویست بووە. بە پێچەوانەوە، لەو کەسانەی هیچ پەیوەندییەکیان بە بواری خوێندن نەبووە، ٩٠٪ وتوویانە کارەکە بە بێ بڕوانامەش دەکرا. ئەمە پەیوەندییەکی بەرچاوی نێوان گونجانی کار و خوێندن و پێویستی بڕوانامە نیشان دەدات.

٧- ئەو کارانەی کە کردووتە پێویستی بە بڕوانامەی زانکۆ هەبووە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەیت؟



وەڵامەکان بە نزیکەی یەکسان دابەش بوون، بە کەمێک زیادبوونی ئەو کەسانەی دەڵێن بڕوانامەی زانکۆ بۆ وەرگرتنی کارەکەیان گرنگ بووە. ئەمە جیاوازی نێوان کارە پێویستەکانی بڕوانامە و کارە ئاساییەکان نیشان دەدات. ئەم ڕێژە ئەوەمان پیشان دەدات کە بە نزیکەی نیوەی دەرچوانی زانکۆ کاری ئاسائی ئەنجام دەدەن کە شارەزایی یان ئاستی بڕوا نامەی زانکۆی پێویست نیە.

٨- هەست دەکەی ئەو شارەزایی و لێهاتوویییەی لە زانکۆ بەدەستت هێناوە یارمەتیدەرت بووە لە دۆزینەوەی کار ؟



زۆرترین وەڵام «تارادەیەک» ە؛ واتە بەشێکی زۆر لە بەشداربووان کاریگەری شارەزایی و لێهاتوویی زانکۆ بە تەواوی ڕەت ناکەنەوە، بەڵام کاریگەرییەکی لە ئاستێکی بەرزدا نیە ئەوانەی کە دەڵێن بە تەواوی سودیان لە زانست و زانیاری زانکۆ بینیوە تەنها ٢٦٪ ی نموونەی توێژینەوەکەن. نزیکەی یەک لە چوار کەس کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی زانکۆییان هەست پێ نەکردووە.

٩- پێتوایە زانکۆ توانیویەتی ئەو زانست و زانیارییەت پێ ببەخشێت کە بۆ هەلی کار پێویستە لە هەرێمی کوردستان؟



زۆربەی بەشداربووان دەڵێن زانکۆ تا ڕادەیەک زانیاریی پێویستی بازاڕی کار دابین کردووە، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی بە تەواوی ڕازیین کەمترە. ئەمە نیشان دەدات هەستکردن بە گونجانی خوێندن لەگەڵ پێداویستی کار بۆ زۆربەی نمونەکە ناوەندە.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندی کار بە خوێندن پرسیاری ٦: لەو کەسانەی کە دەڵێن زانکۆ زانیاریی پێویستی کار دابین کردووە، ٩١٪ کارەکانیان یان لە پسپۆڕی خۆیانە یان تا ڕادەیەک پەیوەندییان بە خوێندنەوە هەیە. لە گرووپی «نەخێر»، ٦٢,٥٪ هیچ پەیوەندییەکی کار و خوێندنیان نییە. ئەمە پەیوەندییەکی وەسفینێوان هەستی گونجانی زانکۆ و گونجانی کار نیشان دەدات.

١٠- ئەو کارانەی کە کردووتە پێویستی بە چی ئاستێکی بڕوانامە هەبووە ؟



لە زۆربەی کارەکاندا بڕوانامەی زانکۆ پێویست بووە، بەڵام نزیکەی نیوەیەکی بەرچاو دەڵێن کارەکەیان بە بێ بڕوانامەش دەکرا. تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم بڕوانامەی بەرزتریان پێویست بووە.

١١- لە نێوان ١٠ کەس لەو کەسانەی هاوڕێ و کەسی نزیکتن و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆن چەندیان لە ئێستادا بێکارن؟



لـه نێـوان ١٠ کەسـی نزیـک و هاوڕێـی هەڵگـری بڕوانامـەی زانکـۆ، وەڵامـی ٥ و ٦ بێـکار زۆرتریـن بـووە. دەتوانیـن ڕێـژەی بێـکاری لـه نـاو ئـەم نمونەیـەدا هەژمـار بکەیـن بەمشـێوەیەی خـوارەوە:

کۆی کەسانی باسکراو :١٠ × ١٠٠کەس = ١٠٠٠

کۆی کەسانی بێکار: ٤١٧ کەس

ڕێژەی بێکاری: ٤٧١/ ١٠٠٠ × ١٠٠ = ٤٧.١ ٪

کەواتـه ڕێـژەی بێـکاری لـه نێـوان ئـەو کەسـانەی لـەم پرسـیارەدا باسـکراون بـه نزیکـەی ٤٧.١٪، واتـه بـه شـێوەی ناوەنـد، لـه هـەر ١٠ کەسـی هەڵگـری بڕوانامـەی زانکـۆ، نزیکـەی 4.7 کـەس بێـکارن. ئەمـه نابێـت وەک ڕێـژەی گشـتی بێـکاری دەرچووانـی زانکـۆ لـه هەرێمـی کوردسـتان لێکبدرێتـەوە؛ ئەمـه تەنهـا ڕێـژەی بەدەسـتهاتووە لـه وەڵامـی بەشـداربووان سـەبارەت بـه ١٠ هـاوڕێ و کەسـی نزیکیـان.

١٢- ئەو کارانەی کردووتە گرێبەستت هەبووە؟



زۆرترین بەشداربووان دەڵێن هیچ گرێبەستێکیان نەبووە ٤٥٪، لەگەڵ ئەوەش لە ٣٠٪ یان هەموو کارەکانیان گرێبەستی هەبووە. ئەمە نائاساییەکی بەرچاو لە شێوازی پەیوەندی کار و گرێبەست لە نمونەکەدا نیشان دەدات.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ دەستەبەری کۆمەڵایەتی پرسیاری ١٣: لەو کەسانەی کە هەموو کارەکانیان گرێبەستیان هەبووە ٥٣,٨٪ دەڵێن لە هەموو کارەکان سوودی دەستەبەری کۆمەڵایەتیان هەبووە؛ لە کەسانێک کە هیچ گرێبەستێکیان نەبووە، ٥١,٣٪ دەڵێن هیچ دەستەبەرییەکیان نەبووە. ئەمە پەیوەندییەکی وەسفیلە نێوان بوونی گرێبەست و دەستەبەرییە، .

١٣- لەو کارانەی کردووتە سوودمەند بوویتە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیضمان اجتماعی ؟



نزیکەی سێ لە پێنج بەشداربووان دەڵێن هیچ دەستەبەرییەکی کۆمەڵایەتییان بۆ نەکراوە. تەنها بەشێک دەڵێن لە هەموو کارەکانیان سوودیان لێ بینیوە، و بەشێکی تر تەنها لە هەندێک کار سوودیان لێ بینیوە.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ ڕەزامەندی کار پرسیاری ٢١: لە نمرەکانی ڕەزامەندی ٤ و ٥، ٥١,٦٪ دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لە هەموو یان هەندێک کار هەبووە؛ لە نمرەکانی ١ و ٢، تەنها ٢٨,٦٪ ئەو جۆرە دەستەبەرییەیان هەبووە. ئەمە پەیوەندییەکی وەسفینێوان دوو گۆڕاوەکە نیشان دەدات، بەڵام ناتوانرێت بە تەنها هۆکاری ڕەزامەندی دیاری بکرێت.

١٤- لە کام لەم پشووانەی خوارەوە سوودمەند بویتە لە کارەکەت؟



زۆرترین جۆری پشوو کە بەشداربووان لێی سوودمەندبن پشووی هەفتانەیە کە دەکاتە ٢٩٪، دوای ئەوەش پشووە فەرمیەکان دێت بە رێژەی ٢٣٪ ی نموونەکە، پاشان داواکردنی پشوو بۆکاتی پێویست دێت کە دەگاتە ٢٠٪ ی بەشداربووان. ئەوەی شایەنەی باسە پشووی سالانە و مانگانە رێژەی زۆر کەم لە بەشداربووان لێی سوودمەند ئەبن.

١٥- لە ڕووی ژینگەی کارەوە ئەو کارانەی کردووتە و ئێستا دەیکەیت پێداویستی سەلامەتی و تەندروستی بۆ دابینکراوە ؟



زۆربەی بەشداربووان دەڵێن مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی بە تەواوی یان تا ڕادەیەک لە ژینگەی کارەکەیان هەبووە. بەڵام هێشتا کۆمەڵێک کەس هەیە کە دەڵێن هیچ مەرجێکی سەلامەتی و تەندروستییان بۆ دابین نەکراوە.

١٦- لە ڕووی کاتژمێری کارەوە چۆن کاردەکەیت؟



٨ کاتژمێر کارکردن زۆرترین وەڵامە، بەڵام ٥٢٪ یان زیاتر لە ٨ کاتژمێر کاردەکەن؛ لەوانە ٢٧ کەس دەڵێن کاتژمێری زیادەیان هەژمار ناکرێت و ٢٥یان بۆیان هەژمار دەکرێت. ئەمە گرنگی بابەتی کاتژمێری زیادە و مافەکانی پەیوەندیدار بە کارکردن نیشان دەدات کە بەشێکی بەرچاوی دەرچوانی زانکۆ مافەکانیان پێشێل دەکرێت.

١٧- لە ڕووی هەڵسوکەوتی خاوەنکارەکانەوە کام لەم دەستەواژانە هەڵدەبژێریت؟



زۆربەی وەڵامەکان هەڵسوکەوتی خاوەنکار بە شێوەیەکی تێکەڵ و گۆڕاو وەسف دەکەن، بەڵام ڕێژەی ٤٠٪ یان هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیان بینیوە. وەڵامی هەڵسوکەوتی خراپ و نامرۆڤانە کەمترە، بەڵام هێشتا بەشێکی دیارە.

١٨- هیچ کات مامەڵەی نەشیاوت لەگەڵ کراوە لە لایەن خاوەنکارەوە؟



زۆربەی بەشداربووان مامەڵەی نەشیاویان زۆر بە کەم یان هەرگیز نەبینیوە، بەڵام ٢٧ کەس دەڵێن هەندێک جار و ٥ کەس زۆر جار تووشی ئەو جۆرە مامەڵەیە بوون. بۆیە ئەزموونی مامەڵەی نەشیاو لە نمونەکەدا هەیە، بەڵام بۆ زۆربەی کەسانە بە شێوەی بەردەوام نییە.

١٩- لەو کارانەی کە کردووتە هیچ جار هەبووە خاوەنکارەکان بە بێ هیچ بیانوویەک لە کارەکەت دووریان خستبیتەوە؟



زۆربەی زۆری بەشداربووان دەڵێن هەرگیز بە بێ بیانوو لە کارەکەیان دوور نەخراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەش ١٦ کەس ئەزموونی دوورخستنەوەی بێ بیانوویان هەبووە.

٢٠- ئەگەر هەستت بەوە کردبێت کە مافەکانت دەخورێ لە کارەکەت پەنات بردووە بۆ رێکارە یاساییەکان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانت؟



٣٩ کەس هەستیان نەکردووە مافیان خورابێت، ٤٦ کەس بڕوایان بە جێبەجێکردنی یاسا بەرامبەر خاوەنکار نییە، و ١٥ کەسیان دەڵێن ئەگەر مافیان بخورێت رێکاری یاسایی دەگرنەبەر. ئەمە نیشان دەدات هەستان بە شکایەت و متمانە بە رێکارە یاساییەکان دوو بابەتی جیاوازن.

٢١- لە نێوان ١ تا ٥ تا چی رادەیەک لە کارەکەت رازیت؟



رێژەی رەزامەندی لە نمرەکانی ٣ و ٤ زیاتر کۆبووەتەوە، و نمرەی ٥ یشبەشێکی دیارە. نمرەکانی ١ و ٢ کەمترن، بەڵام هەندێک بەشداربوو رەزامەندییەکی زۆر کەم هەیە.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و داهات: لە گرووپی رەزامەندی ٤ و ٥ ئەو کەسانە لەهەندێک یان هەموو کارەکانیان دەستەبەری کۆمەڵایەتیان هەیە لە ٥١,٦٪ی وەڵامەکاندا

هەیە، لە کاتێکدا لە نمرەکانی ١ و ٢ ئەو ڕێژەیە ٢٨,٦٪یە..دابەشبوونی ڕەزامەندی و داهات جیاوازییەکی دیار دەخاتەڕوو؛ نمرەکانی ڕەزامەندیی نزمتر زۆرتر لە گرووپی داهاتی ٠ بۆ ٣٠٠ هەزار دینارەوە دەبینرێن، لە کاتێکدا نمرەکانی ٤ و ٥ لە گرووپی ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار دینار و گرووپە داهاتییە بەرزترەکاندا زیاتر دەبینرێن. ئەمە تەنها پەیوەندییەکی توصیفییە.

٢٢- لە نێوان ١ تا ٥ تا چی ڕادەیەک هەست دەکەیت کارەکەت بووە بە بەشێک لە کەسایەتیت و شانازی پێوە دەکەیت؟



نمرەی ٥ بۆ ئەوەی کار بەشێک لە کەسایەتی و شانازی بێت زۆرترین ڕێژەی نمونەکەیە ٣٣٪ دوای ئەوە ٣ و ٤ دێن. کەواتە بۆ زۆربەی نمونەکە کار تەنها داهات نییە، بەڵکو لە هەندێک کەسدا پەیوەندی بە ناسنامە و هەستی شانازی بەخۆوبونەوە هەیە.

٢٣- لە ئێستادا کاردەکەی ؟



٦٦ کەس دەڵێن لە ئێستادا کاردەکەن، ٨ کەس کاری ڕۆژانەهەیە، و ٢٢ کەس کار ناکەن. بۆیە زۆربەی نمونەکە بە شێوەیەک لە بازاڕی کاردا چالاکن. وەڵامی ئەم پرسیارە سەبارەت بە بێکاری لە ئیستادا بە بەراورد بە پرسیارەکانی تری ناو فۆرمەکە کە هەڵبژاردەی لە ئێستادا کارناکەم ی تێدایە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؛ بۆ نموونە لە پرسیاری ٢٤ هەڵبژاردەی لە ئیستادا کارناکەم دەبێتە ١٩٪، لەپرسیاری ٢٥ دەبێتە بە ١٣٪. کەوایە دیاریکردنی بێکاری پرۆسەیەکی ئاسان نیە ناتوانرێت بە یەک پێوەر دیاری بکرێت.

٢٤- جۆری کارەکەت چییە؟



زۆربەی ئەو کەسانەی کاردەکەن بۆ خاوەنکارێک کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێک لە کارە هاوبەشە خێزانییەکانن. گرووپی کارنەکردووانیش لە وەڵامەکاندا ١٩٪ ن.

٢٥- بواری کارەکەت چییە؟



٢٦- تا چەند متمانەت هەیە لەو کاری کە دەیکەیت بەردەوام بیت؟



زۆرترین بەشداربووان متمانەیان هەیە تا خۆیان بیانهەوێت لە کارەکەیان بەردەوام بن. بەڵام ١٩ کەسیان تەنها هەتا کۆتایی گرێبەستەکە دڵنیانن و ١٧ کەس هیچ متمانەیەکیان بە بەردەوامی کارەکەیان نییە.

پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر

پەیوەندی لەگەڵ گرێبەست پرسیاری ١٢: لە کەسانێک کە هەموو کارەکانیان گرێبەستیان هەبوو ٥٠٪ متمانەیان بە بەردەوامی تا کۆتایی گرێبەستەکە هەیە. لە گرووپی بێ گرێبەست، ٥٤,٥٪ هیچ متمانەیەکیان بە بەردەوامی کارەکە نییە. ئەمە پەیوەندییەکی وەسفینێوان شێوازی گرێبەست و هەستی ئاسوودەیی لە بەردەوامی کار نیشان دەدات.

٢٧- داهاتی مانگانەی کارەکەت چەندە ؟



زۆرترین گرووپی داهات ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار دیناوە ٣٤٪، دوای ئەوە ٠ بۆ ٣٠٠ هەزار دینار

دێت ٢٧٪، بەشێکی کەمتر لە نمونەکە داهاتی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار دیناریان هەیە ١١٪. ئەوانەشی داهاتیان لە یەک ملیون زیاترە تەنها ١٥٪ ی نموونەکە پێکدێنن. داتاکە ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە سەبارەت بە کەمبوونەی داهات. ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی رێژەی داواکاری کار بە بەراورد بە دەرفەتی کار.

٢٨- رەگەز



دابەشبوونی ڕەگەز لە نمونەکەدا نزیکە بە یەکسانە (٥٢ رەگەزی نێر، ٤٨ لە رەگەزی مێ) ئەمەش تا ڕادیەک رەنگدانەوەی واقیعی بازاری کارە، لە ئێستادا لە بەشداری لە بازاری کاریشدا بۆ ئەم نەوەیەی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا زانکۆیان تەواوکردوە ئامادەبونێکی هاوسەنگ لە نێوان هەردوو رەگەزدا هەیە.

٢٩- شوێنی نیشتەجێبوون به یێی یارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان؟



٤- پەیوەندی نێوان گۆڕاوە سەرەکییەکان

١- ڕەزامەندی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

دۆخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی	ڕەزامەندی نزم ١-٢	ڕەزامەندی بەرز ٤-٥
بەڵێ لە هەمووی خاوەنکارەکەم بۆی کردوومە	23.1٪	61.5٪
نەخێر لە هیچی دەستەبەری کۆمەڵایەتیم بۆ نەکراوە	25.6٪	38.5٪
هەندێکی بۆم کراوە	6.7٪	53.3٪

لە گرووپی ئەوانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لە هەموو کارەکان هەبووە، ٦١.٥٪ نمرەی ٤ یان ٥ یان بە ڕەزامەندی داوە لە کارەکانیان. لە گرووپی ئەوانەی هیچ دەستەبەرییەکیان نەبووە، ئەم ڕێژەیە ٣٨.٥٪. لە گرووپی «هەندێکی بۆم کراوە» ڕێژەکە ٥٣.٣٪. ئەمە پەیوەندی وەسفینێوان بوونی دەستەبەری و ڕەزامەندیی بەرزتر نیشان دەدات، بەڵام بە تەنیا هۆکارییەتی ناسەلمێنێت.

ئەنجامی ئاماری: $x^2(8) = 8.31$، $p = 0.403$، Cramér's V = 0.25 (لاواز).

شیکردنەوە: لە داتاکەدا ڕەزامەندی بەرز لە نێوان ئەوانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان هەیە زیاتر دەبینرێت. بەڵام بە پێی تاقیکردنەوەی (Chi-square) ئەم جیاوازییە لە ئاستی ٠.٠٥دا مانادارى ئاماری نییە؛ بۆیە باشترە وەک ئاراستەیەکی وەسفیبخوێندرێتەوە، نەک بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە.

٢- گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

دۆخی گرێبەست	هەندێکی بۆم کراوە	نەخێر لە هیچی دەستەبەری کۆمەڵایەتیم بۆ نەکراوە	بەڵێ لە هەمووی خاوەنکارەکەم بۆی کردوومە
بەڵێ هەمووی گرێبەستم هەبووە و ئێستاش هەمە	25.0٪	40.0٪	35.0٪
هیچی گرێبەستم بۆ نەکراوە	20.0٪	66.7٪	13.3٪
هەندێکی گرێبەستم هەبووە و هەندێکی بە بێ گرێبەست کردوومە	23.5٪	64.7٪	11.8٪

لـه کەسـانی هەمـوو کارە گرێبەسـتدارەکان، ٣٥٪ دەسـتەبەریی تەواویـان هەبـووە و ٤٠٪ هیـچ دەسـتەبەرییەکیان نەبـووە. لـه گرووپـی بـێ گرێبەسـت، ٦٦.٧٪ هیـچ دەسـتەبەرییەکیان نەبـووە. ئەمـە نیشـان دەدات بوونـی گرێبەسـت لـه داتاکـەدا لەگـەڵ دەسـتەبەریی کۆمەڵایەتـی پەیوەنـدی هەیـە، هەرچەنـد گرێبەسـت بـه خـۆی دەسـتەبەریی تـەواو دڵنیانـاکات.

٣- پەیوەندی کار بە بواری خوێندن و پێویستی بڕوانامە

پەیوەندی کار بە خوێندن	نەخێر تەنها کاری ئاسایی بووە	بەڵێ بەهۆی بڕوانامەی زانکۆوە لە کارەکە وەرگیراوم
تا ڕادەیەک پەیوەندی بەو بوارەوە هەبووە کە خوێندوومە	50.0٪	50.0٪
تەنها لە بواری پسپۆڕی خۆم کارم کردووە	8.7٪	91.3٪
هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بەو بوارەی کە خوێندوومە	90.0٪	10.0٪

لـەو کەسـانەی تەنهـا لـە بـواری پسـپۆڕی خۆیـان کار کـردووە، ٩١.٣٪ بەهـۆی بڕوانامـەی زانکـۆوە وەرگیـراون. بـە پێچەوانـەوە، لـەو کەسـانەی کارەکانیـان هیـچ پەیوەندییەکـی بـە بـواری خوێندنەوە نەبـووە، ٩٠٪ وتوویانـە کارەکـە کاری ئاسـایی بـووە و بڕوانامـە پێویسـت نەبـووە. ئەمـە یەکێکـە لـە ڕوونتریـن پەیوەندییەکانـی داتاکە.

ئەنجامی ئاماری: $x^2(2) = 28.42$، $p < 0.001$، Cramér's V = 0.65 (بەهێز)

ئەوانـەی کارەکەیـان بـە پسـپۆڕی خوێندنیانـەوە پەیوەسـتە، زۆرتـر دەڵێـن بڕوانامـەی زانکـۆ بـۆ وەرگرتنـی کار پێویسـت بـووە؛ لـە کارە بـێ پەیوەندییەکانـدا پێویسـتی بڕوانامـە کـەمترە. ئـەم پەیوەندییـە لـە داتاکـەدا ڕوونـە و تاقیکردنـەوەی ئامـاری قەبـارە و مانادارییەکـەی دیـاری دەکات.

٤- هەستی دابینکردنی زانیاری لەلایەن زانکۆ و گونجانی کار بە خوێندن

هەڵسەنگاندنی زانکۆ	هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بەو بوارەی کە خوێندوومە	تەنها لە بواری پسپۆڕی خۆم کارم کردووە	تا ڕادەیەک پەیوەندی بەو بوارەوە هەبووە کە خوێندوومە
بەڵێ	9.1٪	45.5٪	45.5٪
تا ڕادەیەک	12.5٪	46.9٪	40.6٪
نەخێر	62.5٪	12.5٪	25.0٪

لە گرووپی «بەڵێ» بۆ توانای زانکۆ لە دابینکردنی زانیاریی پێویستی کار، ٩٠.٩٪ کارەکانیان یان لە پسپۆڕی خۆیان بووە یان تا ڕادەیەک پەیوەندییان بە خوێندنەوە هەبووە. لە گرووپی «نەخێر»، ٦٢.٥٪ هیچ پەیوەندییەکی نێوان کار و خوێندنیان نەبووە. ئەمە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان هەستی گونجانی زانکۆ و گونجانی کار نیشان دەدات.

٥- ڕەزامەندی کار و هەستی ناسنامە و شانازی بە کار

ڕەزامەندی کار	ناسنامە ١	ناسنامە ٢	ناسنامە ٣	ناسنامە ٤	ناسنامە ٥
1	66.7٪	16.7٪	0.0٪	0.0٪	16.7٪
2	0.0٪	37.5٪	62.5٪	0.0٪	0.0٪
3	13.6٪	4.5٪	50.0٪	13.6٪	18.2٪
4	0.0٪	4.8٪	19.0٪	33.3٪	42.9٪
5	0.0٪	0.0٪	0.0٪	20.0٪	80.0٪

پەیوەندیی پلەیی سپیرمان لە نێوان ڕەزامەندی کار و هەستی ئەوەی کار بەشێک لە کەسایەتی و شانازی بێت نزیکەی ٠،٦٦ ە. لە داتاکەدا ئەمە پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەرچاو نیشان دەدات: بە گشتی کاتێک ڕەزامەندی کار بەرزتر، نمرەی ناسنامە و شانازی بە کارەوەش بەرزترە. ئەمە هەر پەیوەندییە و هۆکارییەتی ناسەلمێنێت.

ئەنجامی ئاماری : Spearman’s = 0.66، p < 0.001، N = 67.

پەیوەندییەکە ئەرێنی و بەهێزە. واتە بە گشتی، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕەزامەندی کار، نمرەی ئەو هەستەی کە کار بەشێکە لە کەسایەتی و شانازییش بەرز دەبێتەوە.

٦- ڕەگەز و ڕەزامەندی کار

ڕەگەز	ڕەزامەندی ١	ڕەزامەندی ٢	ڕەزامەندی ٣	ڕەزامەندی ٤	ڕەزامەندی ٥
مێ	٪١٥,٦	٪٩,٤	٪٣٤,٤	٪٣٤,٤	٪٦,٢
نێر	٪٢,٩	٪١٤,٣	٪٣١,٤	٪٢٨,٦	٪٢٢,٩

لە خشتەکەدا هەست بە جیاوازی ڕەگەزی دەکرێت سەبارەت بە ڕەزامەندی کار بە جۆرێک ڕەزامەندی نمرە ٥ بۆ ئافرەت لە کەمترین ئاستدایە، لە کاتێکدا ڕەزامەندی نمرە ١ بۆ ڕەگەزی مێ لە کەمترین ئاستدایە. زۆرترین ڕەزامەندی بۆ هەردوو ڕەگەز لە دەوری نمرە ٤ و ٥ کۆبۆتەوە.

٥- ئەنجام

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەکە نیشانی دەدەن کە گواستنەوەی دەرچووانی زانکۆ بۆ بازاڕی کار پرۆسەیەکی ئاسان و یەکڕەهەند نییە، بەڵکو بە کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست بە خوێندن، دەرفەتی کار، داهات، جێگیری کار و ماف و پاراستنی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر هەیە. هەرچەند بەشێکی زۆری بەشداربووان لە بازاڕی کاردا چالاکن، بەڵام ئەنجامەکان ئاماژە بە هەبوونی کێشە لە گونجانی نێوان خوێندنی زانکۆ و پێداویستییەکانی بازاڕی کار دەکەن. تەنها نزیکەی یەک لە سێی بەشداربووان لە بواری پسپۆڕی خۆیان کار دەکەن، لە کاتێکدا ٣٠٪ هیچ پەیوەندییەکی نێوان کاریان و بواری خوێندنیان نەبووە. هەروەها ٤٨٪ دەڵێن زانکۆ تەنها تا ڕادەیەک زانیاریی پێویستی بازاڕی کاری پێبەخشیون و ١٦٪ بە تەواوی لەم ڕووەوە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنییان هەیە.

ئەنجامەکان هەروەها نیشان دەدەن کە دۆزینەوەی کار بۆ دەرچووان تا ڕادەیەکی بەرچاو پشت بە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت؛ ٤٥٪ پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتییان وەک ڕێگای دۆزینەوەی کار دیاری کردووە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی پۆرتاڵی فەرمی کار تەنها ٤٪ بووە. هەروەها بەشێکی بەشداربووان دوای تەواوکردنی زانکۆ ماوەیەکی درێژیان پێویست بووە تا کار بدۆزنەوە. ئەم ئەنجامانە ئاماژە بە لاوازیی میکانیزمە فەرمییەکانی بەستنەوەی دەرچووان بە هەلی کار دەکەن.

لە ڕووی کوالێتی کارەوە، ئەنجامەکان هەندێک نیشانەی پێشێلکاری مافەکانی کاری دەخەنەڕوو. ٤٥٪ی بەشداربووان هیچ گرێبەستێکی کاریان نەبووە و ٥٨٪ هیچ دەستەبەرییەکی کۆمەڵایەتییان بۆ نەکراوە. هەروەها ٥٢٪ زیاتر لە هەشت کاتژمێر کار دەکەن و لە نێویاندا ٢٧٪ کاتژمێری زیادەی کاریان بۆ هەژمار ناکرێت. لە هەمان کاتدا، نزیکەی نیوەی بەشداربووان متمانەیان

هەیە تا کاتی ویستی خۆیان بتوانن لە کارەکەیان بەردەوام بن، بەڵام بەشێکی دیکە بەردەوامی کارەکەیان بە گرێبەست یان بارودۆخی نادڵنیاوەوە بەستراوەتەوە.

داهاتیش یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئەنجامەکان. زۆرترین گرووپی بەشداربووان، ٣٤٪، داهاتی مانگانەیان لە نێوان ٥٠٠–٧٥٠ هەزار دینارداید، لە کاتێکدا ٢٧٪ داهاتیان تەنها ٠–٣٠٠ هەزار دینارە و تەنها ١٥٪ داهاتیان لە یەک ملیۆن دینار زیاترە. لەگەڵ ئەمەدا، تەنها ٩٪ی بەشداربووان دەڵێن کارەکەیان بە ڕادەیەکی زۆر ژیانێکی شایستە و گونجاویان بۆ دابین دەکات، بەرامبەر بە ٦٠٪ کە دەڵێن تەنها تا ڕادەیەکی مامناوەند ئەو توانایەی هەیە. شیکردنەوەی ئەنجامەکان شیکردنەوەی ئەنجامەکان

شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانیش وێنەیەکی زیاتر ڕوون دەخاتەڕوو. پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان گونجانی کار بە بواری خوێندن و پێویستی بە بڕوانامە هەیە؛ ٩١.٣٪ی ئەوانەی تەنها لە پسپۆڕی خۆیان کار کردووە بەهۆی بڕوانامەی زانکۆوە وەرگیراون، بەڵام ئەوانەی کاریان هیچ پەیوەندییەکی بە خوێندنیانەوە نەبووە، ٩٠٪ وتوویانە کارەکە کاری ئاسایی بووە و بڕوانامەی پێویست نەبووە. هەروەها داتاکە پەیوەندییەکی وەسفی لە نێوان گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، هەرچەند بوونی گرێبەست بە تەنیا دەستەبەریی کۆمەڵایەتی مسۆگەر ناکات.

ڕەزامەندی لە کار تەنها بە داهاتەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بارودۆخی کار و پاراستنی کۆمەڵایەتیش پەیوەندییان پێوە هەیە. لە گرووپی ئەوانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لە هەموو کارەکان هەبووە، ٦١.٥٪ نمرەی ٤ یان ٥یان بە ڕەزامەندی کار داوە، بەرامبەر بە ٣٨.٥٪ لە نێوان ئەوانەی هیچ دەستەبەرییەکیان نەبووە. هەروەها پەیوەندیی پلەیی Spearman لە نێوان ڕەزامەندی کار و هەستی ناسنامە و شانازی بە کار نزیکەی ٠،٦٦ بووە، کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەرچاو نیشان دەدات؛ واتە لە داتاکەدا بە گشتی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕەزامەندی کار، هەستی ناسنامە و شانازی بە کارەوەش بەرزتر بووە. ئەم پەیوەندییانە نابێت وەک بەڵگەی هۆکارییەتی لێکبدرێنەوە.

لە کۆتاییدا، ئەنجامەکان بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە کێشەی دەرچووان تەنها بوون یان نەبوونی کار نییە، بەڵکو کوالێتی کاریش بابەتێکی سەرەکییە. گونجانی کار بە پسپۆڕی زانکۆ، داهاتی گونجاو، گرێبەستی کار، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کاتژمێری کار، جێگیری کار و توانای بەکارهێنانی زانیاری و لێهاتوویی زانکۆییەکان هەموویان پێکەوە وێنەی دۆخی

دەرچـووان لـە بـازاڕی کار پێکدەهێنـن. بۆیـە ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە پێویسـتی بـە سـەرنجدان نـەک تەنهـا بـە زیادکردنـی هەلـی کار، بەڵکـو بـە باشترکردنـی گونجانـی نێـوان خوێندنـی زانکـۆ و بـازاڕی کار و کوالێتـی و پاراسـتنی مافەکانـی کار دەخەنـەڕوو.

References

(DEG), D. I.-u., & (BCG), B. C. (2016). Bridging the skills gaps in developing countries: A practical guide for private-sector companies. Association of European Development Finance Institutions.

Aleksynska, M., & Kolev, A. (2021). Education-occupation mismatch in the context of informality and development. OECD Development Centre Working Papers, No. 346. OECD Publishing.

Central Statistical Organization(CSO), K. R. (2022). Iraq Labour Force Survey 2021. Baghdad & Erbil: CSO and KRSO.

Dolton, P. J., & Silles, M. A. (2008). The effects of over-education on earnings in the graduate labour market. Economics of Education Review, 27(2), 125139-.

Gammarano, R., & Perardel, Y. (2016). Education and labour markets: Analysing global patterns with the labour markets KILM. In Key indicators of the labour market: Ninth edition (pp. 2450-). Geneva: International Labour Office.

Green, A. (2019). What is Happening to Middle Skill Workers? . Paris: OECD Publishing.

ILO. (2018). Guidelines concerning measurement of qualifications and skills mismatches of persons in employment", 20th International Conference of Labour Statisticians Geneva, 1019-October 2018. Geneva: International Lbaour Organization.

ILO. (2024). Global Employment Trends for Youth 2024: Decent work, brighter futures. Geneva: International Labour Office .

Li, I. W., & Miller, P. W. (2015). Overeducation and earnings in the Australian graduate labour market: An application of the Vahey model. Education Economics, 23(1), 63–83.

McGuinness, S., Bergin, A., & Whelan, A. (2018b). Overeducation in Europe: trends, convergence, and drivers. Oxford Economic Papers, 70(4), 994–1015.

McGuinness, S., Pouliakas, K., & Redmond, P. (2018a). Skills mismatch: Concepts, measurement and policy approaches. Journal of Economic Surveys, 32(4), 9851015-.

OECD. (2024). Breaking the Vicious Circles of Informal Employment and Low-Paying Work. Paris: OECD Publishing.

Ordine, P., & Rose, G. (2017). Too Many Graduates? A Matching Theory of Educational Mismatch. Journal of Human Capital, 11(4), 423446-.

Robson, J. 2. (2023). Graduate Employability and Employment. In S. Marginson, B. Cantwell, D. Platonova, & A. Smolentseva, World, Assessing the Contributions of Higher Education: Knowledge for a Disordered (pp. 177–196). Cheltenham: Edward Elgar.

ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی هۆشیاری مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستاندا

نووسینی لەلایەن توێژەران :

م. رەنجدەر فتاح صالح

بەهرە احمد عبدالله

2 0 2 6

ناوەڕۆک

پێشەکی

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١.کێشەی توێژینەوە

٢. گرنگیی توێژینەوە

٣.ئامانجەکانی توێژینەوە

٤.پرسیارەکانی توێژینەوە

٥. گریمانەی توێژینەوە

پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان

١.زانکۆ

٢. هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران

٣. ڕۆڵی زانکۆ

٤. هۆشیاریی یاسایی

٥. سەنتەری گەشەپێدانی کار

٦.سنووری توێژینەوە

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و ئەدەبیاتی پێشوو

١. زانکۆ و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی

٢. هۆشیاریی یاسایی و مافەکانی کرێکاران

٣. زانکۆ و ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ژیانی کار

٤. پڕۆگرام و وانەکان

٥. ڕۆڵی مامۆستا

٦. چالاکییە ئەکادیمییەکان

٧. ئەزموونی پراکتیکی

٨. سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار

٩. توێژینەوەکانی پێشوو

١٠. کەلێنی توێژینەوە

بەشی سێیەم: میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوە

١.جۆری توێژینەوە
٢.کۆمەڵگەی توێژینەوە
٣.نموونە و شێوازی هەڵبژاردن
٤.ئامرازی ڕاپرسی
٥.چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە
٦.ڕێکاری کۆکردنەوەی داتا
٧.شێوازی شیکردنەوەی داتا

بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی - ئەزموونی توێژینەوەکە
خوێندکاران؛ ئەنجامەکانی ڕاپرسی (داتای چەندایەتی)
٤.١. تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەشداربووان
٤.٢. تەوەرە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە
١.٤.٢ ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران و ڕەهەندە یاساییەکانی
٢.٤.٢ سەرچاوەکانی هۆشیاریی خوێندکاران
٢.٤.٣. ڕۆڵی زانکۆ و مامۆستایان
٢.٤.٤. ئەزموونی کار و پەیوەندی بە واقیعی بازارەوە
٢.٤.٥. ئاستی کارلێک و بەشداریکردنی خوێندکاران لە چالاکیی پیشەییدا

دووەم: مامۆستایان؛ شیکردنەوەی داتاکانی چاوپێکەوتن(چۆنایەتی):
١. ئەرکی دامەزراوەیی زانکۆ
١.١. گواستنەوە لە هۆشیاری پاسیڤ بۆ هۆشیاری ڕەخنەیی
١.٢. تێگەیشتن لە مافی کار وەک (سەرمایەی یاسایی)
٢. قەیرانی ناسنامە و هۆشیاریی نیوەچڵ
٢.١. تەمومژاویبوونی نێوان زانینی ئەرک و نەناسینی ماف
٢.٢. «شۆکی ناسنامە» و ڕوانگەی چینایەتی بۆ چەمکی کرێکار
٣. پڕۆگرامەکانی خوێندن
٣.١. پەراوێزخستنی یاسای کار
٣.٢. نائامادەیی تەواوەتی لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا
٣.٣. مەرکەزیەت و ڕەقبوونی پڕۆگرامەکان
٤. بازاڕی نافەرمی و دابڕانی هاوبەشی سێقۆڵی
٤.١. کەلێنی نێوان تیۆریی ناو پۆل و واقیعی بازاڕ

٥. هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار
٥.١. کورتکردنەوەی ئامادەکاری لە «کارامەییە ڕووکەشەکاندا»
٥.٢. ڕۆڵی ئەرێنی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار
٥.٣. خشتەی چڕی کۆدەکان و تەوەرەکان

سێیەم: سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

چوارەم: یەکخستنی داتای چەندایەتی و چۆنایەتی
١.تەمتومانی هۆشیاری و «شۆکی ناسنامە»
٢.پاشەکشەی زانکۆ و باڵادەستیی فەزای مەجازی
٣. واقیعی بازاڕی ناڕێکخراو و قەیرانی ئامادەکاریی لە سەنتەرەکانی CDC
٤.پوختەی یەکخستنی داتاکان

بەشی پێنجەم: گفتوگۆ، ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە
٥.١. گفتوگۆی دۆزینەوەکان و بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشوو
٥.٢. دەرئەنجامە سەرەکییەکان
٥.٣. پێشنیاز و ڕاسپاردەکان
٥.٤. پێشنیازەکان بۆ توێژینەوەی داهاتوو

سەرچاوەکان

پێشەکی

لـە سـەردەمی ئێسـتادا، مافەکانـی مـرۆڤ و مافـە کۆمەڵایەتییـەکان بوونەتـە بابەتێکـی گرنـگ لـە نـاو کۆمەڵگاکانـی جیهانـدا، و مافەکانـی کرێـکاران یەکێکـن لـەو مافانـەی کاریگەرییەکـی ڕاستەوخۆیان هەیـە لەسـەر ژیانـی تـاک و ئاسـتی دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی. کرێـکار وەک بنەمای بەرهەمهێنـان و گەشـەی ئابـووری، پێویسـتی بـە پاراسـتنی مافەکانـی هەیـە، وەک مافـی مووچـەی گونجـاو، دیاریکردنـی کات و کاتژمێرەکانـی کار، مافـی پشـوو، سـەلامەتی پیشـەیی و ژینگـەی کاری گونجـاو. بۆیـە بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری تاکـەکان، بـە تایبەتـی گەنجـان و خوێنـدکاران، دەربـارەی ئـەم مافانـە گرنگییەکـی زۆری هەیـە.

زانکـۆ و دامـەزراوە ئەکادیمییەکان وەک ناوەندی دروسـتکردنی هۆشـیاری و زانیـاری، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینـن لـە ئاراسـتەکردنی بیرکردنـەوەی خوێنـدکاران و ئامادەکردنیـان بـۆ ژیانـی کار و کۆمەڵایەتی. زانکـۆ دەتوانێـت لـە ڕێگـەی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن، سـیمینار، چالاکییـە ڕۆشـنبیرییەکان و ڕاهێنانـەکان، هۆشـیاری خوێنـدکاران لەبـارەی مـاف و ئەرکەکانیـان بـەرز بکاتـەوە. لـە هەرێمـی کوردستانیشـدا، لەگـەڵ فراوانبوونـی دامەزراوەکانـی خوێندنـی بـاڵا و چوونەنـاو بـازاڕی کار، پێویسـتە سـەرنج لـە ڕۆڵـی زانکـۆکان لـە ناسـاندنی مافەکانـی کرێـکاران بدرێـت.

لـەو ڕوانگەیـەوە، ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات ڕۆڵی زانکـۆ لە گەشـەپێدانی هۆشـیاری مافەکانی کرێـکاران لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ڕوون بکاتـەوە و ئاسـتی زانیـاری خوێنـدکاران، شـێوازەکانی هۆشـیارکردنەوە، و بەگشـتی دەرفـەت و ئاسـتەنگەکان دیـاری بـکات. هەروەهـا توێژینەوەکـە دەتوانێـت بناغەیـەک بێـت بـۆ پێشـنیازکردنی ڕێـکار و سیاسـەتە گونجـاوەکان بـۆ بەهێزکردنـی ئـەو ڕۆڵـەی زانکـۆکان لـە داهاتـوودا.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١.کێشەی توێژینەوە

سـەرەڕای ئـەوەی زانکـۆ دەتوانێـت ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە پەرەپێدانـی هۆشـیاریی خوێنـدکاران سـەبارەت بـە مافەکانیـان لـەدوای دەرچـوون و ژیانـی کار ببینێـت، بـەڵام ڕوون نییـە تـا چەنـد ئـەم ڕۆڵـە لـە پڕۆگرامەکانـی خوێنـدن، ڕۆڵـی مامۆسـتایان، چالاکییـە ئەکادیمییـەکان، ئەزموونـی پراکتیکـی و سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کاردا بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو بوونـی هەیـە و تـا چەنـد ئـەوەش لـە ئاسـتی هۆشـیاریی خوێندکارانـدا بەرجەسـتە دەبێتـەوە.

٢. گرنگیی توێژینەوە

ئەلف. گرنگیی توێژینەوەکە لەڕووی تیۆرییەوە:

١.کەمبوونی توێژینەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر پەیوەندیی زانکۆ و هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان.

٢.بەیەکەوەگرێدانی ئەدەبیاتی زانکۆ و هۆشیاریی یاسایی بە بابەتی مافەکانی کرێکاران.

با. گرنگیی توێژینەوەکە لەڕووی کردارییەوە

١.هاوکاریکردنی زانکۆکان بۆ باشترکردنی پڕۆگرام و چالاکییەکان.

٢.بەهێزکردنی ئامادەسازی خوێندکاران بۆ بازاڕی کار.

٣.باشترکردنی ڕۆڵی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا.

٣.ئامانجەکانی توێژینەوە

١.هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران سەبارەت بە مافەکانی کرێکاران.

٢.دیاریکردنی سەرچاوەکانی هۆشیاریی قوتابیان لەبارەی مافەکانی کرێکاران و ڕۆڵی زانکۆ لە دروستکردنی ئەو هۆشیارییەدا.

٣.شیکردنەوەی ڕۆڵی پڕۆگرامەکانی خوێندن و ڕۆڵی مامۆستایان لە گواستنەوەی زانیاریی پێوەست بە مافەکانی کرێکاران.

٤.هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی چالاکییە ئەکادیمییەکان، ئەزموونی پراکتیکی و سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکاندا.

٥.پێشنیازکردنی ڕێوشوێن بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران.

٤.پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا تا چەند و لە چ ڕێگەیەکەوە بەشداری لە گەشەپێدانی هۆشیاریی خوێندکاران سەبارەت بە مافەکانی کرێکاران دەکات؟

هەروەها، چەند پرسیارێکی لاوەکییش هەن:

١.ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران سەبارەت بە مافەکانی کرێکاران چۆنە؟

٢.سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاریی خوێندکاران سەبارەت بە مافەکانی کرێکاران چین؟

٣.پڕۆگرام و وانەکانی زانکۆ تا چەند ئەم بابەتە لەخۆدەگرن؟

٤.مامۆستایان تا چەند و بە چ شێوەیەک بابەتی مافەکانی کرێکاران لە وانە و گفتوگۆی

ئەکادیمیـدا دەوروژێنـن؟
٥.چالاکییـە ئەکادیمییـەکان و ئەزموونـی پراکتیکـی تـا چەنـد دەرفـەت بـۆ فێربـوون و تێگەیـشتن لـەم مافانـە دروسـت دەکـەن؟
٦.خوێندکاران تـا چەنـد لـە سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار ئـاگادارن و بەشـداریی چالاکییەکانیـان کردووە؟
٧.مامۆستایان و دەرچـووان چـۆن ڕۆڵـی زانکـۆ لـە ئامادەکردنـی خوێندکار بـۆ ناسـینی مافەکانـی خۆیـان دەبینـن؟

٥. گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە دامـەزراوە کـە پڕۆگرامەکانـی خوێنـدن، ڕۆڵـی مامۆسـتایان، چالاکییـە ئەکادیمییـەکان، ئەزموونـی پراکتیکـی و سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار دەتوانـن کەناڵـی سـەرەکیی زانکـۆ بـن بـۆ پەرەپێدانـی هۆشـیاریی خوێنـدکاران سـەبارەت بـە مافەکانـی کرێـکاران. توێژینەوەکـە هـەوڵ دەدات بزانێـت ئـەم کەناڵانـە لـە ئەزموونـی خوێنـدکاران و بۆچوونـی مامۆسـتایاندا تـا چەنـد بوونیـان هەیـە و چـۆن کار دەکـەن.

پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان

١.زانکۆ

لـە چوارچێـوەی ئـەم توێژینەوەیـەدا، زانکـۆ تەنهـا وەک دامەزراوەیەکـی فێـرکاری ناناسرێـت، بەڵکو ژینگەیەکـی پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتییـە کـە خوێنـدکار تێیـدا لـە ڕێگـەی وانـەکان، مامۆسـتایان، چالاکییـە ئەکادیمییـەکان و ئەزموونـی پراکتیکییـەوە بـۆ ژیانـی کار و کۆمەڵایەتـی ئامـادە دەکرێت.

٢. هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران

مەبەسـت لـە هۆشـیاریی مافەکانـی کرێـکاران ئـەو ئاسـتە لـە زانیـاری و تێگەیشـتنە کـە تـاک لەبـارەی مـاف و ئەرکەکانـی خـۆی وەک کرێـکار و خاوەنـکار، مـەرج و کاتژمێرەکانـی کار، مووچـە و پشـووەکان، سـەلامەتیی پیشـەیی و ڕێگاکانـی داواکردنـی مافەکانـی کار هەیـە.

٣. ڕۆڵی زانکۆ

مەبەسـت لـە ڕۆڵـی زانکـۆ لـەم توێژینەوەیـەدا، ئـەو ڕێگایانەیـە کـە زانکـۆ بەهـۆی پڕۆگـرام و وانـەکان، ڕۆڵـی مامۆسـتایان، چالاکییـە ئەکادیمییـەکان، ئەزموونـی پراکتیکـی و سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کارەوە، دەرفەتـی فێربـوون و هۆشـیاربوونەوەی خوێنـدکار لەبـارەی ژیانـی کار و مافەکانـی دەڕەخسـێنێت.

٤. هۆشیاریی یاسایی

لەم توێژینەوەیەدا، هۆشیاریی یاسایی بە واتای ئاگاداریی تاک لەو یاسا و ڕێسایانە دێت کە ماف و ئەرکەکانی لە ژینگەی کاردا دیاری دەکەن.

٥. سەنتەری گەشەپێدانی کار

دامەزراوە یان ناوەندێکە لە زانکۆ کە خزمەتگوزارییەکانی وەک ڕاهێنان، ڕاوێژکاری پیشەیی، ئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتنی کار، مەشق و پەیوەندی بە بازاڕی کار بۆ خوێندکاران دابین دەکات.

٦.سنووری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بابەتەوە سنووردارە بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی هۆشیاریی خوێندکاران بەرانبەر مافەکانی کرێکاران، بە تایبەتی لە ڕێگەی پڕۆگرام و وانەکان، مامۆستایان، چالاکییە ئەکادیمییەکان، ئەزموونی پراکتیکی و سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکاندا.

لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوەوە، توێژینەوەکە خوێندکاران و ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ و بەشێک لە ئەزموونی دەرچووان دەگرێتەوە. لە ڕووی شوێنەوە، توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و داتاکانی بەشی مەیدانی لە ماوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە کۆکراونەتەوە. لەو چوارچێوەیەدا خوێندکاران لەڕێگەی فۆڕمی پرسیارنامەوە (١٤٠ نموونە لە زانکۆکانی حکومی و تایبەت) و مامۆستایانی زانکۆ لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە (نۆ مامۆستا) و کارمەندێکی دەرچووی زانکۆ وەک کەیس وەرگیراوە.

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و ئەدەبیاتی پێشوو

١.زانکۆ و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی

زانکۆ لە دامەزراوە پەروەردەییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخە و ئەرکەکەی تەنها گواستنەوەی زانیاری و دروستکردنی پسپۆڕی نییە. لەگەڵ پەرەپێدانی توانای زانستی و پیشەیی، ژینگەی زانکۆ دەتوانێت بەشداری لە پەرەپێدانی هەڵوێست، بەرپرسیارێتی و تێگەیشتن لە ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بکات. یونسکۆ لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتن لە پەروەردە دەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی نوێی کۆمەڵایەتی و بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوبەشی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بێت.[1]

---

١ . International Labour Organization; https://www.ilo.org/resource/ilo-declarations?utm_source=chatgpt.com.

لـه ڕوانگـەی پەروەردەییـەوە، «فرایـر» زانیـن بـه پرۆسـەیەکی چـالاک و گفتوگۆیـی دەبینێـت، نـەک تەنیـا گواسـتنەوەی زانیـاری لـه مامۆسـتاوە بـۆ خوێنـدکاران. بـەم پێیـە، خوێندنـی بـاڵا دەتوانێـت بواریـک بێـت بـۆ پەرەپێدانـی توانـای خوێنـدکاران بـۆ تێگەیـشتن لـه کێشـەکانی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و هەڵوێسـتەوەرگرتن لـه بەرانبەریـان. لـه تۆژینەوەیەکـی عێراقییـش، نرجـس و سـلێمان هەڵوەسـتەیان لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان ڕۆڵـی زانکـۆ و هۆشـیاریی خوێنـدکاران بەرانبـەر مافـه مرۆییـه کۆمەڵایەتـی و کەلتوورییـەکان کـردووە و کۆمەڵێـک لـه کۆسـپەکانی بـەردەم ئـەم ڕۆڵەیـان دیاریکـردووە.[2]

بـەم شـێوەیە، لـه چوارچێـوەی ئـەم تۆژینەوەیـەدا، ڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی زانکـۆ گرنگییەکـەی لەوەدایـه کـه چـۆن ژینگـەی زانکـۆ دەتوانێـت خوێنـدکار بـۆ ژیانـی پیشـەیی و ناسـینی مـاف و ئەرکەکانـی ئامـادە بـکات.

٢. هۆشیاریی یاسایی و مافەکانی کرێکاران

هۆشـیاریی یاسـایی لـه بـواری کاردا تەنیـا زانینـی نـاوی یاسـا یـان مـاددە یاسـاییەکان نییـە، بەڵکـو تێگەیشـتنە لـه مـاف و ئەرکـه سـەرەکییەکان و توانـای ناسـینەوەی ئـەوەی کـه چـۆن ئـەم مافانـه لـه ژیانـی کاریـی ڕاسـتەقینەدا دەپارێزرێـن یـان جێبەجـێ دەکرێـن. لـه چوارچێـوەی مافـه بنەڕەتییەکانـی کار، ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی کار(ILO) پێنـج بنەمـای سـەرەکی دیـاری دەکات: ئازادیـی ڕێکخراوبـوون و مافـی خۆڕێکخـستن و گفتوگـۆی کۆمەڵایەتـی، کۆتاییهێنـان بـه کاری زۆرەملـێ، نەهێشـتنی کارکردنـی منـداڵان، نەهێشـتنی جیـاکاری لـه کار و پیشـه، و ژینگـەی کاری سـەلامەت و تەندروسـت [3]

لەبـەر ئـەوە، هۆشـیاریی مافەکانـی کرێـکاران لـەم تۆژینەوەیـەدا بـه زانیـاری و تێگەیـشتن لـه مافـه بنەڕەتییەکانـی کار، مەرجەکانـی کار، ئەرکەکانـی کار و خاوەنـکار، و ڕێگاکانـی پـاراستن و داواکاریـی مافـەکان گرێـدراوە.

٣. زانکۆ و ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ژیانی کار

پەیوەندیـی زانکـۆ و ژیانـی کار لـه سـاڵانی ڕابـردوودا تەنیـا بـه دۆزینـەوەی هەلـی کار بـۆ دەرچـووان نەماوەتـەوە، بەڵکـو ئامادەکردنـی خوێنـدکار بـۆ گواسـتنەوە لـه پـەروەردەوە بـۆ بـازاڕی کار بووەتـه بەشـێک لـه ئەرکەکانـی خوێندنـی بـاڵا. ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی کار گواسـتنەوە لـه خوێندنـەوە بـۆ کار بـه پرۆسـەیەک دەزانێـت کـه ئامادەکاریـی پەروەردەیـی، گواسـتنەوە بـۆ کار

٢ . نجرس، عبد المنعم علي، وعهود عبد الرزاق سلمان. ٢٠١٥. «دور الجامعة في التوعية بحقوق الإنسان الاجتماعية والثقافية لدى الطلبة.» مجلة كلية التربية للبنات ٢٦، عدد ٢: ١١٠-١٢٦.

٣ . Ilo, Fundamental Principles and Rights at Work, https://www.ilo.org/topics-and-sectors/fundamental-principles-and-rights-work?utm_source=chatgpt.com.

و دەرئەنجامەکانی بازاڕی کار لەخۆ دەگرێت. لەم پرۆسەیەدا زانیاری، لێهاتوویی و تواناکانی کارکردن گرنگن[4].

لە چوارچێوەی سەرمایەی مرۆییش، خوێندن و ڕاهێنان وەک وەبەرهێنان لە توانای مرۆڤ سەیر دەکرێن کە دەتوانن توانای بەرهەمهێنان و هەلی بەشداری لە بازاڕی کار زیاد بکەن[5]. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا، ئامادەکردنی خوێندکاران تەنیا بە لێهاتوویی پیشەیی سنووردار ناکرێت، بەڵکو ناسینی مافەکانی و تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی کار بەشێک لە ئامادەکارییەکە پێکدەهێنێت.

٤. پڕۆگرام و وانەکان

پڕۆگرام و ناوەڕۆکی وانەکان یەکێکن لە ڕێگاکانی گواستنەوەی زانیاری و دروستکردنی هۆشیاری لە زانکۆدا. ئەگەر بابەتە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ، مافە کۆمەڵایەتییەکان و مافەکانی کرێکاران لە وانەکاندا بە ڕوونی جێگیر بکرین، خوێندکار دەتوانێت پێش چوونە ناو بازاڕی کار لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی کار تێبگات.

بەڵام بوونی بابەتێک لە پڕۆگرامدا بە تەنیا بەڵگەی دروستبوونی هۆشیاری نییە. جۆری ناوەڕۆک، شێوازی پێشکەشکردن و پەیوەندییەکەی بە واقیعی ژیانی کار هەموو ئەوانە گرنگن. توێژینەوەیەک دەریخستووە کە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی پەروەردەی مافەکانی کار پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە هۆشیاریی مافەکانی کارەوە هەیە و کاریگەریی پەروەردە لەگەڵ جۆری پەیوەندی و بەشداریی خوێندکار گرێدراوە([6]).

جێگیرکردنی وانەی تایبەت بە مافەکانی کرێکاران لە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی خوێندندا، یەکێک لە میکانیزمە ڕێکخراو و کاریگەرەکانی زانکۆیە بە ئاراستەی گەشەپێدانی هۆشیاریی خوێندکاران لەمەڕ مافەکانی کرێکاران.

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لە باسی خوێندنی مادەیەکی وەک یاسای کار بەتایبەت لە بەشەکانی یاسا و کارگێڕی یاسا و بەشە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا، دەبێت ئەو ڕاستییە بەرچاو بێت، کە هەبوونی مادەی یاسای کار وەک وانەیەکی خوێندن بە هیچ شێوەیەک هاوتا نییە لەگەڵ هەبوونی مادەیەک بۆ هۆشیاریی ماف. کاتێک یاسای کار وەک نموونەی دەقێکی یاسایی لە بەشەکانی یاسادا دەخوێنرێت، ئامانجەکەی بریتییە لە فێربوونی خودی یاسا و شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان،

٤ Ilo, https://www.ilo.org/resource/news/challenges-and-opportunities-school-work-transition?utm_source=chatgpt.com.

٥ Becker, Gary S. ١٩٩٣. Human Capital: A Theoretical and Empirical Analysis, with Special Reference to Education. ٣rd ed. Chicago: University of Chicago Press.

٦ Jung, Yi-hwa. ٢٠٢٤. “Path Analysis between Perception of Labor Rights Education Experience and Labor Rights Awareness.” Korean Education ٣٤–٥ :(٢) ٥١.

بەو جۆرەیش ڕێبازی خوێندنەکە زیاتر تیۆری و یاساییە. بەگشتی ئامانجەکە ئەوەیە کە قوتابی بتوانێت وەک پارێزەر، دادوەر یان مامۆستایەک لە بەشی یاسا کار بکات. لەبەر ئەوە خوێندنی یاسای کار، بە مانای خوێندنی مافەکانی کار و کرێکاران بە ئامانجی هۆشیاریی بۆ دەرچووان لە بازاڕی کاردا نییە. کاتێک یاسای کار بە ئامانجی دروستکردنی ئەو هۆشیارییە دەخوێنرێت یان دەخرێتە پێشەوە، ئامانجە سەرەکییەکەی بریتی دەبێت لە زیادکردنی زانیاری و هۆشیاری دەرچووان دوای ئەوەی دەچنە بازاڕی کارەوە. لەو شێوازەدا، هەڵوەستە دەکرێت لەسەر مافی مووچە، کاتی کار، مۆڵەت، بیمە، سەلامەتی کرێکار، ڕێگەکانی بەرزکردنەوەی سکاڵا و گرێبەستی کار و ... هتد. واتە ئامانجەکە ئەوەیە دەرچووان بتوانن مافەکانیان بزانن و لە کاتی چوونە ناو بازاڕی کار پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

٥. ڕۆڵی مامۆستایان

مامۆستا لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پڕۆگرامدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. ئەوەی بابەتێک لە پڕۆگرامدا هەیە، بە تەنیا دیاری ناکات کە خوێندکار چەند لێی تێدەگات. بەڵکو شێوازی ڕوونکردنەوە، گفتوگۆ، بەکارهێنانی نموونەی واقیعی و هاندانی خوێندکار بۆ پرسیارکردن دەتوانن جیاوازی دروست بکەن.

لە توێژینەوەی عەساف (٢٠٢٣) لەبارەی ڕۆڵی زانکۆ لە پەروەردەی یاسایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، جەخت لەوە کراوەتەوە کە هەوڵی مامۆستا گرنگە، بەڵام کاریگەریی ژینگەی دەرەوە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەشێت ئەم ڕۆڵە سنووردار بکات. توێژینەوەکە هەروەها پێشنیازی تێکەڵکردنی بەها و بنەماکانی مافە مرۆییەکان لەگەڵ چالاکییەکانی گرێدراو بە پڕۆگرامەکان لە هەموو پسپۆڕییەکاندا دەکات([7]).

مامۆستایان دەتوانن لە چوارچێوەی وانە و بابەتەکانیاندا هەڵوەستە لەسەر مافەکانی کرێکاران بکەن. بەو جۆرە، وروژاندنی پرسی کار و کرێکاران و مافەکانیان لەلایەن مامۆستایانەوە، دەبێت بە یەکێک لە ڕێوشوێنەکانی دروستکردنی کاریگەری لەسەر هۆشیاریی خوێندکاران لەمەڕ مافەکانی کرێکاران بەگشتی.

لەبەر ئەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بۆ زانینی بۆچوونیان نییە، بەڵکوو دەتوانێت ئەوەش ڕوون بکاتەوە کە لە ناو زانکۆدا ئەم پرۆسەیە چۆن بەڕێوەدەچێت و کام کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم مامۆستایاندا هەیە.

٦. چالاکییە ئەکادیمییەکان

هۆشیاری تەنیا لە ناو وانە و پۆلدا دروست نابێت. سیمینار، وۆرکشۆپ، گفتوگۆی زانستی، کۆنفرانس، پڕۆژەی خوێندکاران و چالاکییە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی کار بەگشتی دەتوانن

٧ . احمد، محمود عساف. ٢٠٢٣. «تفعيل دور الجامعات في التثقيف القانوني بحقوق الإنسان كمدخل لتحقيق السلم الاجتماعي». آفاق للعلوم ٨ (٣): ٨٤١-٨٥٠.

بواریـک بـۆ بەسـتنەوەی زانیاریـی تیـۆری بـە کێشـە و ئەزموونـی ڕاسـتەقینە دابیـن بکـەن. بەتایبەتـی گفتوگـۆ لەگـەڵ پسـپۆڕانی یاسـای کار، نوێنەرانـی کرێـکاران و خاوەنـکاران دەشـێت تێگەیشـتنی خوێنـدکاران لـە پەیوەندیـی نێـوان یاسـا و پراکتیـک فـرەوانتر بـکات.

ئـەم بـواره لـە ئەدەبیاتـی پێشـوو بـە هـۆی ئـەوەوە گرنگـە کـە پـەروەردەی مافەکانـی کار کاتێـک کاریگەریـی زیاتـری هەیـە کـە خوێنـدکار تەنیـا وەرگـری زانیـاری نەبێـت، بەڵکـو بەشـداریی چالاک و گفتوگۆیـی هەبێـت. جانـگ بـە تایبەتـی جەخـت لـە کاریگەریـی کوالێتیـی پەیوەنـدی و گفتوگـۆ لـە پرۆسـەی پـەروەردەی مافەکانـی کار دەکات([8]).

٧. ئەزموونی پراکتیکی

ئەزموونـی پراکتیکـی ڕێگایەکـە بـۆ گواسـتنەوەی فێربـوون لـە ئاسـتی تیۆرییـەوە بـۆ ژیانـی کار. خوێنـدکار لـە ڕێگـەی مەشـق، ڕاهێنـان و ئەزموونـی شـوێنی کارەوە دەتوانێـت چەمکەکانـی پەیوەندیـدار بـە گرێبەسـتی کار، مەرجەکانـی کار، مووچـە، کاتژمێرەکانـی کار و سـەلامەتیی پیشـەیی لـە ژیانـی ڕاسـتەقینەدا ببینێـت.

ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی کار ئامـاژە بـەوە دەکات کە گواسـتنەوەی سـەرکەوتووانە بـۆ کار پەیوەندی بـە پـەروەردە، توانـاکان و ئەزموونـی پەیوەندیـدار بـە کارەوە هەیـە. هەروەهـا لێکۆڵینـەوەی ڕێکخراوەکـە لەبـارەی تێکەڵکێشـکردنی خوێنـدن و کار نیشـانی داوە کـە ئەزموونـی کارکـردن لەگـەڵ خوێنـدن دەتوانێـت لـە هەندێـک هەلومەرجـدا بـە گواسـتنەوەی گەنجـان بـۆ بـازاڕی کار پێوەسـت بێـت([9]).

لەبـەر ئـەوە، ئەزموونـی پراکتیکـی لـەم تۆێژینەوەیـەدا وەک تەواوکـەری پڕۆسـەی فێربـوون سـەیر دەکرێـت، نـەک وەک جێگـرەوەی پـەروەردەی تیـۆری. ئەگـەر ئامانجـی زانکـۆ تەنیـا دابینکردنـی زانیـاری نەبێـت، بەڵکـوو ئامادەکردنـی خوێنـدکار بێـت بـۆ ژیانـی کار، ئەوکاتـە فێربوونـی پراکتیکی گرنگییەکـی تایبەتـی دەبێـت. خوێنـدکار لـە ڕێگـەی مەشـق و ئەزموونـی پراکتیکییـەوە دەتوانێـت ببینێـت پەیوەندیـی کار لـە ژیانـی ڕاسـتەقینەدا چـۆن کار دەکات.

٨. سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار

سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار لـە زانکۆکانـدا پردێکـن بـۆ نزیککردنـەوەی خوێنـدکاران لـە بـازاڕی کار. خزمەتگوزارییەکانیـان دەتوانێـت ڕاوێـژکاری پیشـەیی، نووسـینی سـی ڤـی، ئامـادەکاری بـۆ چاوپێکەوتنـی کار، ڕاهێنـان، مەشـق و پەیوەندیکـردن بـە دامەزراوەکانـی کار و گەشـەپێدانی

٨ . Jung, Yi-hwa. ٢٠٢٤. “Path Analysis between Perception of Labor Rights Education Experience and Labor Rights Awareness.” Korean Education ٣٤–٥ :(٢) ٥١.

٩ Ilo, https://www.ilo.org/resource/news/challenges-and-opportunities-school-work-transition?utm_source=chatgpt.com.

هۆشیاریی مافەکانی کار و کرێکاران لەخۆ بگرێت.
لە هەرێمی کوردستانیش زانکۆکان بەگشتی سەنتەریان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندووە. بەپێی بەڵگەنامە و ماڵپەڕەکانی ئەو سەنتەرانەی لە توێژینەوەکەدا پشکنراون، خزمەتگوزارییەکان زیاتر لەسەر ئامادەکردنی خوێندکار بۆ بازاڕی کار و گەشەپێدانی تواناکانی پیشەیی چڕ بوونەتەوە.
لە هەمان کاتدا، سەنتەرەکان دەتوانن کەناڵێکی فرەوانتر بۆ ناساندنی مافەکانی کرێکاران بن، بە تایبەتی ئەگەر ڕاهێنان و ڕاوێژکارییەکانیان تەنیا لەسەر دۆزینەوەی کار نەبێت و بابەتەکانی وەک گرێبەستی کار، مافی مووچە، سەلامەتیی کار و میکانیزمەکانی داواکاریی مافەکانیش بگرێتەوە. لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٦دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لەگەڵ بەشەکانی کار و کۆمەڵایەتی، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار و هەندێک زانکۆ دەستی بە بەرنامەی ڕاوێژکاریی پیشەیی بۆ خوێندکاران و گەڕان بەدوای کاردا کردووە کە ناسینی مافەکانی کار ناوەڕۆکەکەی پێکدەهێنێت([10]).

٩. ئەدەبیاتی پێشوو

زانکۆ لە سەردەمی نوێدا تەنها دامەزراوەیەکی فێرکاری نییە، بەڵکو یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی هۆشیاری، ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی تاک و ئامادەکردنی سەرمایەی مرۆیی بۆ بەشداریی کارا لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا دەگێڕێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی پەروەردەوە، زانکۆ وەک یەکێک لە دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن ناسراوە، چونکە لەگەڵ گواستنەوەی زانیاریی ئەکادیمی، بەها، هەڵوێست، بەرپرسیارێتی و هۆشیاریی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکاران دەگوازێتەوە. بۆیە زۆرێک لە بیرمەندانی پەروەردە پێیان وایە ئەرکی زانکۆ لە سنووری فێرکردنی پسپۆڕییەوە تێدەپەڕێت و دەبێت ببێتە ژینگەیەک بۆ پەروەردەکردنی هاوواڵتییەکی هۆشیار، بەرپرسیار و ئاگادار لە ماف و ئەرکەکانی([11]).
لە چەند دەیەی ڕابردووەوە، گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکان، چەمکی «ئامادەکردنی دەرچوو»یان لە زانکۆکاندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕیوە. ئەگەر پێشتر سەرکەوتنی زانکۆ بە ژمارەی دەرچووان پێوانە دەکرا، ئەمڕۆ یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکان بریتییە لە ئاستی ئامادەیی دەرچووان بۆ بازاڕی کار، توانای بڕیاردان، چارەسەرکردنی کێشە، هۆشیاریی یاسایی و توانای پاراستنی مافەکانیان. لەبەر ئەوە، زانکۆکان لە زۆرێک لە وڵاتان بەرنامەکانیان بە ئاراستەی گەشەپێدانی تواناسازی بۆ بازاڕی کار، هۆشیاری یاسایی و

١٠ ILO, https://www.ilo.org/resource/news/ilo-launches-career-guidance-and-counselling-campaign-٧٥٠-university?utm_source=chatgpt.com.

١١ Freire, Paulo. ١٩٧٠. Pedagogy of the Oppressed. New York: Continuum.

بەرپرسیارێتیی مەدەنی نوێکردووەتەوە[12].

هۆشیاریی یاسایی، کە بەشێکی سەرەکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە، بریتییە لە تێگەیشتنی تاک لە یاساکان، ماف و ئەرکەکانی و شێوازی بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا. لە ژینگەی زانکۆدا، ئەم هۆشیارییە تەنها لە ڕێگەی وانەی ئەکادیمییەوە بەدی نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی سیمینار، وۆرکشۆپ، گفتوگۆی ئەکادیمی، چاودێریکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکانیش گەشە دەکات. لەبەر ئەوە، زانکۆ دەتوانێت ببێتە شوێنێک بۆ پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی و ڕەخنەی دروست، کە بنەمای هۆشیاری یاسایی و ئاگاداری لە مافەکان پێکدەهێنن[13]).

هەندێک لە توێژەران جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە زانکۆ دەتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاریی یاسایی و مافەکانی مرۆڤ هەبێت. لە توێژینەوەی عەبدولمنعم عەلی و عهوود عەبدولڕەزاق سەلمان(٢٠١٥)، کە لەسەر ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆکانی عێراق ئەنجام دراوە، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە زانکۆ، بە تایبەتی لە ڕێگەی مامۆستا، چالاکییە دەرەکییەکان و ژینگەی ئەکادیمی، دەتوانێت ئاستی هۆشیاریی مافی مرۆڤ و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی خوێندکاران بەرز بکاتەوە. بەڵام، ئەگەر ئەم چالاکییانە لەگەڵ پڕۆگرامەکانی خوێندن هاوتەریب نەبن، کاریگەریی زانکۆ سنووردار دەبێت[14]).

هاوکات سەرحەد محەمەد سەمین(٢٠١٧) لە توێژینەوەیەکدا و بە نموونەوەرگرتن لە زانکۆی گەرمیان بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە زانکۆ لە سەر هەر سێ ئاستی وانەکان، چالاکییەکان و مامۆستایان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پەرەپێدانی هۆشیاری لەبارەی مافەکان بەگشتی و لەوڕووەیشەوە توێژەر بە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی گەیشتووە لە توێژینەوەکەی خۆیدا[15]).

مەحموود عەساف(٢٠٢٣) لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە ڕۆڵی زانکۆکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لە وڵاتانی عەرەبی، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی زانکۆکان هێشتا ماف و یاسا وەک بابەتێکی تەواو پەروەردەیی ناناسن، بەڵکو زۆرجار تەنها وەک بابەتێکی ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە ڕوانگەی توێژەرەوە، زانکۆ کاتێک دەتوانێت هاوواڵتییەکی هۆشیار پەروەردە بکات کە هۆشیاریی یاسایی و مافی مرۆڤ ببێتە بەشێکی بنەڕەتی لە ژیانی زانکۆیی، نەک تەنها لە ناو پۆلەکانی خوێندنـدا[16].

بە هەمان شێوە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا جەختیان لەسەر

١٢ UNESCO. ٢٠٢١. Reimagining Our Futures Together: A New Social Contract for Education. Paris: UNESCO

١٣ Freire, Paulo. ١٩٧٠. Pedagogy of the Oppressed. New York: Continuum.

١٤ نجرس، عبد المنعم علي، وعهود عبد الرزاق سلمان. ٢٠١٥. «دور الجامعة في التوعية بحقوق الإنسان الاجتماعية والثقافية لدى الطلبة.» مجلة كلية التربية للبنات ٢٦، عدد ٢: ١١٠-١٢٦.

١٥ . سەرحەد محەمەد سەمین، ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوواڵتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٧: ٣٦٩-٣٩٤.

١٦ احمد، محمود عساف. ٢٠٢٣. «تفعيل دور الجامعات في التثقيف القانوني بحقوق الإنسان كمدخل لتحقيق السلم الاجتماعي». آفاق للعلوم ٨ (٣): ٨٤١-٨٥٠.

ئەوە کردووەتەوە کە زانکۆکان پێویستە لەگەڵ فێرکردنی پسپۆڕیی، لێهاتوواییەکانی ژیان، هۆشیاریی یاسایی، بەهاکانی دیموکراسی و ئامادەسازی بۆ بازاڕی کاریش گەشە پێبدەن. ئەم ڕوانگەیە بە تایبەتی لەلایەن ڕێکخراوەکانی وەک UNESCO و OECD پشتیوانی لێ کراوە، کە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان خوێندنی باڵا، بەشداریی مەدەنی و ئامادەیی بۆ ژیانی پیشەیی دەکەن)[17].

لەو چوارچێوەیەدا، هۆشیاری مافەکانی کرێکاران بە یەکێک لە بنەڕەتیترین چەمکەکانی پەیوەندیدار بە کاری شایستە دادەنرێت. مەبەست لەم چەمکەیش تەنها زانینی دەقی یاساکان نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لە ماف و ئەرکە یاساییەکان، ناسینی میکانیزمەکانی پاراستنی ماف، و توانای بەکارهێنانی ئەو مافانە لە ژیانی پیشەییدا. لەبەر ئەوە، هۆشیاری مافەکانی کرێکاران بەشێکە لە هۆشیاری یاسایی و مەدەنی کە تاک ئامادە دەکات بۆ بەشداریی بەرپرسیارانە لە بازاڕی کار و پەیوەندییەکانی کارکردن [18]

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کاریش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاراستنی مافەکانی کار تەنها بە یاسادانان بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستی بە گەشەپێدانی هۆشیاری و پەروەردەی بەردەوامی کرێکاران هەیە، بە تایبەتی پێش چوونە ناو بازاڕی کار([19]). لەبەر ئەوە، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکان بۆ پەروەردەکردنی ئەم هۆشیاریی دادەنرێن.

هەندێک لە توێژینەوەکانی دیکە، پشتگیری لە بانگەشەکانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەو مانایەی تاک تەنها لە ڕێگەی کتێب و وانەوە فێر نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی بینین، بەشداریکردن، ئەزموونی پراکتیکی و هەڵسوکەوتی کەسانی دیکەوە فێر دەبێت. لە ژینگەی زانکۆدا، وۆرکشۆپ، سیمینار، گفتوگۆ، چاوپێکەوتنی خاوەنکاران و پڕۆگرامی مەشقکردن میکانیزمەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتین و دەتوانن هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران بە شێوەیەکی کاریگەر پەرەپێبدەن.

بەگوێرەی توێژینەوەی یون نۆح و ئی- هوا جۆنگ(٢٠٢٣)، خوێندکارانی بەشداربوو لە بەرنامەکانی فێرکردنی مافەکانی کار، لە خوێندکارانی بەشداری نەکردوو ئاستێکی بەرزتری هۆشیاری و توانای بەرگری لە مافەکانیان هەبووە. هەروەها، ئەوان دەریانخستووە کە زانیاریی تیۆری بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو تێکەڵکردنی خوێندکاران بە ئەزموونی پراکتیکی و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ کاریگەریی زیاتری هەیە([20]).

١٧ UNESCO. ٢٠٢١. Reimagining Our Futures Together: A New Social Contract for Education. Paris: UNESCO.

١٨ International Labour Organization (ILO). ٢٠٢٤. World Employment and Social Outlook: Trends ٢٠٢٤. Geneva: International Labour Organization.

١٩ International Labour Organization (ILO). ٢٠٢٤. World Employment and Social Outlook: Trends ٢٠٢٤. Geneva: International Labour Organization

٢٠ . Yoon, Noah, and Yi-hwa Jung. ٢٠٢٣. “An Exploratory Study on the Factors Influencing Labor Rights

بـه هەمـان شـێوە، توێژینـەوەی دواتـری جۆنـگ(٢٠٢٤) دەریخسـتووە کـە ئاسـتی هۆشـیاریی مافەکانـی کرێـکاران بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە جـۆر و کوالێتیـی ئـەو فێرکارییانـەوە هەیـە کـە خوێنـدکاران پێـش هاتنـە نـاو بـازاڕی کار وەریدەگـرن. ئـەو جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە شـێوازی بەڕێوەبردنـی فێـرکاری، بەشـداریکردنی خوێنـدکاران و بەکارهێنانـی ڕاهێنانـی پراکتیکـی، لـە خـودی ناوەڕۆکـی وانەکـە کاریگەرتـرن([21]).

لـە ژینگـەی عەرەبیـدا، مەحمـوود عەسـاف(٢٠٢٣) بـە دەرئەنجامێکـی هاوشـێوە گەیشـتووە. ئـەو پێـی وایـە کـە زانکـۆکان زۆرجـار مـاف و یاسـا وەک بابەتێکـی تیـۆری دەخوێنـن، بـەڵام کـەمتر گرنگـی بـە چالاکییـە پراکتیکییـەکان، گفتوگـۆ و هۆشـیاریی یاسـایی دەدەن. لەبـەر ئـەوە، زۆرێـک لـە دەرچـووان لـە کاتـی چوونـە نـاو بـازاڕی کاردا ناتوانـن زانیاریـی یاسـایی خۆیـان لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا بەکاربهێنـن([22]).

بەگوێـرەی ئـەم ئەدەبیاتە هۆشـیاری مافەکانـی کرێکاران بە پرۆسـەیەکی پەروەردەیـی، کۆمەڵایەتی و ئەزموونـی گرێـدراوە، نـەک تەنهـا بـە وانەیەکـی یاسـایی. هەروەهـا، تیۆرییـە پەروەردەییـەکان و دەرئەنجامـە ئەزموونییـەکان هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی زانکـۆ دەتوانێـت لـە ڕێگـەی بەرنامـە فێرکارییـەکان، چالاکییـە دەرەکییـەکان و بەسـتنەوەی خوێنـدکاران بـە بـازاڕی کارەوە، هۆشـیاریی مافەکانـی کرێـکاران بـەرز بکاتـەوە. بـەڵام، ئـەم ئەدەبیاتـە کـەمتر سـەرنجی لەسـەر میکانیزمـە دامەزراوەییەکانـی نـاو زانکـۆ چـڕ کردووەتـەوە، وەک سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار، کـە لـە زانکۆکانـی هەرێمـی کوردسـتان هـەن و دەتوانـن ئـەم ئەرکـە بـە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک بەڕێوەببـەن.

١٠. بۆشایی توێژینەوە

زۆربـەی توێژینـەوە بەردەسـتەکان سـەرنجیان لەسـەر ڕۆڵـی زانکـۆ لـە هۆشـیاریی مافەکانـی مـرۆڤ بـە گشـتی چـڕ کردووەتـەوە، یـان لەسـەر هۆشـیاریی مافەکانـی کار لەمـەڕ خوێندکارانـی قۆناغـی پێـش زانکـۆ، یـان لەسـەر ئامادەکردنـی دەرچـووان بـۆ بـازاڕی کار و گەشـەپێدانی تواناکانی پیشـەیی.

لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی ئـەو سـەرچاوانەی لـەم توێژینەوەیـەدا پشـکنراون، توێژینەوەیەکـی مەیدانیـی ڕاسـتەوخۆ کـە سـەرنج لەسـەر ڕۆڵـی زانکۆ و هۆشـیاریی خوێنـدکاران بەرانبـەر مافەکانی کرێـکاران بـە یەکـەوە چـڕ بکاتـەوە، بـە تایبەتـی لـە ڕێگـەی پڕۆگـرام و وانـە، مامۆسـتایان، چالاکییە ئەکادیمییـەکان، ئەزموونـی پراکتیکـی و سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار، دەگمەنـە. ئەمـەش ئـەو

Awareness among High School Students.” Journal of Education and Culture ٤٤٧–٤٧٠ :(٦) ٢٩.

٢١ . Jung, Yi-hwa. ٢٠٢٤. “Path Analysis between Perception of Labor Rights Education Experience and Labor Rights Awareness.” Korean Education ٣٤–٥ :(٢) ٥١.

٢٢ . احمد، محمود عساف. ٢٠٢٣. «تفعيل دور الجامعات في التثقيف القانوني بحقوق الإنسان كمدخل لتحقيق السلم الاجتماعي». آفاق للعلوم ٨ (٣): ٨٤١–٨٥٠.

بۆشاییەیە کە توێژینەوەکەمان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدات.

بەشی سێیەم: میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوە

١.جۆری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پاڵپشت بە میتۆدی تێکەڵاو ئەنجامدراوە، کە تێیدا هەردوو شێوازی چەندایەتی و چۆنایەتی بەیەکەوە بەکارهێنراون. شێوازی چەندایەتی بە مەبەستی پشکنینی ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران و دابەشبوونی دیمۆگرافی بەکارهاتووە، لە کاتێکدا شێوازی چۆنایەتی بۆ قوواڵبوونەوە لە بۆچوونی پسپۆڕان و تێگەیشتن لە ڕەهەندە هزری و پێکهاتەییەکانی ڕۆڵی زانکۆ بەکارهاتووە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی-شیکارییە، لەبەر ئەوە هەر تەنها وەسفی دیاردەکە ناکرێت، بەڵکو هۆکار و پەیوەندییە بونیادییەکانی نێوان پەروەردەی ئەکادیمی و واقیعی بازاڕی کار شیدەکاتەوە.

٢.کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، لەپاڵ دەرچووانی زانکۆ کە لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن. ئەم کۆمەڵگەیە نوێنەرایەتی ئەو ژینگە دەستنیشانکراوە دەکات کە پرۆسەی پێگەیاندنی ئەکادیمی و گواستنەوە بۆ بازاڕی کاری تێدا ڕوودەدات، بە تایبەتی لەو پارێزگایانەی کە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایان تێدا چڕبووەتەوە.

٣. نموونە و شێوازی هەڵبژاردن

نموونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری ئامرازەکان دوو بەش لەخۆدەگرێت:

١.نموونەی خوێندکاران: لایەنی چەندایەتی دەگرێتەوە. پێکدێت لە (١٤٠) خوێندکار کە بە شێوازی نموونەی بەردەست لە زانکۆ حکومییەکان (٨٢.٤٪) و تایبەتەکان (١٧.٦٪) لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە بەشداریان کردووە. زۆرینەی نموونەکە (٨٦.٥٪) لە تەمەنی نێوان ١٨ تا ٢٥ ساڵدان و لە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندندان.

٢. نموونەی پسپۆڕان (چۆنایەتی): پێکدێت لە (١٠) بەشداربوو کە بە شێوازی نموونەی مەبەستدار دیاریکراون. پێکهاتوون لە (٩) مامۆستای زانکۆ لە پسپۆڕی و زانکۆ جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، زاخۆ، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی، لوبنانی فەرەنسی) لەگەڵ دەرچوویەکی بەشی ئەندازیاری وەک کەیسێکی ڕاستەقینە لە بازاڕی کاردا.

٤. ئامرازی ڕاپرسی

بـۆ کۆکردنـەوەی داتـا چەندایەتییـەکان لـە نموونەکانـی خوێنـدکاران، فۆرمـی پرسـیارنامە بەکارهاتـووە. فۆرمەکـە لـە چەنـد بەشـێکی سـەرەکی پێکهاتـووە: تایبەتمەندییـە دیمۆگرافییـەکان (ڕەگـەز، تەمـەن، پارێـزگا، جـۆری زانکـۆ، بـەش و قۆنـاغ). هەروەهـا ئاسـتی زانیاریـی گشـتی و جـۆری سـەرچاوەکانی بەدەسـتهێنانی هۆشـیاری. هـاوکات هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی فەرمـی زانکـۆ (پڕۆگرامـەکان، مامۆسـتایان، خوێندنـی یاسـای کار و سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار) و پاشـان خۆهەڵسـەنگاندنی خوێنـدکاران لەبـارەی ئاسـتی زانیارییەکانیـان لەسـەر مافـە جیاجیـاکان.

٥. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە

بـۆ بەشـی داتـای چۆنایەتـی، چاوپێکەوتنـی نیمچەکـراوە لەگەڵ مامۆسـتایان سـازکراوە. ئـەم ئامرازە ڕێگـەی داوە بـە داڕشـتنی کۆمەڵێـک پرسـیاری کـراوە و تـەوەری سـەرەکی، هـاوکات دەرفەتـی بەخشـیوە بـە بەشـداربووان کـە بـە ئـازادی و قوواڵـی گوزارشـت لـە ڕەهەنـدە هـزری، کەلتـووری و کارگێڕییەکانـی نـاو بازنـەی زانکـۆ و ئاسـتەنگەکانی بـازاڕی کار بکـەن.

٦.ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتا

پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا بە دوو قۆناغی هاوتەریبدا تێپەڕیوە:

کۆکردنـەوەی داتـای چەندایەتـی: فۆرمـی ڕاپرسـییەکە بـە شـێوازی دیجیتاڵـی ئامادەکـراوە و لـە ڕێگـەی تـۆڕە ئەکادیمـی و خوێندکارییەکانـەوە دابەشـکراوە، تـا کـۆی وەڵامـە دروسـتەکان گەیشـتووەتە ١٤٠ فـۆرم.

کۆکردنـەوەی داتـای چۆنایەتـی: چاوپێکەوتنـەکان لەگـەڵ نـۆ مامۆسـتاکە و دەرچووەکـە بـە شـێوازی ڕاسـتەوخۆ یـان لـە ڕێگـەی پەیوەنـدی دەنگـی ئەنجامـدراون. تـەواوی چاوپێکەوتنـەکان تۆمارکـراون و پاشـان نووسراونەتـەوە بـۆ کۆدکـردن. هەروەها پشـکنین و شـیکردنەوە بـۆ بەڵگەنامە و ماڵپـەڕی فەرمـی سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار (CDC) لـە زانکـۆکان کـراوە.

٧.شێوازی شیکردنەوەی داتا

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە شـیکردنەوەی «داتـای چەندایەتی»یـەوە هەبێـت، داتاکانـی ڕاپرسـییەکە لـە ڕێگـەی بەرنامـەی ئامـاری و خشـتەکارییەوە شـیکراونەتەوە. ئامـاری وەسـفی وەک دووبارەبوونـەوە و ڕێـژەی سـەدی بەکارهاتـوون بـۆ دروسـتکردنی خشـتەکان و پیشـاندانی دابەشـبوونی وەڵامـەکان. هـاوکات شـیکردنەوەی «داتـای چۆنایەتـی» بـۆ دەقـی چاوپێکەوتنـەکان، مۆدێلـی شـیکردنەوەی تـەوەری بەکارهاتـووە. پرۆسـەکە لـە ڕێگـەی کۆدکردنـی سـەرەتایی، پۆلێنکردنـی چەمکـەکان و پاشـان دروسـتکردنی پێنـج تـەوەری سـەرەکی (ئەرکـی دامەزراوەیـی، قەیرانـی ناسـنامە،

پڕۆگرامەکان، بازاڕی نافەرمی و هەڵسەنگاندنی سەنتەرەکان) ئەنجامدراوە.

بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی - ئەزموونی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی مەیدانی و پراکتیکییەوە هەڵوەستەی لەسەر هەردوو خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ کردووە. بۆچوون، ئاستی زانیاری و هۆشیاریی خوێندکاران لەمەڕ مافەکانی کرێکاران لە ڕێگەی فۆڕمی پرسیارنامەوە کاری لەسەر کراوە و هاوکات مامۆستایان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەشداریان کردووە.

لە خوارەوە، داتای کۆکراوەی مەیدانی بەگوێرەی خوێندکاران و مامۆستایان یان بەپێی داتاکانی ڕاپرسی و داتای چاوپێکەوتنەکانی مامۆستایان بە جیاواز شیدەکرێنەوە و دواتردا داتاکان بەیەکەوە تێکەڵکێش و بەراورد دەکرێن.

یەکەم: خوێندکاران؛ ئەنجامەکانی ڕاپرسی (داتای چەندایەتی):

لەم ڕاپرسییەدا وەک بەشێک لە میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران پێوەست بە مافەکانی کرێکاران، (١٤٠) خوێندکار لە زانکۆکانی حکومی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەشداریان کردووە.

لە خوارەوە، تەواوی زانیارییەکان بەگوێرەی پرسیارەکانی ڕاپرسی و لە خشتەی جیاوازدا خرانەتەڕوو، دواتر شیکردنەوە بۆ ئەنجامی گشتی داتاکانی بەدەستهێنراو لە ڕاپرسییەکەدا کراوە.

٤.١. بەشی یەکەم: تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەشداربووان

بۆ تێگەیشتن لە سروشتی نموونەی توێژینەوەکە و دڵنیابوونەوە لە هاوسەنگی و هەمەجۆریی بەشداربووان، ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و ئەکادیمییەکانی (١٤٠) خوێندکاری بەشداربووی ڕاپرسییەکە. داتاکان لە ڕێگەی شەش خشتەی سەرەکییەوە پۆلێن کراون، کە تیشک دەخەنە سەر ڕەگەز، تەمەن، دابەشبوونی جوگرافی بەپێی پارێزگاکان، جۆری زانکۆ (حکومی یان تایبەت)، لەپاڵ قۆناغ و بوارەکانی خوێندنی خوێندکاران. لە خوارەوە وردەکاریی ئەم داتایانە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١): دابەشبوونی ڕەگەزیی بەشداربووان



لە کۆی ١٤٠ بەشداربووی ڕاپرسییەکە، ٧٤ کەس، واتە ٥٢.٩٪، لە ڕەگەزی نێرینەن، لە کاتێکدا ٦٦ کەس، واتە ٤٧.١٪، مێینەن. جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەزەکە ٥.٨٪ پێکدێنێت، بەو جۆرەیش دابەشبوونی نموونەکە لە نێوان نێرینە و مێینەدا بە گشتی نزیکەی یەکسانە.

گرنگی ئەم دابەشبوونە لەوەدایە کە نموونەکە لە یەک ڕەگەز پێکنەهاتووە. سەرەڕای ئەوەی ئامانجی ڕاپرسییەکە بەتایبەت دەستنیشانکردنی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران لەبارەی مافەکانی کرێکاران بەگوێرەی جۆری کۆمەڵایەتی نییە.

خشتەی ژمارە (٢): دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی تەمەن



وەک لـە خشـتەی ژمـارە (٢)دا دەردەکەوێـت، زۆرینـەی بەشـداربووان لـە گرووپـی تەمـەن (٢٢ - ٢٥) سـاڵدان، کـە ڕێـژەی ٥٢.٩٪ی نموونەکـە پێکدەهێنـن. دووەمیـن گرووپـی تەمـەن، بـە ڕێـژەی ٣٣.٦٪، بەشـداربووانی تەمـەن (١٨ - ٢١) سـاڵن. تەنهـا ڕێـژەی ١٣.٦٪ی بەشـداربووان تەمەنیـان ٢٦ سـاڵ و زیاتـرە. بـەم پێیـە، ٨٦.٥٪ی نموونەکـە لـە نێـوان ١٨ تـا ٢٥ سـاڵدان.

داتاکانـی خشـتەی ژمـارە (٢) نیشـاندەری ئەوەیـە کـە نموونـەی بەشـداربووان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە خوێندکارانـی گەنـج، و بـە تایبەتـی گرووپـی تەمـەن (٢٢-٢٥) سـاڵ زاڵ پێکهاتـووە. ئـەم گرووپەیـش لـە قۆناغێکـی نزیـک لـە چوونـە نـاو بـازاڕی کاردایـە یـان دەشـێت پێـشتر ئەزموونـی کارکردنـی هەبێـت.

خشتەی ژمارە (٣): دابەشبوونی بەشداربووان بەپێی پارێزگا



بەگوێـرەی خشـتەی ژمـارە (٣)، لـە ڕووی دابەشـبوونی جوگرافییـەوە، ڕێـژەی ٥١.٨٪ی بەشـداربووان لـە پارێـزگای هەولێـر، ڕێـژەی ٢٧.٣٪ لـە پارێـزگای سـلێمانی، ڕێـژەی ١١.٥٪ لـە پارێـزگای دهـۆک و لـە کۆتاییـدا ڕێـژەی ٩.٤٪ی بەشـداربووان لـە پارێـزگای هەڵەبجـەن. لەسـەر ئـەو بنەمایـە پارێـزگای هەولێـر گەورەتریـن بەشـی نموونەکـە لەخۆدەگرێـت.

ژمـارەی خوێندکارانـی زانکـۆ لـە سـنووری پارێـزگای هەولێـر، بەتایبەتـی بەهـۆی بوونـی چەندیـن دامـەزراوەی خوێندنـی بـاڵا لـە هـەردوو کەرتـی حکومـی و تایبـەت، لەگـەڵ پارێزگایەکـی وەک هەڵەبجـە یەکسـان نییـە. لەبەرئـەوە چاوەڕوانکـراوە ژمارەیەکـی زیاتـر لـە بەشـداربووان لـە سـنووری ئـەو پارێزگایانـەدا بـن کـە زۆرتریـن زانکـۆ و پەیمانگـە و بـەو پێیـەش زۆرتریـن ژمـارەی قوتابییانیـان لەخۆگرتـووە.

خشتەی ژمارە (٤): خوێندکاران لە زانکۆی حکومی یان تایبەت



خشتەی سەرەوە دیمۆگرافیای نموونەکە ڕوون دەکاتەوە. لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەدا، ڕێژەی ٨٢.٤٪ خوێندکاران لە زانکۆی حکومی و تەنیا ڕێژەی ١٧.٦٪ی بەشداربووان لە زانکۆی تایبەت بوون.

بەم پێیە، زۆرینەی نموونەکە لە زانکۆ حکومییەکانەوە هاتووە، لە کاتێکدا بەشداربووانی زانکۆ تایبەتەکان بەشێکی کەمتر لە نموونەکە پێکدەهێنن. ئەوەش هاوتایە لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر گەورەتری قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان بەراورد بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی ژمارە(٥): بەشەکانی خوێندنی بەشداربووان



لـه کـۆی (١٤٠) بەشـداربووی ڕاپرسـییەکە، تەنیـا (١٣٣) بەشـداربوو ئاماژەیـان بـە بەشـەکانی خوێندنیـان کـردووە. لـەو چوارچێوەیـەدا و بەهـۆی زۆری ژمـارە بەشـەکانەوە، سـەرجەم بەشـەکان بەگوێـرەی نزیکایەتییـان لـە هەشـت پۆلـی یەکگرتـوو و بنچینەییـدا کۆکراونەتـەوە.

وەک لـە خشـتەی ژمـارە (٥)دا دەردەکەوێـت، بەشـداربووان لـە تەنیـا بواڕێکـی خوێندنـەوە نەهاتـوون، بەڵکـو لـە چەندیـن بـەش و بـواری تایبەتـی خوێندنـەوە هاتـوون. زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووان لـە بەشـەکانی زانسـتە کۆمەڵایەتـی و مرۆییەکانـن، کـە ٣٠.١٪ی کـۆی بەشـداران پێکدەهێنـن. لـە پلـەی دووەمیشـدا بەشـەکانی یاسـا، سیاسـەت و دیپلۆماسـی بـە ڕێـژەی ٢٤.١٪ دێـت. بـەوەش زیاتـر لـە نیـوەی بەشـداربووان (٥٤.٢٪) لـەو دوو ئـەم بـواڕە سـەرەکییەوە هاتـوون. لـە هەمـان کاتـدا، بەشـداربوونی قوتابیانـی بواڕەکانی پزیشـکی و تەندروسـتی، کارگێـڕی و ئابووری و سـەرچاوە مرۆییـەکان، ئەندازیـاری و تەکنەلۆژیـا، زانسـتە بنەڕەتییـەکان، کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری، میدیـا و گەیانـدن، پێکهاتـەی خوێندنـی بەشـداربووانیان فـرەوانتر کـردووە. ئـەوەش یارمەتیـدەرە لـەوەی ئەنجامەکانـی ڕاپرسـییەکە بەشـێوەیەکی گشـتگیرتر و وەک نوێنەرایەتیـی نزیکـەی تێکـڕای بەشـەکانی خوێنـدن وەربگیرێـن.

خشتەی ژمارە(٦): قۆناغەکانی خوێندنی بەشداربووان



بەگوێـرەی خشـتەی سـەرەوە، زۆرینـەی بەشـداربووان لـە قۆناغـی دووەم و چوارەمـن کـە ڕێـژەی ٤١.٦٪ لـە قۆناغـی دووەم و ڕێـژەی ٣٥.٨٪ لـە قۆناغـی چوارەمـن، لـە کاتێکـدا ١٧.٥٪ لـە قۆناغـی سـێیەمی خوێندنـدان.

بەڕەچاوکردنـی بەشـداربووانی پەیمانگـە دوو سـاڵییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، گەورەتریـن قەبـارەی بەشـداربووانی ڕاپرسـییەکە، زۆرتریـنی بەشـداربووان لـە قۆناغەکانـی کۆتایـی خوێنـدن

بـوون. ئـەو خاڵەیـش لـەوەدا گرنگـە، کـە زۆرینـەی قوتابیانـی بەشـداربوو، هـەم ئاشـنایەتییان لەگـەڵ نزیکـەی تێکـڕای وانەکانـی خوێنـدن لـە زانکـۆ هەیـە و هـەم لەبـەردەم دەرفەتـی کراوەتـردا بـوون بـۆ بەشـداریکردن لـە هەندێـک لـە چالاکییەکانـی سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار لـە زانکۆکانـدا، ئـەوەش کاریگـەری لەسـەر وەڵامەکانـی بەشـداربووان لـە زۆر لـە پرسـیارەکانی دواتـری ڕاپرسـییەکە دەبێـت.

٤.٢. بەشی دووەم: تەوەرە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە

تەوەری یەکەم: ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران و ڕەهەندە یاساییەکانی

ئـەم تـەوەرە ناوەڕۆکـی سـەرەکیی لایەنـی چەندایەتیـی تۆڕینەوەکـە پێکدەهێنێـت، چونکـە ئامانجـی پێوانەکردنـی ئاسـتی ڕاسـتەقینەی زانیاریـی خوێندکارانـە سـەبارەت بـە مافەکانـی کرێـکاران و بـە گشـتی قوواڵایـی هۆشـیاریی یاسـایی بەشـداربووان دیـاری دەکات. لێـرەدا داتـاکان بەسـەر چـوار خشـتەدا دابـەش کـراون، کـە تێیـدا سـەرەتا ئاسـتی زانیاریـی گشـتی خوێنـدکاران دەخرێتـەڕوو، پاشـان زانیاریـیان لەسـەر جـۆرە جیاوازەکانـی مافـەکان و خۆهەڵسـەنگاندنیان بـۆ ئاسـتی زانیاریـیەکانیـان، و لـە کۆتاییـدا ئاسـتی ئاشـنایەتییان لەگـەڵ بنەڕەتیتریـن یاسـاکانی وەک یاسـای کار و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی شـیدەکرێتەوە. داتـاکان بـەم شـێوازەی خـوارەوە جێگیـر کـراون:

خشتەی ژمارە (٧): ئاستی زانیاریی گشتیی خوێندکاران لەبارەی مافەکانی کرێکاران



خشـتەی ژمـارە (٧) ئاسـتی قوتابیـان لـە هەبوونـی زانیـاری لەبـارەی مافەکانـی کرێـکاران بەگشـتی ڕوون دەکاتـەوە. ڕێـژەی ١٨.٦٪ی بەشـداربووان ئاماژەیـان بـەوە کـردووە، کـە بەگشـتی زانیاریـان لەبـارەی مافەکانـی کرێـکاران هەیـە، لەکاتێکـدا ڕێـژەی ١٠.٧٪ دەڵێـن هیـچ زانیاریـیەکیـان نییـە،

بـەڵام زۆرینەیـان، واتـە ڕێـژەی ٧٠.٧٪ی بەشـداربووان بـە «تاڕادەیـەک» وەڵامیـان داوەتـەوە. کەواتـە، ئەوانـەی تاڕادەیـەک زانیاریـیان هەیـە، سـێ لـە چـواری بەشـداران پێکدەهێنـن. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، قوتابیانـی بەشـداربووی ڕاپرسـییەکە لـە دۆخـی نێـوان هەبـوون و نەبوونـی زانیاریـیدان، واتـە زانیارییەکـی نیوەچڵیـان لەمـەڕ مافەکانـی کرێـکاران بەگشـتی هەیـە.
بەوردبوونـەوە لـە هـەردوو ڕێـژەی ١٨.٦٪ی بەشـداربووان کـە بـە شـێوەیەکی ڕوون هەبوونـی زانیاریـیان لەبـارەی مافەکانـی کرێـکاران ڕاگەیانـدووە، لەگـەڵ ڕێـژەی ٧٠.٧٪ی بەشـداربووان کـە دەڵێـن «تاڕادەیـەک» زانیاریـیان هەیـە، کێشـەی سـەرەکی خـۆی لـە نەبوونـی هـەر جـۆرە زانیارییەکـدا نابینێتـەوە، بەڵکـو کێشـەکە لـە نەبوونـی زانیاریـی قـووڵ و تەواودایـە. واتـە، قوتابیان بەگشـتی هۆشـیارییەکی نارِوونیـان لەمـەڕ مافەکانـی کرێـکاران هەیـە.

خشتەی ژمارە(٨): زانیاریی خوێندکاران لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی مافەکانی کرێکاران



تێبینـی: پرسـیارەکە هەڵبژاردنـی زیاتـر لـە یـەک وەڵامـی هەیـە، لەبـەر ئـەوە کـۆی ڕێـژەکان ١٠٠٪ نابێت.

داتاکانـی خشـتەی ژمـارە (٨) نیشـانی دەدەن کـە قوتابیـان زانیـاری یەکسـانیان لەسـەر مافـە جیاجیاکانـی کرێـکاران نییـە. مافـی موچـە بـە ڕێـژەی ٨٨.٦٪ بەرزتریـن ئاسـتی زانیـاری پێکدەهێنێـت. لـە پلـەی دووەمـدا، مافـی سـەلامەتی پیشـەیی بەڕێـژەی ٧٧.٩٪ و مافـی پشـووی سـاڵانە بـە ڕێـژەی ٧٤.٣٪ دێـن. لـە بەرانبـەردا، مافـی دامەزراندنـی سـەندیکا و ڕێکخـستن بـە ڕێـژەی ٥١.٤٪ و مافـی لەدایکبـوون بـە ڕێـژەی ٤٠.٧٪ ڕێـژەی کـەمتر پێکدەهێنـن. ڕێـژەی ١١.٤٪ی بەشـداربووانیش ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کـە زانیاریـیان لەسـەر هیـچ کام لـەو مافانـە نییـە.

داتاکانی خشتەی سەرەوە، هەر تەنیا زانیاری گشتی قوتابیان لەبارەی مافەکانی کرێکاران ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زانیارییەکانیان لە کام جۆری مافەکاندا قووڵ و لە کوێدا کێشەیان هەیە.

وەک دەردەکەوێت، قوتابیان زانیاری زیاتر هەیە لەسەر ئەو مافانەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە موچە و بەڕێکردنی ڕۆژانەی کارەوە هەیە، لەناویاندا مافی موچە، پشووی ساڵانە و سەلامەتیی پیشەیی بەیەکەوە لە ڕێژەی ٧٤٪ زیاترە. بەڵام، کاتێک سەرنج لە مافەکانی پێوەست بە پاراستنی کۆمەڵایەتی (وەک مافی لەدایکبوون) و سەندیکا و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی کرێکاران دەدەین، کەمترین ئاستی ناسین و زانیاری هەیە.

بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامی خشتەکانی پێشوو، بەتایبەت کاتێک زۆرێک لە قوتابیان ئاماژەیان بەوە کردووە «تاڕادەیەک» زانیارییان لەسەر مافەکانی کرێکاران هەیە، لەم خشتەیەدا وێنەیەکە ڕوونتر دەبێتەوە. قوتابییەک دەشێت زانیاری لەبارەی مافی موچە و پشووی ساڵانە هەبێت، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆی لەمەڕ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی دیکە نەبێت.

خشتەی ژمارە(٩): خۆهەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاریی خوێندکاران



خشتەی ژمارە (٩) ڕوونی دەکاتەوە، تەنها ڕێژەی ٥.٧٪ی بەشداربووان ئاستی زانیاریی خۆیان لەمەڕ مافەکانی کرێکاران بە «زۆر باش» هەڵسەنگاندووە و ڕێژەی ٢٠٪یان بە «باش». کەواتە کۆی ئەوانەی ئاستی زانیاریی خۆیان باش یان زۆر باش دەزانن دەگاتە ٢٥.٧٪. لەکاتێکدا ڕێژەی ٣١.٤٪یان ئاستی زانیاریی خۆیان «مامناوەند» داناوە. لە بەرانبەردا، ڕێژەی ٢٢.٩٪ بە «لاواز» و ڕێژەی ٢٠٪ی بەشداربووان «زۆر لاواز»یان هەڵبژاردووە. واتە کۆی ئەوانەی خۆیان لە گرووپی لاواز و زۆر لاوازدا دەبینن ڕێژەی ٤٢.٩٪ پێکدەهێنێت.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم خشتەیە ئەوەیە کە ژمارەی ئەوانەی ئاستی زانیارییان بە «لاواز» و «زۆر لاواز» دەزانن، زۆر لە ژمارەی ئەو بەشداربووانە زیاترە کە خۆیان لە ئاستی «باش» و «زۆرباش» دادەنێن. لەکاتێکدا ئەو گرووپەی بە «مامناوەند» وەڵامیان داوەتەوە و ڕێژەی ٣١.٤٪ پێکدەهێنن، خۆی لە نێوان هەر دوو لایەنەکدا جێگیر کردووە. بەو جۆرەیش، بەشێکی زۆری بەشداربووان خۆیان لە ئاستی هۆشیارییەکی مامناوەند یان کەم و سنووردارادا دەبینن نەک لە ئاستێکی بەرزی زانیاری و هۆشیاریيدا.

خشتەی ژمارە(١٠): خوێندنی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی



وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، تەنها ڕێژەی ٩.٤٪ی بەشداربووان دەڵێن یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان خوێندووەتەوە. لە بەرانبەردا، ڕێژەی ٦٨.١٪ دەڵێن ئەو یاسایانەیان نەخوێندووەتەوە و ڕێژەی ٢٢.٥٪یشیان بەشێکیان خوێندووەتەوە. بەو پێیەش، ڕێژەی ٩٠.٦٪ی بەشداربووان یان بە تەواوەتی یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان نەخوێندووەتەوە یان بەشێکیان خوێندووەتەوە.

داتاکانی ئەم خشتەیە، وێنەیەکی ڕوون لە سنووردارییونی هۆشیاریی یاسایی نموونەکانی ڕاپرسییەکە دەخاتەڕوو. لەو ڕوانگەیەوە کە هۆشیاریی لەبارەی مافەکانی کرێکاران تەنیا لە زانینی ناوی مافەکان کورت نابێتەوە، بەڵکو تێگەیشتن لە یاسا و بنەما و ڕێکارەکانی پاراستنی مافەکانیش لەخۆدەگرێت. لەکاتێکدا زۆرینەی بەشداربووان دوو لە بنەڕەتیترین یاساکانی بواری کاریان نەخوێندووەتەوە.

ئەنجامەکانی ئەم خشتەیەش، نزیکایەتییەکی زۆر لەگەڵ ئەنجامی خشتەکانی پێشوو هەیە، ئەگەر لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، تەنیا ڕێژەی ٨.٦٪ی بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە مافەکانی کرێکاران وەک وانەی تایبەت دەخوێنرێت، ئێستا تەنیا ڕێژەی ٩.٤٪یان

دەڵێن یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان خوێندووەتەوە.

تەوەری دووەم: سەرچاوەکانی هۆشیاریی خوێندکاران

دۆزینەوەی ئەو کەناڵ و سەرچاوانەی کە خوێندکاران لە ڕێگەیانەوە زانیارییەکانیان لەسەر مافەکانی کار بەدەست دەهێنن، یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی پێگەی زانکۆ لە بەرانبەر دامەزراوە نافەرمییەکاندا. لەم تەوەرەدا، سەرچاوە جیاوازەکانی مەعریفەی خوێندکاران (وەک میدیا، خێزان، ڕێکخراوەکان، زانکۆ و سەندیکاکان) بەراورد دەکرێن، تا ڕوون ببێتەوە کام لایەن کاریگەریی سەرەکی لەسەر ئاڕاستەکردنی هۆشیاریی گەنجان هەیە پێش چوونە ناو بازاڕی کار، وەک لەم داتایانەی خوارەوەدا پیشان دراوە:

خشتەی ژمارە (١١): سەرچاوەکانی زانیاریی خوێندکاران لەبارەی مافەکانی کرێکاران



تێبینی: لەبەرئەوەی پرسیارەکەی سەرەوە، زیاتر لە هەڵبژاردەیەک لەخۆدەگرێت، کۆی ڕێژەکان ١٠٠٪ نابێت.

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لە نێوان سەرچاوەکانی زانیاری، میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی ٨٨.٦٪ لە پێش هەموو سەرچاوەکانی دیکەی زانیاریی قوتابییانن. خێزان بە ڕێژەی ٧٦.٤٪ لە پلەی دووەم، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕێژەی ٥٥.٧٪، دامەزراوە حکومییەکان بە ڕێژەی ٥١.٤٪ و زانکۆ بە ڕێژەی ٤٤.٣٪. سەندیکاکانی کرێکاران بە ڕێژەی ٣٥٪ لە خوارترین ئاستی بوون بە سەرچاوەی زانیاری خوێندکارانن.

داتاکانی خشتەی سەرەوە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە قوتابییان تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییە پەروەردەییەکانەوە زانیاری بەدەست ناهێنن، بەڵکو میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خێزان ڕۆڵێکی زۆر دیارتریان هەیە لە بەردەستخستنی زانیاری لەبارەی مافەکانی کرێکاران.

بەتایبەتی، ئەوەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەی ٨٨.٦٪ پێکدەهێنن، بەراورد بە ڕێژەی ٤٤.٣٪ی زانکۆ، جیاوازییەکی تەواو دروست دەکات. ئەو ئەنجامەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەند زانکۆ یەکێک لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانیارییە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی نییە.

تەوەری سێیەم: ڕۆڵی زانکۆ و مامۆستایان

لەم بەشە سەرنج دەخرێتە سەر ڕۆڵی ناوخۆیی و فەرمیی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دوو کەناڵی سەرەکییەوە کە ئەوانیش پڕۆگرامەکانی خوێندن و گوتاری مامۆستایانن لە ناو پۆلدا. لە ڕێگەی سێ خشتەی سەرەکییەوە ئەوە شی دەکرێتەوە کە تا چەند وانەی تایبەت بە مافەکانی کار لە زانکۆکاندا بوونی هەیە، خوێندکاران تا چەند هەست بە پێویستیی وانەی لەو شێوەیە دەکەن، و مامۆستایان تا چەند لە چوارچێوەی وانە و گفتوگۆ ئەکادیمییەکانیاندا ئەم پرسە دەوروژێنن، وەک لە خشتەکانی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

خشتەی ژمارە(١٢): ئەزموونی خوێندنی وانەیەکی تایبەت بە مافەکانی کرێکاران



لەکۆی (١٣٩) بەشداربوو کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە، تەنیا ڕێژەی ٨.٦٪ی بەشداربووان دەڵێن کە لە زانکۆ وانە یان ماددەیەکی تایبەت لەبارەی مافەکانی کرێکاران دەخوێنرێت. لە بەرانبەردا، ڕێژەی ٦١.٩٪ دەڵێن «نەخێر» و ڕێژەی ٢٩.٥٪یان زانیارییەکیان لەسەر خوێندنی وانەیەکی تایبەت بە مافەکانی کرێکاران لە زانکۆدا نییە. بەو جۆرەیش، هەردوو وەڵامی «نەخێر» و «زانیاریم نییە» ڕێژەی ٩١.٤٪ی بەشداربووان پێکدەهێنن.

بـه گەڕانـەوە بـه وەڵامـی پرسـیارەکانی پێشـوو، کـه ڕێـژەی ٤٤.٣٪ی قوتابیانـی بەشـداربووی ڕاپرسـییەکە، زانکۆیـان وەک سـەرچاوەی زانیـاری دەستنیشـان کـردووە، بـەڵام تەنیـا ٨.٦٪یـان ئامـاژە بـه خوێندنـی وانەیەکـی تایبـەت بـه مافەکانـی کرێـکاران دەکـەن، ئـەوەش نیشـاندەری ئەوەیـە کـه ڕۆڵـی زانکـۆ لـه بەردەستخسـتنی زانیـاری لەبـارەی مافەکانـی کرێـکاران تەنیـا لـه ڕێگـەی وانـەی تایبەتـەوە نییـە، بەڵکـو هەڵوەسـتەکردنی مامۆسـتایان لەسـەر مافەکانـی کرێـکاران، کـۆڕ و سـمینار و چالاکییەکانـی دیکـه دەشـێت سـەرچاوەی زانیـاری قوتابییـان بـن.

خشتەی ژمارە(١٣): بۆچوونی خوێندکاران لەبارەی پێویستیی وانەیەکی تایبەت



خشـتەی سـەرەوە نیشـانی دەدات کـه ڕێـژەی ٦٨.٨٪ی بەشـداربووان پێیـان وایـە دەبێـت لـه زانکـۆدا وانـه یـان بابەتێکـی تایبـەت بـه مافەکانـی کرێـکاران هەبێـت. لـه بەرانبـەردا ڕێـژەی ٨٪ی بەشـداربووان وانـەی تایبـەت بـه پێویسـت نازانـن، لـه کاتێکـدا ڕێـژەی ٢٣.٢٪ نەیانتوانیـوە وەڵامێکـی یەکلاکـەرەوە هەڵبژێـرن و بـه «نازانـم» وەڵامیـان داوەتـەوە.

ئـەوەش خواسـت و تێگەیشـتنی قوتابیانـی بەشـداربووی ڕاپرسـییەکە دەگەیەنێـت لەمەڕ پێویسـتی خوێندنـی وانەیەکـی تایبـەت بـه مافەکانـی کرێـکاران لـه زانکۆدا.

خشتەی ژمارە(١٤): ڕۆڵی مامۆستایان لە باسکردنی مافەکانی کرێکاران



بەگوێرەی خشتەی سەرەوە، تەنها ڕێژەی ٩.٣٪ی بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە کە مامۆستاکانیان زۆرجار لە وانەکاندا باسی مافەکانی کرێکاران دەکەن. لە بەرانبەردا، ڕێژەی ٤٥.٧٪یان دەڵێن مامۆستاکانیان کەمجار باس لە مافەکانی کرێکاران دەکەن و ڕێژەی ٤٥٪یش دەڵێن مامۆستاکانیان هیچ کاتێک باسیان لە مافەکانی کرێکاران نەکردووە. هەردوو وەڵامی کەمجار و هیچ کاتێک بەیەکەوە ڕێژەی ٩٠.٧٪ی کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت.
داتاکە نیشاندەری ئەوەیە کە هەڵوەستەکردنی مامۆستاکان لەسەر مافەکانی کرێکاران لە چوارچێوەی وانەکاندا، لە ئەزموونی زۆرینەی بەشداربووواندا دیار و بەرچاو نییە. بەتایبەتی کە تەنیا ڕێژەی ٩.٣٪ی بەشداربووان دەڵێن «زۆرجار» و لە بەرانبەردا، نزیکەی نیوەی نموونەکە، ڕێژەی ٤٥.٧٪، بە ڕوونی دەڵێن مامۆستاکانیان ئەم بابەتە هەر باس ناکەن. بەو حالەیشەوە، هێشتا ڕێژەی ٤٥٪ی قوتابیان کە ئاماژەیان بەوە کردووە «کەمجار» مامۆستاکانیان باسیان لە مافەکانی کرێکاران کردووە، مانای ئەوە نییە کە لەلایەن مامۆستاکانەوە هیچ هەڵوەستەیەک لەسەر مافەکانی کرێکاران نەکراوە، بەڵام نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو هەڵوەستەکردنە ئەوەندە چڕ و بەرچاو نەبووە.

تەوەری چوارەم: ئەزموونی کار و پەیوەندی بە واقیعی بازاڕەوە

لەم تەوەرە تیشک دەخرێتە سەر پێوەری پەیوەندی خوێندکار بە ژینگەی دەرەوەی زانکۆ، چونکە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی کار دەکەن یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئایا کێشەی نەبوونی هۆشیاریی یاسایی خوێندکاران بەهۆی دووربوونیانە لە بازاڕی کار یان کێشەکە لە نەبوونی هۆشیارییە لە ناو خودی بازاڕەکەدا. لێرەدا، ئاست و ڕێژەی

ئەزموونی کارکردنی ڕابردوو و ئێستای خوێندکارانی بەشدار لە ڕاپرسییەکە دەخرێتە ڕوو، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا پیشان دراوە:

خشتەی ژمارە(١٥): ئەزموونی کارکردنی بەشداربووان



خشتەی سەرەوە ڕوونی دەکاتەوە، ڕێژەی ٧٣.٢٪ی بەشداربووان ئێستا یان لە ڕابردوودا کاریان کردووە، لە کاتێکدا ڕێژەی ٢٦.٨٪ هیچ ئەزموونێکی کارکردنیان نییە. کەواتە نزیکەی سێ لە چوار بەشداربوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی کارکردنی هەیە.
گرنگی ئەو داتایە لەوەدایە کە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بە سادەیی قوتابییەک نین کە لە ژیانی کار دوور بن، بەڵکو بەشێکی زۆریان پێشتر یان ئێستا لە بازاڕی کاردا بوون. کەواتە، ئەنجامەکانی پێوەست بە کەمبوونی زانیاریی مافەکانی کرێکاران لەبەر ئەوە نییە کە قوتابیان هێشتا کاریان نەکردووە، چونکە ڕێژەی ٧٣.٢٪یان ئەزموونی کاریان هەیە، بەڵام هێشتا ڕێژەی ٤٢.٩٪ی بەشداربووان ئاستی زانیاریی خۆیان بە لاواز یان زۆر لاواز دەزانن.

تەوەری پێنجەم: ئاستی کارلێک و بەشداریکردنی خوێندکاران لە چالاکیی پیشەییدا

ئەم تەوەرە تیشک دەخاتە سەر پێوانەکردنی ئاستی کارلێکی ڕاستەقینە و پراکتیکی خوێندکاران لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی ڕاهێنان و تواناسازی کە لە ناو ژینگەی زانکۆدا و بەتایبەت لە ڕێگەی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کارەوە دابین دەکرێت. لە ڕێگەی دوو خشتەی کۆتایی پرسیارنامەکەوە، سەرەتا ئاستی ئاگاداریی خودی خوێندکاران لە بوونی ناوەندەکانی گەشەپێدانی کار لە ناو زانکۆدا دیاری دەکرێت و پاشان ڕێژەی بەشداریکردنی ڕاستەقینەیان لە خول و وۆرکشۆپ و چالاکییەکانی سەنتەرەکان شی دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی

ئاستی سوودمەندبوونی خوێندکاران لەم دەستپێشخەرییانە ڕوون ببێتەوە، وەک لە خشتەکانی خوارەوەدا پیشان دراوە:

خشتەی ژمارە(١٦): ئاگاداریی خوێندکاران لە بوونی سەنتەری گەشەپێدانی کار لە زانکۆ



وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لە کۆی ١٤٠ بەشداربووی ڕاپرسییەکە، تەنیا ڕێژەی ٢٦.٤٪یان ئاگادارن لە بوونی سەنتەری گەشەپێدانی کار لە زانکۆکەیان، لە بەرانبەر ڕێژەی ٥٢.٩٪ی بەشداربووان کە ئاگادار نین، و ڕێژەی ٢٠.٧٪ یش دەڵێن هەندێک زانیاریان هەیە. کەواتە، کۆی ئەو کەسانەی کە یان بە تەواوەتی ئاگادار نین یان لە بنەڕەتدا ئاگادار نین، ڕێژەی ٧٣.٦٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێکدەهێنێت.

ئەنجامەکە ئەوەیە کە لە ئاست بەشداربووانی ڕاپرسییەکەدا، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار وەک دامەزراوەیەکی ناو زانکۆ زۆر دیار و ناسراو نین. هەرچەندە ئەنجامەکە، ئاستی ئاگاداری قوتابیان لە هەبوونی سەنتەرەکان دەخاتەڕوو، نەک ئاستی کارایی و چالاکی خودی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار.

خشتەی ژمارە(١٧): بەشداریی خوێندکاران لە چالاکییەکانی سەنتەری گەشەپێدانی کار



خشتەی سەرەوە، ڕوونی دەکاتەوە، بە ڕێژەی ١٦.٨٪ی بەشداربووان لە چالاکییەکانی سەنتەری گەشەپێدانی کار بەشداریان کردووە، لە بەرانبەر ڕێژەی ٨٣.٢٪ کە دەڵێن بەشداریان نەکردووە.

کەواتە، بەشداریی ڕاستەوخۆی قوتابیان لە چالاکییەکانی سەنتەری گەشەپێدانی کار سنووردارە. ئەو ئەنجامەیش گرنگی خۆی هەیە، چونکە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکاندا دەتوانن یەکێک لە کەناڵەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی قوتابیان بن لەمەڕ مافەکانی کرێکاران.

دووەم: مامۆستایان؛ شیکردنەوەی داتاکانی چاوپێکەوتن(چۆنایەتی):

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەیەکی چۆنایەتی بۆ ئەو داتایانەی کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنە نیمچەکراوەکانەوە لەگەڵ نۆ مامۆستا لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و دەرچوویەکی زانکۆ-کارمەند لە کەرتی تایبەت ساز کراون. لە پرۆسەی کۆدکردنی سەرەتایی و پۆلێنکردنی چەمکەکاندا، پێنج تەوەری سەرەکی و چەندین تەوەری لاوەکی دروستکراون و لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی پەروەردە و کۆمەڵناسییدا شیکراونەتەوە.

تەوەری یەکەم: ئەرکی دامەزراوەیی زانکۆ

ئەم تەوەرە تیشک دەخاتە سەر دوو ڕوانگەی جیاواز: ڕوانگەی یەکەم زانکۆ وەک کارگەیەکی ئامادەکردنی هێزی کار بۆ کەرتی ئابووری دەبینێت و ڕوانگەی دووەم زانکۆ وەک ناوەندێکی گەشەپێدانی هۆشیاریی یاسایی و مرۆیی لەقەڵەم دەدات.

١.١. گواستنەوە لە هۆشیاری پاسیڤ بۆ هۆشیاری ڕەخنەیی

داتاکانی چاوپێکەوتنەکان دەریانخستووە کە پێگەیشتنی ئەکادیمی و وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆیی بەبێ تێگەیشتن لە پاراستنی مافی پیشەیی، خوێندکار دەکاتە ئامرازێکی بێدەنگ لە سیستەمی بەرهەمهێنانەدا. پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. دلاوەر عوسمان مەجید (زانکۆی سلێمانی) ئەم پرسە لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدا دەخاتەڕوو و پێی وایە کورتکردنەوەی ڕۆڵی زانکۆ لە گواستنەوەی زانیاری تەکنیکیدا، لادانە لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی زانکۆ خۆی. ئەو، بە پشتبەستن بە فەلسەفەی (پاولۆ فریری) پێی وایە ئەرکی زانکۆ گۆڕینی هۆشیاریی خوێندکارە لە «پاسیڤەوە بۆ ڕەخنەیی»، داواش دەکات تێگەیشتن لە مافی کار وەک (سەرمایەی یاسایی - پیێر بۆردیۆ) ببەخشرێتە خوێندکاران تا ڕێگری لە ئیستغلالکردنیان بکات. د. دلاوەر عوسمان دەڵێت:

«لە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەوە، زانکۆ تەنیا سەنتەرێکی گواستنەوەی زانیاریی تەکنیکی یان ئامادەکردنی هێزی کار بۆ سیستەمی ئابووری وڵات نییە... پاولۆ فریری (Paulo Freire) پێی وایە ئەرکی سەرەکیی پەروەردەی ئەکادیمی بریتییە لە ڕزگارکردنی تاک لە هۆشیاریی پاسیڤ و گواستنەوەیەتی بۆ هۆشیاریی ڕەخنەیی».

ئەم بۆچوونە ڕەخنەییە هاوکارە لە تێگەیشتن لەوەی کە کاتێک زانکۆ کادیری تەکنیکی بەرهەم دەهێنێت بەبێ «هۆشیاریی ماف»، تاکێکی پەراوێز و بێدەنگ دروست دەکات کە ناتوانێت لە ژینگەی کاردا بەرگری لە خۆی بکات. مامۆستا ئارام قادر (زانکۆی هەڵەبجە) ئاماژە بە هەمان بابەت دەکات و دەڵێت زانکۆ پێویستە دەرچووان بە مەعریفەی یاسایی و مافەکانیان پڕچەک بکات:

«زانکۆ تەنیا ناوەندێکی بەخشینی بڕوانامە نییە، بەڵکو کارگەی دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و یاساییە. پێش ئەوەی خوێندکار ڕەوانەی بازاڕی کار بکرێت، پێویستە بە زانیاری لەبارەی یاساکانی کار و یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکە پڕچەک بکرێن».

بەو جۆرەیش، کۆدەنگییەک لە نێوان مامۆستاکاندا هەیە کە زانکۆ تەنیا کارگەی بەرهەمهێنانی هێزی کار و بەخشینی بڕوانامە نییە، بەڵکو ناوەندێکی گرنگی بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەکادیمی و یاساییە.

١.٢. تێگەیشتن لە مافی کار وەک (سەرمایەی یاسایی)

پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. دلاوە عوسمان مەجید پاڵپشت بە ڕوانگەی پیێر بۆردیۆ، جەخت لەوە دەکاتەوە لە تێگەیشتن لە مافەکانی کار، بەشێکە لە سەرمایەی یاسایی. لەو ڕوانگەیەشەوە، ئەگەر زانکۆ ئەم سەرمایەیە بۆ خوێندکاران نەگوازێتەوە، دەرچووان لە کاتی چوونە ناو بازاڕی کاردا دووچاری نادادپەروەری و ئیستغلالکردن دەبنەوە. بۆیە زۆر گرنگە خوێندکاران

لەپاڵ ئەو زانستە پەتییەی لە بەشە جیاجیاکاندا وەریدەگرن، بە هەندێک بابەتی گرنگی یاسایی و مافەکان ئاشنا بکرێن.
سەرنجەکە لەسەر ئەوەیە کە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە «سەرمایەی کەلتووری و زانستی» دەبەخشنە خوێندکار، بەڵام جۆرێکی تر لە سەرمایە کە ئەویش «سەرمایەی یاساییە» پشتگوێ دەخەن. د. دلاوەر عوسمان ڕوونیدەکاتەوە کە نەبوونی ئەم سەرمایەیە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئیستغلالکردنی دەرچووان لە بازاڕی کاردا و لەو ڕوانگەیەوە پێداگیری دەکات: «ئەگەر زانکۆ ئەم سەرمایەیە نەبەخشێتە خوێندکاران، دەرچووان لە کاتی چوونە ناو بازاڕی کاردا دووچاری نادادپەروەری، ئیستغلالکردن و داڕمانی بنەماکانی سەلامەتی دەبنەوە». هاوکات، د. هاوکار (زانکۆی لوبنانی فەرەنسی) لە گۆشەنیگایەکی هاوشێوەوە سەیری پرسەکە دەکات و پێی وایە کە ئەرکی زانکۆ دروستکردنی هاوسەنگییە لە نێوان هێزی کار و خاوەنکاراندا:
«زانکۆ تەنیا ناوەندێک نییە بۆ پێدانی بڕوانامە، بەڵکو ڕێخۆشکەرە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان هێزی کار و خاوەنکاردا. پێگەیاندنی خوێندکار بێ ئاشناکردنی بە یاسای کار... وا دەکات لە داهاتوودا ڕووبەڕووی چەوسانەوە ببێتەوە».

تەوەری دووەم: قەیرانی ناسنامە و هۆشیاریی نیوەچڵ

ئەم تەوەرە قوڵترین کێشەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕوون دەکاتەوە، ئەویش بریتییە لە بوونی تێگەیشتنێکی چەوت و باو بەرانبەر بە چەمکی «کرێکار» و «مافی کار»، بەدیاریکراوی سەرنج لەو کێشەیە دەدات کە کرێکاران بەهۆی پێشخستنی ناسنامەی پیشەییەیان وەک ئەندازیار، پزیشک و ... هتد ناتوانن ناسنامەی چینایەتییان وەک کرێکار بدۆزنەوە.

٢.١. ناڕوونی لە نێوان زانینی ئەرک و نەناسینی ماف

داتاکان پیشانی دەدەن کە دەرچووانی زانکۆ بەهۆی جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتییانەوە، هۆشیارییەکی ئاڕاستەکراویان بەرانبەر بە «جێبەجێکردنی فەرمانەکان» هەیە، بەڵام لە ئاستی «داواکردنی مافەکان»دا پەککەوتەن. پڕۆفیسۆر د. دلاوەر عوسمان ئەم دۆخە بە تەمتومان و شێواو وەسف دەکات:
«ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران بەرانبەر ماف و ئەرکەکانیان لە ژینگەی کاردا، هۆشیارییەکی ڕووکەش و شێواوە؛ تەمومژاوی لە نێوان (زانینی ئەرک) و (نەناسینی ماف) ... خوێندکاری ئێمە فێرکراوە کە چۆن ڕووکەشانە کاتژمێرەکانی تەمەنی ببەخشێتە خاوەنکار، بەڵام هەرگیز فێر نەکراوە کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەک بڕینێکی زاڵمانەی مووچەکەی نییە، بەڵکو

قەڵغانـی پاراسـتنی ئاینـدە و کەرامەتییەتـی».
وەک ئـەوەی مامۆسـتاکەی زانکـۆی سـلێمانی بـە ڕوونـی گوزارشـتی لـێ دەکات، سیسـتەمی پەروەردەییـی زانکۆکانـی هەرێمـی کوردسـتان، لەژێـر سـێبەری مێژوویەکـی درێـژی پشـتبەستن بـە کەرتـی گشـتیدا ڕاگـوزەراوە، بۆیـە هەمیشـە خوێنـدکاری تەنیـا وەک فەرمانبەرێکـی چاوەڕوانکـراوی دەوڵـەت پـەروەردە کـردووە. لـە کاتێکـدا ئەمـڕۆ دەروازەکانـی کەرتـی گشـتی داخـراون و دەسـتەکانی کەرتـی تایبـەت والّان: «دەرچـووی زانکـۆ بـە کۆڵەپشـتێکی پـڕ لـە تیۆریـی زانسـتییەوە دێتـە دەرێ، بـەڵام گیرفانەکانـی لـە سـەرمایەی یاسـایی بەتاڵـن».
ناسـینی مـاف بەبـێ ناسـینی ڕێـگای پاراسـتنی، هۆشـیارییەکی تـەواو نییـە. لەبـەر ئـەوە، یەکێـک لـە پێـوەرە سـەرەکییەکانی هۆشـیاریی مافەکانـی کرێـکاران ئەوەیـە تـاک بزانێـت لـە کاتـی پێشـێلکردنی مافەکـەی چـی بـکات و بـۆ پەنـا کـوێ ببـات.

٢.٢. «شۆکی ناسنامە» و ڕوانگەی چینایەتی بۆ چەمکی کرێکار

دیارتریـن دۆزینـەوەی ئـەم توێژینەوەیـە ئەوەیـە کـە خوێنـدکاران و دەرچـووان وا دەزانـن وشـەی «کرێـکار» تەنیـا بەسـەر ئـەو کەسـانەدا دەسـەپێت کـە کاری جەسـتەیی سـەخت یـان کاری بیناسـازی دەکـەن. محەمـەد عەبـدوڵا (زانکـۆی ڕاپەڕیـن) ئـەم دیاردەیـە بـە دابڕانـی چەمکـی پیشـە لـە ناسـنامەی گشـتی هێـزی کار پێناسـە دەکات:
«خوێنـدکاران بەگشـتی هۆشـیارییەکی ئەوتۆیـان لەبـارەی مافەکانـی کرێـکاران نییـە. هەندێـک لـەوان لـە بنەڕەتـدا نازانـن ئـەوە خۆیانـن کـە دوای دەرچـوون... کاتێـک لـە پـڕۆژە و کارگـە و کۆمپانیایـەک کار دەکـەن، ئـەوە خۆیانـن دەبـن بـە کرێـکار. چونکـە بۆچوونێکـی سـەرەتایی و گشـتی لەنـاو کۆمەڵگـەدا هەیـە کـە کرێـکار تەنیـا کەسـێکە لـە بـواری بیناسـازیدا کار دەکات».
ئـەم تێگەیشـتنە هەڵـە و شـێواوە بـە تـەواوی لـە وەڵامـە واقعییەکانـی بەشـداربووی دەرچـوو (محەمـەد سـەعید - ئەندازیـار)دا بـەدی دەکرێـت. ئـەو شـۆکی دەروونیـی خـۆی دەگێڕێتـەوە کاتێـک دوای پێنـج سـاڵ لـە کارکـردن لـە کەرتـی تایبـەت، لـە ڕێگـەی ڕێکخراوێکـی مەدەنییـەوە پێـی گوتـراوە کـە ئـەو لـە ڕووی یاسـاییەوە کرێـکارە:
«تـا زانکۆیشـم تـەواو کـرد، وامدەزانـی کرێـکار یەکێکـە لـە کەرتـی بیناسـازی کار دەکات و قازمـە و خاکەناسـێکی هەڵگرتـووە... مـن لـە ئەندازیـارەوە چـۆن بووم بـە کرێـکار؟! دوای ئەوە تێگەیشـتم... ئێسـتایش ئەوانـەی لەگـەڵ مـن کار دەکـەن، ئێمـە وەک ئەندازیـار کار دەکەیـن، هێشـتا خۆیـان بـە کرێـکار نازانـن و پێیـان وایـە ئەگـەر پیشـەت ئەندازیـار بـوو... ئـەوە تـۆ کرێـکار نیـت».
د. عەبدولسـەمیع محەمەد(زانکـۆی سـەلاحەدین) بـە ڕوونـی پەنجـە دەخاتـە سـەر هەمـان کێشـەی ناسـنامەیی کرێـکاران و لـەو ڕوانگەیـەوە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ئاسـتی هۆشـیاریی خوێنـدکاران بەگشـتی «زۆر لـە خوارەوەیـە» و ئـەو دەڵێـت:

«یەکێک لەو چەمکانەی زانکۆ دەبێت ڕۆڵی لە ڕووبەڕووکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەبێت چەمکی کرێکارە، چونکە تێگەیشتنە باو و هەڵەکە ئەوەیە کرێکار یەکێکە کاری بیناسازی یان پاککردنەوە و ئەو جۆرە کارانە دەکات نەک ئەوەی بەگشتی بەرانبەر بە کرێیەک بۆ خاوەنکارێک کار دەکات».

ئەو شۆکبوونەی خوێندکاران هەر تەنیا گرێدراوی ناسنامەی چینایەتییان نییە، بەڵکو وەک ئارام قادر(زانکۆی هەڵەبجە) ئاماژەی بۆ دەکات، شۆکبوونەکە هەر لە دوای دەرچوونی خوێندکارانەوە دەست پێدەکات: «چونکە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان زانکۆ و بازاڕی کار بەگشتی نییە، لەبەر ئەوەیش زانکۆ هیچ ئامادەسازییەکی نەکردووە بۆ ئامادەکردنی خوێندکار بەرەو بازاڕی کار، خوێندکاران هەر لەگەڵ دەرچوونیان تووشی شۆکێکی گەورە دەبن، کاتێک لە بازاڕی کار بە ئاگا دێنەوە و دەیبینن، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا کەمترین زانیارییان لەبارەی خودی بازاڕی کاریشەوە نییە، نەک ناسنامەیان».

تەوەرەی سێیەم: پڕۆگرامەکانی خوێندن

یەکێک لە ڕاستەوخۆترین ڕێگاکانی کاریگەریی زانکۆ لەسەر هۆشیاریی خوێندکاران، پڕۆگرام و ناوەڕۆکی وانەکانی خوێندنە. ئەگەر بابەتە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ، مافە کۆمەڵایەتییەکان و مافەکانی کرێکاران لە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندندا جێگایەکی دیاریکراویان هەبێت، خوێندکار دەتوانێت پێش چوونە ناو بازاڕی کار هۆشیاری لەبارەی بنەما سەرەکییەکانی ژیانی کار هەبێت.

٣.١. پەراوێزخستنی یاسای کار

مامۆستایان ئاماژە بەوە دەکەن کە یاسای کار لە ناوەندی ئەکادیمیدا کراوەتە بابەتێکی پەراوێز کە تەنیا خوێندکارانی کۆلێژی یاسا دەیخوێنن، لە کاتێکدا دەرچووانی یاسا خۆیان دەبنە پارێزەر نەک کرێکاری ناو کۆمپانیاکان. خدر حوسێن (زانکۆی دهۆک) ئەم دژیەکییە شی دەکاتەوە:

«بابەتەکانی یاسای کار دەخوێندرێن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم بابەتانە تەنیا لەو بەشە تایبەتانەدا قەتیس کراون. خوێندکارێکی کۆلێژی ئەندازیاری، زانست، یان کشتوکاڵ کە ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی دەچێتە ناو پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، لە ماوەی چوار ساڵی خوێندندا هیچ وانەیەکی فەرمی لەسەر مافەکانی وەک کارمەند یان کرێکار ناخوێنێت».

د. کاروان ساڵح و د. هاوکار هاوڕان کە ئەم نائامادەییە پڕۆگرامییە لە بەشە زانستی و پزیشکی و ئەندازیارییەکاندا کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەم بەشانە زۆرینەی هێزی کاری کەرتی تایبەت پێکدەهێنن، بەڵام لە ڕووی یاسایی و هۆشیاریی مافەکانی کار، بەبێ بەرگرییەکی

ئەوتۆ خوێندکار دەخەنە ناو بازاڕی کارەوە.

٣.٢. نائامادەیی تەواوەتی لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا

سەرنجڕاکێشترین لایەنی ئەم بۆشاییە مەنهەجییە ئەوەیە کە تەنانەت ئەو بەشانەی پێویستە لەسەر بونیادی کۆمەڵگا و پێکهاتەی هێزی کار بکۆڵنەوە، بابەتەکەیان فەرامۆش کردووە. د. عەبدولسەمیع محەمەد (مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سەلاحەدین) ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی پڕۆگرامی خوێندنی بەشەکەی دەکات:

«لە پڕۆگرامی خوێندن بەگشتی ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە بەشێکی وەک کۆمەڵناسی تا ئێستا هیچ پڕۆگرام و وانەیەک بە نموونە بە ناونیشانی کۆمەڵناسیی کار نەبووە، کە دەکرێ وەک لقێک لە زانستی کۆمەڵناسیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەبوو گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت. لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی بە هەمان شێوە».

٣.٣. مەرکەزیەت و ڕەقبوونی پڕۆگرامەکان

ئارام قادر(زانکۆی هەڵەبجە) پێداگیری لەسەر دابڕانێکی گەورە لە نێوان بازاڕی کار و زانکۆ، لەو چوارچێوەیەشدا پڕۆگرامەکانی خوێندن دەکات: «لەمەڕ زانکۆ دابڕانێکی گەورە هەیە لە نێوان پڕۆگرامەکانی خوێندن و بازاڕی کار، لەگەڵ گۆڕانی بەردەوام لە بازاڕی کاردا، بەڵآم نوێکردنەوەیەک لە پڕۆگرامەکانی خوێندن نییە بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەو گۆڕانە ڕیشەیی و خێرایەدا بگونجێت».

ئەو، هۆکاری بنەڕەتیی ئەم چەقبەستووییە مەنهەجییە بۆ مەرکەزییەتی کارگێڕی خوێندنی باڵا دەگەڕێنێتەوە، کە ناتوانێت خۆی لەگەڵ داینامیکییەتی کەرتی تایبەتدا بگونجێنێت:

«گەورەترین کەموکوڕی نەرمی نەبوونی پڕۆگرامەکانی خوێندنە. بەهۆی سیستمی مەرکەزییەوە، ناتوانرێت بە ئاسانی گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ واقیعی گۆڕاوی کەرتی تایبەتدا بگونجێنێت».

ئەو ناوەندێتییەی بڕیاردان لە پڕۆگرامی خوێندن لەلایەن مامۆستاکانی دیکەیشەوە، پێداگیری لەسەر کراوە. د. کەیفی مەغدید هەڵوەستە لەسەر قورسی و زەحمەتی گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکانی خوێندن دەکات لەناو ئەو کەشە ناوەندییەی هەیە. ئەو دەڵێت:

«گۆڕینی مەنهەج پڕۆسەیەکی درێژە و بە ئاسانی ناکرێت. پێشنیارێک دەبێت لە بەشەوە دەست پێ بکات، پاشان بڕوات بۆ لێژنەی زانستی کۆلێژ و ئاستەکانی تری زانکۆ. هەر قۆناغێک پێویستی بە گفتوگۆ و ڕەزامەندی هەیە. هەروەها بەربەستی دارایی و کەمبوونی کادری پسپۆڕ هەیە. زیادکردنی بابەتێکی نوێ پێویستی بە مامۆستای شارەزا، کاتی خوێندن، سەرچاوە و بودجە هەیە. بۆیە دەبێت کەسێک یان تیمێک بەردەوام پاڵپشتی لە پێشنیازەکە

بـکات تـا لـه هەمـوو قۆناغـەکان تێپەڕێـت».
وەک دەردەکەوێـت، ناوەندێتیـی بڕیـاردان، هـاوکات لـه خـوارەوە بـۆ سـەرەوە دۆخێکـی پـڕ لـه ڕۆتیناتـی دروسـت کـردووە، هەرچەنـد پرسـەکە لـه بنەڕەتـدا ئەکادیمییـە، بـەڵام بـه زنجیرەیـەک لـه ڕۆتیناتـی کارگێـڕی دەوردراوە.

تەوەرەی چوارەم: بازاڕی ناڕێکخراو و دابڕانی هاوبەشی سێقۆڵی

ئـەم تـەوەرە هەڵوەسـتە لەسـەر پێویسـتیی هێنانەکایـەی مۆدێلێـک دەکات کـه لەسـەر بنەمـای هاوبەشـی نێـوان (زانکـۆ، حکومـەت، و بازاڕ/کۆمپانیـاکان) کاردەکات بـۆ دروسـتکردنی ژینگەیەکـی هۆشـیار.

٤.١. کەلێنی نێوان تیۆریی ناو پۆل و واقیعی بازاڕ

پەیوەندییەکـی فەرمـی و بـەردەوام لـه نێـوان زانکـۆ و دەرەوەی کەمپەسـدا بوونـی نییـە. د. دلاوەر عـوسمان پێـی وایـە ئـەم هاوبەشـییە تاکـە ڕێگایـە بـۆ ئـەوەی وشـەکان ببنـە هۆشـیاریی ڕەفتـاری: «پەیوەندیـی نێـوان زانکـۆ و کارەکتەرەکانـی بـازاڕی کار... بنەمـای مۆدێلـی سێگۆشـەی زانیـاری و بەرهەمهێنانـە(Triple/Quadruple Helix Model). ئـەم هاوبەشـییە تیۆرییـەی سـەردەمی زانکـۆ وشـەکانی نـاو پـۆل دەگۆڕێـت بـۆ هۆشـیارییەکی کـرداری و ڕاسـتەقینە».
بـەڵام د. عەبدولسـەمیع محەمـەد ئامـاژە بـەوە دەکات کـه گرفتەکـه تەنیـا لـه لای زانکـۆ نییـە، بەڵکـو کەرتـی تایبـەت و کایـە یاسـاییەکانی دەرەوەش خۆیـان شـێواو و ناڕێکخـراون:
«پەیوەندییەکـی تۆکمـە و ڕێکخـراو لەئـارادا نییـە... ئـەوەش هـەر بـۆ لاوازی ڕۆڵـی زانکـۆ ناگەڕێتـەوە، بەڵکـو لاوازی و گرفـت لـه ڕۆڵـی سـەندیکا و ڕێکخـراو و کۆمپانیاکانیش بەو ئاراستەیە هەیـە... چەنـد زانکـۆ لاوازە لـه بەجێهێنانـی ئـەو ڕۆڵـە، ئەوەندەیـش ناڕێکخراوەیـی و نافەرمیـوون لـه بـازاڕی کاردا هەیـە».
کاتێـک پەیوەندییەکـی تۆکمـە و ڕێکخـراو لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی حکومـەت و بـازاڕی کاردا نییـە، مانـای ئەوەیـە کـه زانکـۆکان زیاتـر لـه دنیایەکـی دابـڕاو و تیۆریـدا دەژیـن. لـەو دۆخـەدا، سـێکۆچکەی پەیوەندییەکـه کـه تـەواو نەکـراوە، دەتوانێـت کارتێکەرییەکـی نەرێنـی لەسـەر دۆخەکـه دروسـت بـکات.

تەوەرەی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار

سـەنتەرەکانی گەشـەپێدانی کار (CDC) وەک تاکـە دەزگای ناوخۆیـی زانکـۆکان کـه ڕاسـتەوخۆ کار لەسـەر پرسـی دەرچـووان دەکـەن، لەلایـەن مامۆسـتایانی بەشـدار لـه چاوپێکەوتنەکانـەوە ڕووبـەڕووی ڕەخنەیەکـی جـددی دەکرێنـەوە، کـه خـۆی لـه فەرامۆشـکردنی هۆشـیاریی مـاف

دەبینێتەوە لە بەرانبەر چڕکردنەوەی هەموو سەرنجەکە لەسەر دەرفەتی کار و تەنیا دروستکردنی کادیر بۆ بازاڕی کار.

٥.١: کورتکردنەوەی ئامادەکاری لە «کارامەییە ڕووکەشەکاندا»

کۆدەنگییەکی گشتی لە تەواوی چاوپێکەوتنەکاندا هەیە کە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار(CDC) تەنیا کار لەسەر لایەنی جوانکاری و ڕووکەشی پرۆسەی دامەزراندن دەکەن (Soft Skills)، بەڵام خوێندکار بە تەواوی ڕووت دەکەنەوە لە پاراستنی یاسایی. د. دلاوەر عوسمان بە زمانێکی ئەدەبی گوزارشت لە دۆخی ناو ئەم کورتکردنەوەیە دەکات:

«سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC) وەک وێنەگەرێک دەردەکەون کە تەنیا سەیری ڕووکەشی دارەکان دەکەن و ڕەگی مەترسییەکان نابینن. ئامۆژگارییەکانیان کورتکراونەتەوە لەوەی چۆن خوێندکار سیڤییەکەی بە ڕەنگی بریقەدار بخەملێنێت، چۆن لە چاوپێکەوتندا بپێکەنێت و نەرم بێت؛ بەڵام هەرگیز فێری ناکەن ئەگەر لە ژێر سایەی ئەو کارەدا تووشی سووکایەتی، زەوتکردنی شایستەکان... بووەوە، بە چ زمانێکی یاسایی ئاخاوتن بکات و پەنا بۆ چ پەناگەیەک ببات».

د. کاروان سالّحیش کێشەکە لە تێڕوانینی کاتیی سەنتەرەکەدا دەبینێتەوە کە تەنیا ئامانجی تێپەڕاندنی قۆناغی بێکارییە بەبێ گوێدانە کوالێتی و ئاسایشی داهاتووی کارەکە:

«ئەم سەنتەرانە زیاتر سەرنجیان لەسەر ‹چۆنیەتی دۆزینەوەی کارە› نەک ‹چۆنیەتی پاراستنی مافەکان لە کاتی کارکردندا›، و پێویستە ئەم لایەنە یاساییەش بخەنە ناو بەرنامەکانیانەوە».

د. عەبدولسەمیع محەمەد(زانکۆی سەلاحەدین) و محەمەد عەبدوڵڵا (زانکۆی ڕاپەڕین) هاوڕان کە تا ئێستا سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مافی کرێکاراندا نەبووە. محەمەد عەبدوڵڵا دەڵێت: «تاکو ئێستا هیچ ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبووە چونکە ئەوان زیاتر فۆکەس دەخەنە سەر دۆزینەوەی هەلی کار لەبری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مافەکانی کرێکاران».

بە کورتی تێکڕای ئەو مامۆستایانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز کراوە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار، خوێندکار فێری «چۆنیەتی دۆزینەوەی کار» دەکەن، بەڵام فێری «چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی لە کاتی کارکردندا» ناکەن.

٥.٢: ڕۆڵی ئەرێنی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار

هاوکات، هەریەک لە خدر حوسێن (زانکۆی دهۆک) و د. کەیفی مەغدید قادر (پۆلیتەکنیکی هەولێر) ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکرێت ڕۆڵی ئەرێنی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار فەرامۆش بکرێت، بەڵام پێویستە پێکهاتەی کارگێڕییان بگۆڕێت. د. کەیفی مەغدید دەڵێت:

«سەنتەری گەشەپێدانی کار دەبێت بەشێکی کارا و خاوەن کادر بێت، نەک تەنها ناوێک لەسەر کاغەز... ئەم سەنتەرە دەتوانێت ببێتە پردێک لەنێوان زانکۆ، کەرتی تایبەت، حکومەت و بازاڕی کار».

لەلایەکی دیکەیشەوە، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، هێشتا وەک ناوەندێکی گرنگ دەمێننەوە لە بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی قوتابیان/دەرچووان لە بازاڕی کاردا، بەڵام نیگەرانییەکە بۆ لاوازی ڕۆڵی ئەو سەنتەرانە دەگەڕێتەوە لە گەشەپێدانی هۆشیاریی مافەکان.

٢.٦: خشتەی چڕی کۆدەکان و تەوەرەکان

بۆ پیشاندانی بەستەر و گرێدایی ڕاستەوخۆکانی نێوان گوتارە ئەکادیمییەکان، ئەم خشتەیەی خوارەوە تەواوی بۆچوونی بەشداربووان بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکان ڕوون دەکاتەوە:

ناوی بەشداربوو / زانکۆ	ڕەخنە لە کەرتی تایبەت و CDC	تێڕوانین بۆ پڕۆگرامی خوێندن	ئاستی هۆشیاری خوێندکاران	بیرۆکەی پێشنیازکراو
پ.ی.د. دلاوەر عوسمان (سلێمانی)	CDC وەک وێنەگەرێکی ڕووکەشە، کۆمپانیاکان هێزی گەنج دەفەوتێنن.	نائامادەیی لە بەشە زانستییەکان، خوێندنی تیۆری و پاسیڤ.	شێواو و ڕووکەش، خاڵی لە "سەرمایەی یاسایی".	کۆرسی ناچاری، کلینیکی یاسایی خوێندکاران.
خدر حوسێن (دهۆک)	کورتکردنەوەی کارمەند لە وەرگرتنی کاردا	مەرکەزییەت و ڕەقبوونی پڕۆگرامەکان.	نزم، بەستراوەتەوە بە عەقڵییەتی کەرتی گشتییەوە.	دابینکردنی پڕۆگرام، پەیوەندی ڕێکخراو لەگەڵ سەندیکا، وەزارەت و ڕێکخراوەکان
د. عەبدولسەمیع محەمەد (سەلاحەدین)	بازاڕی کار خۆی نافەرمی و ناڕێکخراوە	نائامادەیی تەواوی وانەی "کۆمەڵناسیی کار" لە بەشە مرۆییەکاندا.	لە خوارەوەیە، کەرتی تایبەت وەک سیستەم ناڕوونە.	دابینکردنی مادەیەکی گشتی، بەستنەوەی فەرمی بە سەندیکاکانەوە.
د. کاروان سالح (زاخۆ)	دەرچووی زانکۆ لە ناو بازاڕدا "لاواز و بێبەرگری" دەهێڵێتەوە.	نائامادەیی لە بەشە ئەندازیاری و پزیشکییەکان.	لە ئاستی پێویستدا نییە، بێئاگا لە مەرجەکانی مۆڵەت و خانەنشینی.	کۆرسی بژاردە، دادگای ڕاهێنان و نموونەیی.
د. کەیفی مەغدید (پ. هەولێر)	دابڕانی تەواوی داتا لە نێوان زانکۆ و پێداویستی کۆمپانیاکاندا.	کۆرسی سەربەخۆ نییە، پشتگوێخستنی لایەنی پراکتیکی.	زۆر کەمە و لەوانەیە لە سەدا پەنجاش کەمتر بێت.	گۆڕینی ڕاهێنانی هاوینە بۆ 50% پراکتیکی حەقیقی لە ناو دادگاکاندا.

مامۆستا گۆران (پ. سلێمانی)	CDC تەنیا کارمەند بۆ کەرتی تایبەت بەرهەم دەهێنێت.	پشتگوێخستنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە تەواوی بەشەکاندا.	لە ئاستێکی زۆر زۆر کەمدایە، یاسای کار نازانن.	جێگیرکردنی وانەی هۆشیاری ماف لە قۆناغی چوارەمدا.
محەمەد عەبدوڵڵا (ڕاپەڕین)	نەبوونی پەیوەندی لە نێوان حەرەمی زانکۆ و چینی کرێکاراندا.	زۆر بە کەمی، لە زانکۆی ڕاپەڕین هەر باس نەکراوە.	ڕێکخراو نین و هۆشیاری یاساییان نییە.	هێنانە ناوەوەی چینی کرێکار بۆ ناو کۆڕ و سیمینارە ئەکادیمییەکان.
د. هاوکار حسێن (لوبنانی فەرەنسی)	دابڕانی تەواوی مەنهەج لە واقیعی کەرتی تایبەتی کوردستان.	خوێندنی دەقاوودەق و ئەکادیمی بێ لێکدانەوەی کەیسەکان.	لە ئاستێکی نزم یان مامناوەندایە.	ناچارکردنی خوێندکاران بە خولی یاسایی وەک مەرجی دەرچوون.
ئارام قادر (هەڵەبجە)	نەبوونی دیدگای ستراتیژی لە ئاستی سەرپەرشتیارانی خوێندنی باڵادا.	پرسەکە لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆییدا نییە.	نییە، قەیرانی تێگەیشتن لە چەمکی کرێکار بەهۆی پیشەوە.	وروژاندنی بەردەوامی پرسەکە لە لایەن مامۆستایانەوە لە پۆلدا.
محەمەد سەعید (دەرچوو/ئەندازیار)	چوار بۆ پێنج ساڵ بەبێ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کاریکردووە.	غیابی تەواوی بابەتەکە لە ناو پۆل و لە لایەن مامۆستایانەوە.	هیچ زانیارییەکی نەبووە لە زانکۆدا.	ناساندنی ناسنامەی یاسایی دەرچوو بە خۆی پێش واژۆکردنی گرێبەست.

سێیەم: سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

لە دوو دەیەی دواییدا، خوێندنی باڵا لە زۆرێک لە وڵاتان بە ئاراستەی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆ و بازاڕی کار گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانکارییە لە هەرێمی کوردستانیش بەرچاو کەوتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ساڵی ٢٠١٥ دەستی بە دامەزراندنی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان کرد. ئامانجی سەرەکی لەم هەنگاوە دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیکتر بوو لەنێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و بازاڕی کار، بۆ ئەوەی خوێندکاران پێش دەرچوون لە زانکۆ، لێهاتوویی و شارەزایی پێویستیان بۆ ژیانی پیشەیی بەدەستبهێن.

بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی فەرمی زانکۆکان، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار ئێستا لە زۆربەی زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراون، لەوانە زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی کۆیە، زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی چەرموو، زانکۆی سۆران، زانکۆی کوردستان-هەولێر، زانکۆی جیهان (هەولێر و سلێمانی)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، زانکۆی پزیشکی هەولێر و پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چەمکی گەشەپێدانی کار بووەتە بەشێکی جێگیر لە ستراتیژیی

زۆربەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ماڵپەڕ و بەڵگەنامەکانی ئەم سەنتەرانە ئەوە پیشان دەدات کە سەرەڕای جیاوازیی لە ناونیشان و شێوازی کارکردن، هەموویان لە چەند ئامانجێکی هاوبەش کۆدەبنەوە. یەکەم، ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ بازاڕی کار لە ڕێگەی گەشەپێدانی لێهاتوویی پیشەییەکان. دووەم، بەستنەوەی خوێندکاران و دەرچووان بە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان بۆ مەشقکردن و دەرفەتەکانی کار. سێیەم، پەرەپێدانی تواناکان وەک پەیوەندیکردن، کاری گرووپی، سەرکردایەتی، چارەسەرکردنی کێشە و بەڕێوەبردنی کات. چوارەم، پشتیوانیکردنی بیرۆکەکانی کارسازی بۆ ئەو خوێندکارانەی ئارەزووی بونیادنانی کاری تایبەتی خۆیان هەیە. بە نمونە، سەنتەری گەشەپێدانی هەلی کار لە زانکۆی سلێمانی خۆی وەک پردێک دەناسێنێت لەنێوان فێربوونی ئەکادیمی و بازاڕی کار، و خزمەتگوزارییەکانی لە ڕاوێژکاری پیشەیی، ئامادەکردنی سی ڤی، ڕاهێنانی چاوپێکەوتنی کار، وۆرکشۆپە پیشەییەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران پێکهاتوون. هەروەها، سەنتەرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو خوێندکارێک دەبێت پێش دەرچوون، پلانێکی ڕوونی پیشەیی هەبێت([23]).
بە هەمان شێوە، زانکۆی کۆیە لە چوارچێوەی ستراتیژیی زانکۆدا، «ئامادەسازی خوێندکاران بۆ بازاڕی کار» وەک یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دیاری کردووە. لە ڕێگەی سەنتەری گەشەپێدانی کارەوە، خوێندکاران بەشداری پڕۆگرامی ڕاهێنانی تواناکان دەکەن، کە تێیدا بۆ ماوەی سەدان کاتژمێر لە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان مەشق دەکەن. ئەم شێوازە هەوڵێکە بۆ ئەوەی خوێندکاران پێش دەرچوون ئەزموونی پراکتیکی و پەیوەندیی پیشەیی بەدەستبهێنن([24]).
هەروەها، سەنتەری پەرەپێدانی کار لە زانکۆی چەرموو نمونەیەکی دیارە لە گرنگیدانی زانکۆ بە گەشەپێدانی پیشەیی. ئەم سەنتەرە خزمەتگوزارییەکانی لە ڕاوێژکاری پیشەیی، سیمینار و وۆرکشۆپ، دۆزینەوەی هەلی مەشقکردن، پەرەپێدانی توانا بنەڕەتییەکان، دروستکردنی تۆڕی دەرچووان، پاڵپشتیکردنی کارسازی و ڕاگەیاندنی هەلی کار پێکهێناوە. تایبەتمەندیی ئەم سەنتەرە ئەوەیە کە گرنگی بە گەشەپێدانی ئابووری ناوچەی چەمچەماڵیش دەدات و سەنتەرەکە تەنها وەک خزمەتگوزارییەکی ناوخۆی زانکۆ دانانرێت([25]).
لە زانکۆ تایبەتەکانیش، هەمان ئاراستە دەبینرێت. بۆ نمونە، زانکۆی کوردستان–هەولێر (UKH) سەنتەری گەشەپێدانی کار وەک دامەزراوەیەک ناساندووە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران و دەرچووان لە پلاندانانی پیشەیی، دۆزینەوەی هەلی کار، بەشداری لە سیمینار و

---

٢٣ ماڵپەڕی فەرمی زانکۆی سلێمانی: https://spu.edu.iq/ku/?page_id=٣٦٩٤٣
٢٤ ماڵپەڕی فەرمی زانکۆی کۆیە: https://koyauniversity.org/index.php/ku/node/١٣٣٨
٢٥ ماڵپەڕی فەرمی زانکۆی چەرموو: https://chu.edu.iq/directorate/career-development-center

بەرنامەکانی گەشەپێدانی پیشەیی([26]). هەروەها، زانکۆی جیهان-هەولێر ئاماژە بەوە دەکات کە سەنتەرەکەی لە ساڵی ٢٠١٤ بە هاوکاری ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) دامەزراوە، و ئامانجی سەرەکیی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووان و بڵاوکردنەوەی فێرکاری و هۆشیاریی پیشەیی بووە([27]).

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانە، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ماڵپەڕ و بەرنامەکانی ئەم سەنتەرانە خاڵێکی گرنگ ئاشکرا دەکات. زۆربەی چالاکییەکان لەسەر لێهاتوویی پیشەییەکان، نووسینی سی ڤی، چاوپێکەوتنی کار، زمانی ئینگلیزی، کارسازی، مەشقکردن و پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران لەخۆدەگرن؛ بەڵام بە گشتی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە هۆشیاری مافەکانی کرێکاران، وەک ناساندنی یاسای کار، ماف و ئەرکەکانی کرێکار و خاوەنکار، گرێبەستی کار، کاتژمێری کار، مافی مووچە، سەلامەتی پیشەیی، مافی ژنان لە شوێنی کار، ڕێگاکانی سکاڵاکردن یان ڕۆڵی سەندیکا و کۆمەڵەکان، بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە ئامانج و چالاکییە ڕاگەیەنراوەکانیاندا نین.

ئەم دۆخە لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە مانای ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگیان بەرەو بەستنەوەی خوێندن و بازاڕی کار هەڵگرتووە، بەڵام هێشتا لە بواریکی گرنگدا بۆشایی هەیە؛ ئەویش تێکەڵکردنی هۆشیاری مافەکانی کرێکاران لەگەڵ بەرنامەکانی ئامادەسازی بۆ کار. ئەگەر مەبەست لە گەشەپێدانی کار تەنها دۆزینەوەی کار نەبێت، بەڵکو ئامادەکردنی دەرچوو بۆ ژیانێکی پیشەیی و دادپەروەرانە بێت، ئەوا پێویستە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار بابەتەکانی مافەکانی کرێکارانیش وەک بەشێکی بنەڕەتی لە خولی ڕاهێنان و سیمینارەکانیاندا جێگیر بکەن. لەو ڕوانگەیەوە، ئەم سەنتەرانە دەتوانن ببنە یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی و پیشەیی لەناو خوێندکاران، ئەگەر ناوەڕۆکی بەرنامەکانیان لە ئامادەسازی تەکنیکی تەنها تێنەپەڕێت و بە ئامادەسازی مافی و یاساییش بگات.

بە مانایەکی دیکە، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار دەتوانن وەک پردی پەیوەندی لە نێوان زانکۆ و بازاڕی کاردا ڕۆڵ ببینن. بەڵام ئەگەر ئەرکی ئەم سەنتەرانە تەنیا یارمەتیدانی خوێندکار بۆ نووسینی سیڤی، چاوپێکەوتنی کار و دۆزینەوەی هەلی کار بێت، ئەوا بەشێکی گرنگی پەیوەندیی خوێندکار بە ژیانی کار فەرامۆش دەکرێت کە خۆی لە ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ناسینی مافەکانی لە شوێنکار دەبینێتەوە.

چوارەم: یەکخستنی داتای چەندایەتی و چۆنایەتی

ئەم تەوەرە لوتکەی مۆدێلی هاوتەریبی توێژینەوەکەیە، کە تێیدا داتای چەندایەتی (ئەزموونی

٢٦ ماڵپەڕی فەرمی زانکۆی کوردستان- هەولێر: https://www.ukh.edu.krd/centres/career-development-centre/

٢٧ ماڵپەڕی فەرمی زانکۆی جیهان-هەولێر: https://sulicihan.edu.krd/١٢٥٦١٧/

دەرەوەی خوێندکاران) و داتای چۆنایەتی (دیدگای بونیادیی مامۆستایان) بەیەکەوە گرێدەدرێن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە مەعریفییەکان. پرۆسەی بەراوردکاری و تێکەڵکێشکردنی داتاکان، سێ ڕەهەندی سەرەکیی ململانێی نێوان ژمارە واقعییەکان و پێکهاتەی ئەکادیمی ئاشکرا دەکات:

١.تەمتومانی هۆشیاری و «شۆکی ناسنامە» (یاسای کار بەرامبەر واقیعی کار)

داتاکانی ڕاپرسییەکە جۆرێک لە دژبەیەکبوونی تێدا بەدی دەکرێت؛ لە کاتێکدا ٧٠.٧٪ی خوێندکاران دەڵێن «تارادەیەک» زانیارییان هەیە و کێشەی نەبوونی تەواوەتی زانیارییان نییە، بەڵام کاتێک دێینە سەر تاقیکردنەوەی جۆری مافەکان، دەردەکەوێت ٩٠.٦٪ی خوێندکاران یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان نەخوێندووەتەوە، و ئاستی زانیارییان لەسەر مافە سەرەکییەکانی وەک مۆڵەتی دایکایەتی (٤٠.٧٪) و پێکهێنانی سەندیکا (٥١.٤٪) زۆر نزمە.

ئەم نادڵنیایی و ناڕوونییەی خوێندکاران، لە داتای چۆنایەتی چاوپێکەوتنەکاندا لە لایەن پ.ی.د. دلاوەر عوسمانەوە ڕوون دەکرێتەوە کە پێی وایە ئەمە هۆشیارییەکی ڕووکەش و شێواوە، تەمومژاوی لە نێوان «زانینی ئەرک و نەناسینی مافدا».خوێندکار بەهۆی پەروەردەکردنی بۆ کەرتی گشتی، فێری تەسلیمبوون و جێبەجێکردنی ئەرک کراوە، بەڵام کاتێک دەچێتە کەرتی تایبەت، بەهۆی نەبوونی سەرمایەی یاساییەوە تووشی «شۆکی ناسنامە» دەبێت. ئەمەش ڕێک هاوتایە لەگەڵ داتای ڕاپرسییەکە کە تیایدا دەرچووی ئەندازیار (محەمەد سەعید) پاش پێنج ساڵ کارکردن ئینجا تێگەیشتووە کە ئەو لە ڕووی یاساییەوە کرێکارە، چونکە زانکۆ و کۆمەڵگا چەمکی کرێکاریان لە ناو کلتوری (قەزمە و خاکەناس)دا کورت کردووەتەوە.

٢.پاشەکشەی زانکۆ و باڵادەستیی فەزای مەجازی

داتای چەندایەتی نیشانی دەدات کە زانکۆ وەک سەرچاوەی هۆشیاری پاشەکشەی کردووە و تەنیا ٤٤.٣٪ی خوێندکاران وەک سەرچاوە سەیری دەکەن، لە کاتێکدا میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ٨٨.٦٪ لە لوتکەدان. هۆکاری ئەم جیاوازییە گەورەیە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە سەیری داتاکانی تری ڕاپرسییەکە دەکەین؛ ٩١.٤٪ی خوێندکاران دەڵێن هیچ وانەیەکی تایبەت بە مافەکانی کرێکاران لە پڕۆگرامەکەیاندا نییە، و ٩٠.٧٪یان دەڵێن مامۆستاکانیان لە ناو پۆلدا کەمجار یان هیچ کات باسی ئەم بابەتانە ناکەن.

ئەم ڕاستییە تاڵە لە لایەن مامۆستایانەوە پشتڕاست دەکرێتەوە. د. کەیفی مەغدید (پۆلیتەکنیکی هەولێر) و د. کاروان ساڵح (زانکۆی زاخۆ) ئاماژە بەوە دەکەن کە یاسای کار لە ناو کۆلێژی یاسادا قەتیس کراوە و بەشە زانستی، پزیشکی و ئەندازیارییەکان بە تەواوی لێی بێبەشن، لە کاتێکدا دەرچووانی ئەم بەشانە زۆرینەی هێزی کاری کەرتی تایبەت پێکدەهێنن. مامۆستایان تەمەنی ئەم پاشەکشەیەی زانکۆ بۆ «مەرکەزییەت و ڕەقبوونی پڕۆگرامەکانی خوێندنی باڵا» و ڕۆتیناتی درێژی کارگێڕی دەگەڕێننەوە، کە ڕێگا نادات خوێندنی ئەکادیمی

خۆی لەگەڵ واقیعی داینامیکی بازاڕدا بگونجێنێت. لەبەر ئەم بۆشاییە فەرمییە، خوێندکار ناچارە بۆ پڕکردنەوەی تینوێتی مەعریفی خۆی (کە ٦٨.٨٪ لە ڕاپرسییەکەدا داوای وانەی تایبەت دەکەن)، پەنا بباتە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. واقیعی بازاڕی ناڕێکخراو و قەیرانی ئامادەکاریی لە سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی یەکگرتنەوەی داتاکان لە پرسی ئەزموونی کاردایە. ڕاپرسییەکە دەریخستووە کە ٧٣.٢٪ی خوێندکاران خاوەنی ئەزموونی کارکردنن. ئەم ژمارە بەرزە نیشانی دەدات کە خوێندکار لە ناو جەرگەی بازاڕدایە، بەڵام هاوکات ٤٢.٩٪ی خوێندکاران ئاستی زانیاریی خۆیان بە لاواز یان زۆر لاواز دەزانن. ئەم کەلێنە گەورەیە لە لایەن د. عەبدولسەمیعەوە (زانکۆی سەلاحەدین) شی دەکرێتەوە، ئەو پێی وایە بازاڕی کاری کوردستان بازاڕێکی نافەرمی، ناڕێکخراو و شێواوە. خوێندکار لە ناو بازاڕدایە بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێنمایی یاسایی، نازانێت کە مافەکانی پێشێل دەکرێن.

لەم دۆخەدا، پێویست بوو سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC) ڕۆڵی تایبەت ببینن، بەڵام ژمارەکان دەڵێن ٧٣.٦٪ی خوێندکاران ئاگاداری بوونی ئەم سەنتەرە نین، و ٨٣.٢٪یان هیچ کات بەشداریان لە چالاکییەکانیدا نەکردووە. ئەم نائامادەییە نیشتمانییە لە چاوپێکەوتنەکاندا لە لایەن پ.ی.د. دلاوەر عوسمانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی قووڵ دەبێتەوە. ئەو پێی وایە CDC هۆشیاریی خوێندکاری کورتکردووەتەوە لە «کارامەییە ڕووکەشەکاندا « (چۆن سیڤی بنووسێت و چۆن لە چاوپێکەوتندا بپێکەنێت)، بەڵام خوێندکارەکە بە تەواوی ڕووت دەکاتەوە لە پاراستنی یاسایی و پێی ناڵێت ئەگەر تووشی چەوسانەوە بوو پەنا بۆ کوێ ببات. سەنتەرەکانی CDC تەنیا کارمەندی بێدەنگ بۆ ئاشی کۆمپانیاکان بەرهەم دەهێنن، نەک کادیری هۆشیار.

٤.پوختەی یەکخستنی داتاکان

تەواوکاری نێوان هەردوو میتۆدەکە دەسەلمێنێت کە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هێشتا لە ژێر سێبەری عەقڵییەتی کۆنی «پەروەردەکردنی فەرمانبەر بۆ کەرتی گشتی»دا کار دەکەن. دەرئەنجامی ئەم دابڕانە بونیادییە لە نێوان ژمارەکانی ڕاپرسی (کە تینوێتی خوێندکار بۆ هۆشیاری پیشان دەدات) و گوتاری ماموستایان (کە کۆسپی کارگێڕی و ستراتیژی پیشان دەدات)، دروستبوونی هێزێکی کاری دەرچووی «لاواز، بێدەنگ و نامۆ لە ڕووی یاساییەوە» لە بازاڕی کار و کەرتی تایبەتدا.

بەشی پێنجەم: گفتوگۆ، ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە

٥.١. گفتوگۆی دۆزینەوەکان و بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشوو

دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پەردە لەسەر قەیرانێکی بونیادی هەڵدەدەنەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی ئەکادیمیدا لە هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە دابڕانی نێوان فێربوونی تەکنیکی و هۆشیاریی یاسایی. داتاکان نیشانی دەدەن کە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەبوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی گەشەپێدانی هۆشیاریی خوێندکاران لەسەر مافەکانیان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (٨٨.٦٪) پێگەی فەرمی زانکۆیان (٤٤.٣٪) زەوت کردووە.
کاتێک ئەم ئەنجامانە بەراورد دەکەین بە ئەدەبیاتی پێشوو، چەند خاڵێکی هاوبەش و جیاواز دەردەکەون. لەناویاندا، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ دۆزینەوەکانی نجرس و سلێمان(٢٠١٥)، ئەوان پێداگیرییان کرد لەسەر ئەوەی کە کۆسپی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی ڕۆڵی زانکۆ لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران بەرانبەر مافە کۆمەڵایەتییەکان سنووردار دەکات. ئەم توێژینەوەیەش نیشانی دەدات کە لە هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت ئەو خوێندکارانەی ئەزموونی کارکردنیان هەیە (٧٣.٢٪)، هێشتا ئاستی زانیاریی یاساییان نزمە. هاوکات، توێژینەوەکەی عەساف (٢٠٢٣) کە جەختی لەسەر پێویستیی تێکەڵکردنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ چالاکییەکانی زانکۆدا دەکات، دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش بە تەواوەتی پشتیوانی لەم ڕوانگەیە دەکەن، چونکە ٦٨.٨٪ی خوێندکاران داوای جێگیرکردنی وانەیەکی تایبەت بە مافەکانی کار دەکەن.

٥.٢. دەرئەنجامە سەرەکییەکان

پشتبەستن بە یەکخستنی داتاکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنەکان، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم دەرئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:
١.تەمومژاویبوونی هۆشیاری و «شۆکی ناسنامە»: خوێندکاران هۆشیارییەکی ڕووکەشیان هەیە کە لە دەوروبەری مافی مووچەدا دەسووڕێتەوە، بەڵام بێئاگان لە مافە بونیادییەکانی وەک دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سەلامەتی پیشەیی، ئەوەش لە هەندێک بارودۆخدا دەگاتە ئاستی دروستبوونی شۆکی دەروونی لە بازاڕی کاردا، کاتێک خوێندکارانی بەشەکانی وەک تەندروستی و ئەندازیاری و هتد، خۆیان وەک «کرێکار» نابینن و ئەوەش لە کۆتاییدا وا دەکات ئەو هۆشیارییەیان نەبێت کە پاڵپشت بە ناوەڕۆکی یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پێداگیری لەسەر مافەکانیان بکەن.
٢.چەقبەستوویی مەنهەجی و مەرکەزییەتی کارگێڕی: زانکۆکانی هەرێم هێشتا لە ژێر سایەی مێژوویی عەقڵییەتی «پەروەردەکردنی خوێندکار بۆ کەرتی گشتی» کار دەکەن. یاسای کار لە ناو کۆلێژی یاسادا قەتیس کراوە، و بەشە زانستی و ئەندازیارییەکان کە زۆرینەی کەرتی تایبەت پێکدەهێنن، بە تەواوی لێی بێبەشن.
٣.پاشەکشەی ڕێکخراوەیی سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار: سەرەڕای فراوانبوونی سەنتەرەکانی

گەشەپێدانی کار، ئەم دامەزراوانە کەمترین ئامادەییان لە ئەزموونی خوێندکارانداا هەیە و کارەکانیان کورتکراوەتەوە لە کارامەییە ڕووکەشەکانی وەک نووسینی سی ڤی و زمانی ئینگلیزی و ... هتد، بەبێ ئەوەی خوێندکار پڕچەک بکەن بە زانیاری و هۆشیاریی مافەکانیان.
٤.دابڕانی هاوبەشی سێقۆڵی: هیچ پەیوەندییەکی فەرمی و داینامیکی لە نێوان زانکۆ و دەرەوەی خۆی(وەزارەتی کار، سەندیکاکان، و کۆمپانیاکان) نییە، ئەوەش بازاڕی کاری کەرتی تایبەتی وەک بازاڕێکی نافەرمی و ناڕێکخراو هێشتووەتەوە.

٥.٣. پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

پشتبەستن بە دەرئەنجامە مەیدانییەکان، توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات:
یەکەم: لەسەر ئاستی وەزارەت و دامەزراوەی پڕۆگرامەکان
ئەلف. جێگیرکردنی کۆرسی ناچاریی «یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی»: پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆرسێکی ناچاری لە قۆناغی کۆتایی جێگیر بکات، بۆ ناساندنی «ناسنامەی یاسایی دەرچوو وەک کارمەند/کرێکار لە کەرتی تایبەتدا».
با. شکاندنی مەرکەزییەتی مەنهەج: پێدانی دەسەڵاتی کارگێڕی بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ ئەوەی بتوانن پڕۆگرامەکان لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی کار و گۆڕانکارییەکانی بازاڕی کار نوێ بکەنەوە.

دووەم: لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ و سەنتەرەکان

دامەزراندنی «کلینیکی یاسایی خوێندکاران» لەناو سەنتەرەکانی کار: گۆڕینی ستراتیژی کارکردنی سەنتەرەکانی CDC لە ناوەندێکی کورتکراوە لە جوانکاری، بۆ دەزگایەکی ڕاوێژکاری یاسایی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆلێژەکانی یاسا، بۆ مەبەستی گەشەپێدانی هۆشیاریی ماف و پێداچوونەوەی گرێبەستەکان پێش واژۆکردنیان لە لایەن دەرچووانەوە.

سێیەم: لەسەر ئاستی هاوبەشی سێقۆڵی و بەدواداچوون

ئەلف. کاراکردنی مۆدێلی (Triple Helix): واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی فەرمی لە نێوان زانکۆکان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەندیکا کرێکارییەکان، بۆ هێنانە ناوەوەی کەیسە ڕاستەقینەکانی پێشێلکاری بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن.
با. سیستمی دیجیتاڵی چاودێریی دەرچووان: دروستکردنی بنکەیەکی داتا بۆ چاودێریکردنی دەرچووان بۆ ماوەی سێ بۆ پێنج ساڵ، بۆ زانینی ژمارەی ئەو دەرچووانەی گرێبەستی فەرمییان هەیە و لە سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمارکراون.

٥.٤. پێشنیاز بۆ توێژینەوەی داهاتوو

١.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ئاستی هۆشیاریی یاسایی خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکان و خوێندکارانی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢.لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەرییان لەسەر قەرەبووکردنەوەی پاشەکشەی زانکۆکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی کرێکاران.

سەرچاوەکان

ئەحمەد، مەحمود عەساف. ٢٠٢٣. «تفعيل دور الجامعات في التثقيف القانوني بحقوق الإنسان كمدخل لتحقيق السلم الاجتماعي.» مجلة آفاق للعلوم 8، ژمارە 3: 841–850.

سەرحەد محەمەد سەمین. ٢٠١٧. «ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوواڵتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ.» گۆڤاری زانکۆی گەرمیان: ٣٦٩-٣٩٤.

نجرس، عبد المنعم علي، وعهود عبد الرزاق سلمان. 2015. «دور الجامعة في التوعية بحقوق الإنسان الاجتماعية والثقافية لدى الطلبة.» مجلة كلية التربية للبنات 26، عدد 2: 110–126.

Becker, Gary S. 1993. Human Capital: A Theoretical and Empirical Analysis, with Special Reference to Education. 3rd ed. Chicago: University of Chicago Press.

Charmo University. n.d. «Career Development Center.». chu.edu.iq.

Cihan University–Erbil. n.d. «Career Development Center.» cihanuniversity.edu.iq.

Cihan University–Sulaimani. n.d. «Career Development Center.». edu.krd.

Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ). 2025. «Employment Promotion and Vocational Training Projects in the Kurdistan Region.» GIZ Projects.

Freire, Paulo. 1970. Pedagogy of the Oppressed. New York: Continuum.

Garmian University. n.d. «Career Development Center.» Facebook Page. facebook.com.

International Labour Organization (ILO). 2024. World Employment and Social Outlook: Trends 2024. Geneva: International Labour Organization.

Jung, Yi-hwa. 2024. «Path Analysis between Perception of Labor Rights Education Experience and Labor Rights Awareness.» Korean Education 51, no. 2: 5–34.

Koya University. 2025. «Career Development Center and Skills Training Program.». koyauniversity.org.

Kurdistan Technical Institute. n.d. «Career Development Center.». kti.edu.iq.

Raparin University. n.d. «Career Development Center.». raparinuni2024.org.

Schultz, Theodore W. 1961. «Investment in Human Capital.» The American Economic Review 51, no. 1: 1–17.

Soran University. n.d. «Industry Vacancies and Career Development.» soran.edu.iq.

Sulaimani Polytechnic University. n.d. «Career Development Center.». spu.edu.iq.

UNESCO. 2021. Reimagining Our Futures Together: A New Social Contract for Education. Paris: UNESCO.

University of Kurdistan Hewler (UKH). n.d. «Career Development Centre.». edu.krd.

University of Sulaimani. n.d. «Career Development Center.». univsul.edu.iq.

Yoon, Noah, and Yi-hwa Jung. 2023. «An Exploratory Study on the Factors Influencing Labor Rights Awareness among High School Students.» Journal of Education and Culture 29, no. 6: 447–470.

چاوپێکەوتنەکان:

د. کەیفی مەغدید، کۆلیژی پۆلیتەکنیکی هەولێر
م. ئارام قادر، زانکۆی هەڵەبجە.
د. کاروان سالّح، زانکۆی زاخۆ
پ. ی. د. دلاوەر عوسمان مەجید، زانکۆی سلێمانی
د. هاوکار حسێن، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی
م. خدر حوسێن، زانکۆی دهۆک
م. محەمەد عەبدوڵڵا، زانکۆی ڕاپەڕین
د. عەبدولسەمیع محەمەد، زانکۆی سەلاحەدین
م. گۆران محەمەد، زانکۆی سلێمانی
محەمەد سەعید، ئەندازیار، هەولێر.

هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی دەروونی لە نێوان کرێکارانی بیناسازیی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجامدراوە لەلایەن : م. داستان طارق فائق
بارین حمید عبدالله

2026

پێشەکی

خۆشگوزەرانی دەروونی یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی تەندروستیی گشتی و کوالێتیی ژیان بۆ هەموو تاکێک لە کۆمەڵگا جیاوازەکان لە تەواوی جیهان. ئەم چەمکە پەیوەندی بە چۆنیەتی هەستکردن و کارکردنی تاک لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە، لەوانە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکان، پاراستنی پەیوەندییە ئەرێنیەکان و بەشداریکردن لە چالاکییەکان. دامەزراندن و هەبوونی کارێکی شایستە دەتوانێت لە ڕێگەی دابینکردنی داهات، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە ئامانجەوە پشتگیری لە خۆشگوزەرانی بکات. بەڵام، بارودۆخی کارکردنیش دەتوانێت تاکەکان ڕووبەڕووی مەترسییە دەروونییەکان بکاتەوە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی کە ژینگەی کاری سەلامەت و هەبوونی پشتگیری بۆ پاراستن و بەرزکردنەوەی تەندروستی دەروونی کرێکاران گرنگە (WHO, 2022).

دەربارەی ژینگەی کاری کرێکاران تەنها بارودۆخی فیزیکیی شوێنی کار ناگرێتەوە، بەڵکو هۆکارە ڕێکخستنی کارش لەخۆ دەگرێت؛ وەک قورسایی ئەرکەکان، ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن، سەلامەتی و ئاسایشی پیشەیی، پەیوەندیی نێوان کرێکاران و بەڕێوەبەران، و پشتگیریی بەردەست لە شوێنی کاردا. بارگرانیی زۆری کار، کاتژمێرە درێژ یان نەگونجاوەکانی کارکردن، بارودۆخی ناسەلامەت و دەسەڵاتی سنووردار کرێکار لەسەر چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکەی، دەتوانن مەترسییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان زیاد بکەن بۆ کرێکاران (ILO, 2016). لەبەر ئەوە، بۆ تێگەیشتن لە خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکاران، پێویستە هەم بارودۆخی کاریان و هەم تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانیان لەبەرچاو بگیرێن.

لەوەش گرنگتر بابەتی هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی کرێکارانە کە بریتییە لە توانای تاک بۆ ڕێکخستنی داواکارییەکانی کار لەگەڵ بەرپرسیارێتییە کەسی، خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیدا. کاتێک کار بەشێکی زۆر لە کات و وزەی کرێکار داگیر دەکات، لەوانەیە دەرفەتی کەمتر بۆ پشوودان، بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزان و بەشداریکردن لە چالاکییە کەسییەکان بمێنێتەوە. دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کاتژمێرەکانی کارکردن، قورسایی ئەرکەکان، کولتووری ڕێکخراوەیی و پشتگیری لە شوێنی کاردا کردووە، وەک هۆکارگەلێک کە پەیوەندییان بە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانەوە هەیە . بەجۆرێک کە هاوسەنگیی باشتر لە نێوان کار و ژیاندا، بە گشتی، پەیوەندی بە خۆشگوزەرانیی باشترەوە هەیە؛ لە بەرامبەردا، نەبوونی ئەم هاوسەنگییە دەتوانێت پەیوەندی بە زیادبوونی فشاری دەروونی و ئەزموونە نەرێنییەکانی دیکەوە هەبێت (Hariri et al., 2024).

پەیوەندیی نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان، بە تایبەتی لە پیشە جەستەییە قورسەکاندا، وەک بیناسازی، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. کرێکارانی

بیناسازی لەوانەیە ڕووبەڕووی مەترسییە پیشەییەکان، ئەرکە قورسەکان و کاتژمێرە درێژ یان نەگونجاوەکانی کارکردن ببنەوە. ئەم هۆکارانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کات و وزەی بەردەستی کرێکاران بۆ ژیانی کەسییان هەبێت.. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پێشنیار دەکات کە بۆ پاراستنی تەندروستیی دەروونی لە شوێنی کاردا، ڕێکارە دروستەکانیکارکاردن بگیرێنەبەرلەوانە دەستنیشانکردنی مەترسییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و باشترکردنی بارودۆخی کار، لەبری ئەوەی تەنها پشت بە توانای تاکەکەسیی کرێکاران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکان ببەستێت(WHO, 2022).

سەرەڕای پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و زیادبوونی هەلی کار و ژمارەی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ژینگەی کار هێشتا وەک پێویست نییە بۆ پاراستنی مافی بنەڕەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی کە بەپێی یاسا ، پەیماننامە و ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کرێکاران دیاری کراوە. بە هۆی ئەوەی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە کرێکارانەوە کەمتر بوونەتە جێگای مشتومڕی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بۆیە دەکرێت لە ڕەهەندی جیاوازەوە و لە ڕێگای توێژینەوەوە هەوڵی وروژاندنی ئەم پرسە بدرێت. هەڵسەنگاندنی خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان لە نێوان کرێکارانی کەرتی تایبەتی بیناسازیدا، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە ئەزموونە پیشەییەکانیان. بەم پێیە، ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر کرێکارانی بیناسازی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک. ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان، پشکنینی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە، و لێکۆڵینەوە لە جیاوازییەکانیان بەپێی هەندێک لە تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و پیشەییەکانی کرێکارانە. وە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. هەڵسەنگاندنی ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی لە نێوان کرێکاراندا.
2. هەڵسەنگاندنی ئاستی هاوسەنگیی کار و ژیان لە نێوان کرێکاراندا.
3. پەیوەندی نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی کار و ژیان لای کرێکاران.
4. پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتیەکان (تەمەن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکرێن لە لاین کرێکارانەوە، ئاستی خوێندەواری) و خۆشگوزەرانیی دەروونی.
5. پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییە پیشەییەکان و تەندروستی (کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا ، ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا ، دڵنیایی تەندروستی ، دەستەبەری کۆمەڵایەتی) کرێکاران لەگەڵ هاوسەنگیی کار و ژیان.

توێژینەوەکانی پێشوو

خۆشگوزەرانیی دەروونی ئاماژەیە بۆ بارودۆخی دەروونیی تاک و ئەوەی تا چەند هەست بە باشی، ئارامی و توانای بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات. لە بەرامبەردا، هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان پەیوەندی بە توانای تاکەوە هەیە بۆ ڕێکخستنی داواکارییەکانی کار لەگەڵ پێداویستی و بەرپرسیارێتییەکانی ژیانی کەسی و خێزانیدا. هەرچەندە ئەم دوو چەمکە جیاوازن، توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەندیی نێوانیان لە بارودۆخی کاری جیاوازدا پشکنیوە. لەبەر ئەوە، پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە و ئەو هۆکارە تاکەکەسی و پیشەییانەی لەوانەیە پەیوەندییان پێیانەوە هەبێت.

یانگ و هاوکارانی (Yang et al., 2018) لە کۆریای باشوور لە توێژینەوەیەکدا لەسەر(30,649) کرێکارئەنجامیانداوە گەیشتنە ئەوە نەنجامەی کە نەبوونی هاوسەنگیی دروست لە نێوان کار و ژیاندا پەیوەندی بە خراپی ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە. بە هەمان شێوە، شامس و کادۆ (Shams & Kadow, 2019) لە توێژینەوەیەکی تردا لەسەر (640) کرێکار لە پێنج پیشەسازیی جیاوازدا لە پاکستان، پەیوەندییەکی ئەرێنییان لە نێوان هاوسەنگیی کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی تاکەکەسیدا دەستنیشان کرد. هەرچەندە ئەم دوو توێژینەوەیە شێوازی جیاوازیان بۆ پێوانەکردنی خۆشگوزەرانی بەکارهێناوە، هەردووکیان بەڵگەی زانستیان لەبارەی پەیوەندیی نێوان هاوسەنگیی کار و ژیان و خۆشگوزەرانی پێشکەش کردووە.

جگە لەم پەیوەندییەی سەرەوە ، بارودۆخی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییش دەتوانێت پەیوەندی بە ئەزموونی کرێکارانەوە هەبێت. ستانکێڤیچیەنێ و هاوکارانی (Stankevičienė et al., 2021) لە توێژینەوەیەکدا لەنیوان (402) کرێکار لە لیتوانیا دۆزییانەوە کە هاوسەنگیی کار و ژیان ڕۆڵێکی نێوەندگیری ئەرێنی لە پەیوەندیی نێوان کولتووری کار و خۆشگوزەرانیی کارمەندانداندا دەگێڕێت. لە هۆنگ کۆنگیش، وۆنگ و هاوکارانی (Wong et al., 2021) لە توێژینەوەیەکدا لەسەر (1,063) کرێکارو کارمەندا ئەنجامیان داوە ،ئاماژەیان نەوە داوە کە هاوسەنگیی کار و ژیان پەیوەندییەکی ئەرێنی بە خۆشگوزەرانیی کارمەندانەوە هەیە. لەوەش زیاتر، ئەنجامەکانیان هەروەها گرنگیی هۆکارە تاکەکەسییەکان، پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و هۆکارە کۆمەڵایەتییە فراوانترەکان دەردەخەن. بە گشتی، ئەم دوو توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە هاوسەنگیی کار و ژیان تەنها بە بارودۆخی کەسیی تاکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو ژینگەیەشەوە هەیە کە تێیدا کار و ژیان دەکات.

بارودۆخی دامەزراندن و ژینگەی کارکردنیش لە توێژینەوەکانی دواتردا جێی سەرنج بووە. عەبدول جەلیل و هاوکارانی (Abdul Jalil et al., 2023) لە توێژینەوەیەکدا لەسەر (442)

کرێکاری رۆژانە ، واتە ئەو کرێکارانەی بەشێوەی ناچێگیر ڕۆژانە کاردەکەن کە زۆرینەیان سودمەند نابن لە دڵنیایی تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وڵاتی مالیزیا دۆزییانەوە کە نادڵنیایی لە پاراستنی کار پەیوەندییەکی نەرێنی بە هاوسەنگیی کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی دەروونییەوە هەیە. هەروەها، هاوسەنگیی کار و ژیان ڕۆڵێکی نێوەندگیری ئەرێنی دەگێڕێ لە پەیوەندی نێوان ئاسایشی کار و خۆشگوزەرانی دەروونی دا. لە توێژینەوەکی تر لە کەرتێکی پیشەیی جیاوازدا، هایدەر و هاوکارانی (Abdul Jalil et al., 2023) لە نێوان (284) کارمەندی بانک لە پاکستان دۆزییانەوە کە خۆشگوزەرانیی دەروونی ڕۆڵێکی ناوبژیوانی لە پەیوەندیی نێوان هاوسەنگیی کار و ژیان و ئەدای کاریدا دەگێڕێت. هەرچەندە ئەم دوو توێژینەوەیە لە بارودۆخی کاری جیاوازدا ئەنجام دراون و ئەنجامی جیاوازیان بەردەست خستووە ، هەردووکیان گرنگیی خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی کار و ژیان بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی کرێکاران دەردەخەن.

بە گشتی، ئەم شەش توێژینەوە ئەزموونییە بەڵگە لەبارەی پەیوەندیی نێوان هاوسەنگیی کار و ژیان و خۆشگوزەرانی لە وڵات و پیشە جیاوازەکاندا پێشکەش دەکەن. هەریری و هاوکارانی (Hariri et al., 2024) لە پێداچوونەوەکەیان بە توێژینەوەکانی پێشوو، کاتژمێرەکانی کارکردن، ژمارەی ڕۆژانی کارکردن، ژینگەی ڕێکخراوەیی کار و پشتگیری لە شوێنی کاردا وەک هۆکارە پەیوەستەکان بە هاوسەنگیی کار و ژیان دەستنیشان کردووە. بەڵام، ناتوانرێت گریمانە بکرێت کە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە نوێنەرایەتیی کرێکارانی کەرتی تایبەتی بیناسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن. بۆیە، توێژینەوەی ئێستا ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان لە نێوان(111)کرێکاری بیناسازی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە بەمەبەستی دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە و جیاوازییەکانی خۆشگوزەرانیی دەروونی بەپێی تەمەن، ژمارەی ئەو کەسانەی کرێکاران سەرپەرشتیان دەکەن، ئاستی خوێندن، و جیاوازییەکانی هاوسەنگیی کار و ژیان بەپێی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا، ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا، بیمەی تەندروستی ، دەستەبەری کۆمەلایەتی ،و بوونی زەبری دروونی لە شوینی کاردا.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی توێژینەوەی چەندێتی، وەسفی و شیکاری (بەرواردکار و پەیوندی) بەکارهاتووە. ئەم شێوازە بەکارهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان (دیمۆگرافییەکان) ، بارودۆخی پیشەیی کرێکاران، خۆشگوزەرانیی دەروونی، و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان لە ناو کرێکارانی کەرتی تایبەت ، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەری

پەیوەندییەکانی نێوان ئەم گۆڕاوانەی سەرەوە.
کۆمەڵگای توێژینەوەکە : کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە کرێکارانی بواری بیناسازی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک).
نمونەی توێژینەوەکە : نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (١١١) کرێکار لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر 45 کرێکار ، سلێمانی 21 کرێکار ، دهۆک 45 کرێکار). دابەش بوونی ڕەگەزی کرێکارانی بەشداربوو (٨٨) کرێکاری ڕەگەزی نێر دەکاتە (٧٩.٣٪) کۆی بەشداربووان وە (٢٣) کرێکاری ڕەگەزی مێ کە دەکاتە ڕێژەی (٢٠.٧٪) کۆی بەشداربووان .تەمەنی بەشداربووان لە ١٨ ساڵییەوە دەستی پێدەکرد تا سەروو ٥٠ ساڵی کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون.
کۆکردنەوەی داتاکان : پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان لە ماوەی نێوان (٢٠٢٦/٧/١ تا ٢٠٢٦/٩/٥) ئەنجام دراوە . فۆڕمی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی (Google Forms)ەوە ئامادەکراوە بە دوو شێواز بەسەر بەشداربووواندا دابەشکراوە: یەکەمیان بە شێوەی ئۆنلاین لە ڕێگەی ناردنی لینکەکەوە لە ڕێگەی تۆری کۆمەڵایەتیی (WhatsAupp)، وە دووەمیان لە ڕێگەی سەردانیکردنی مەیدانی و ڕاستەوخۆ بۆ لای کرێکاران و پڕکردنەوەی لینکەکە لەلایەن خۆیانەوە.
ئامرازەکانی توێژینەوە: بەمەبستی کۆکردنەوی زانیاری پێویست بۆ بەدستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە ،ڕاپرسیەک ئامادەکراوە کە پێکهاتووە لە سێ بەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان (دیمۆگرافییەکان) وە بارودۆخی پیشەیی کرێکاران، خۆشگوزەرانیی دەروونی (Psychological Well-Being) ، هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی کرێکاران (Work-Life Balance)، بەم شێوەی خوارەوە:

- پێوانەی تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان (دیمۆگرافی) و پیشەییەکان: ئەم بەشە زانیارییە کەسی و پیشەییەکانی کرێکارانی کۆکردەوە، وەک تەمەن، ڕەگەز، باری خێزانی، ئاستی خوێندن، ژمارەی ئەوە کەسانەی کە کرێکارسەرپەرشتیان دەکات ، کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا،ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا، هەروەها مێژووی پێکان لە شوێنی کار، دڵنیایی تەندروستی، بوونی دڵنیایی کۆمەڵایەتی ، بوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، زەبری دەروونی (تراوما) لە شوێنی کار.
- پێوەری خۆشگوزەرانیی دەروونی (World Health Organization [WHO], 1998 Psychological Well-Being) () : خۆشگوزەرانیی دەروونی کرێکاران هەڵسەنگێندرا بە بەکارهێنانی پێوەری پێنج-خاڵیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەم پێوەرە لە (٥) بڕگە پێکهاتووە لەگەڵ (٦) بژاردەی وەڵام دانەوە لە بەرمبەر هەر بڕگەیەک کە بریتین لە (لە هیچ کاتێکدا، هەندێک کات، کەمتر لە نیوەی کاتەکان ، زیاتر لە نیوەی کاتەکان ، زۆبەی کات، هەموو کاتەکان) بەهای بژاردەکان بریتین لە (٠،١،٢،٣،٤،٥)، و کۆی خاڵەکان جارانی

٤ دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی سەدی کە لە نێوان ٠ بۆ ١٠٠ دایە، بە جۆرێک نمرەی بەرزتر ئاماژەیە بۆ ئاستێکی باشتری خۆشگوزەرانیی دەروونی لە نیوان کرێکاران.

- پێوەری هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان (Work-Life Balance) (Hayman, 2005) : ئەم پێوانەیە بەکارهاتووە بۆ پێوانە کردنی هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی کرێکارن لە ڕێگەی پێوەرێکی (١٥) بڕگەییەوە لەگەڵ (٥) بژاردەی وەڵام دانەوە لە بەرمبەر هەر بڕگەیەک کە بریتین لە (بە تەواوی هاوڕا نیم، هاوڕانیم ، بێلایەنم ، هاوڕام ، بە تەواوی هاوڕام) بەهای بژاردەکان بریتین لە (١،٢،٣،٤،٥) بەهەمان بەهاو ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگە نەرێیەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە. کۆی گشتیی نمرەکان بە شێوەیەک هەژمار کران کە نمرەی بەرزتر ئاماژەیە بۆ ئاستێکی باشتر لە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی تایبەتی کرێکاران.

جێگیریی پێوەرەکان (Reliability of Scales) :بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی ناوەکی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، تەکنیکی ئاماری ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach›s Alpha) بەکارهێنراوە. ئەنجامەکان دەریانخست کە پێوەرەکان جێگیرییەکی زۆر باش و باوەڕپێکراویان هەیە، بە جۆرێک بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوەری خۆشگوزەرانیی دەروونی (WHO-5) بریتی بوو لە (0.771) کە دەرخەری ئاستی باشە بۆ پێوەرەکە ، وە بۆ پێوەری هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان (Work-Life Balance) بریتی بوو لە (0.874) بوو کە دەرخەری ئاستی زۆر باشە بۆ پێوەرکە.

ڕەچاوکردنی لایەنی ئاکاری و ئەخلاقی (Ethical Considerations) : لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکاندا، تەواوی بنەما ئاکارییەکان ڕەچاو کراون. لە پێشەکیی فۆرمی ڕاپرسیەکدا، ڕێنمایی و شێوازی بەشداریکردن بە ڕوونی باس کراوە ، و ڕەزامەندیی پێشوەختە لە بەشداربووان وەرگیراوەو. هەروەها، دڵنیایی تەواو درا بە بەشداربووان سەبارەت بە پاراستنی نهێنییەکان، بە جۆرێک کە ناسنامەیان بە تەواوی شاراوە دەبێت و داتاکانیش تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکاردەهێنرێن.

کەرەستە ئامارییەکان:

بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەی داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری سوود لە بەرنامەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS) وەرگیراوە. ئاماری وەسفی (وەک ڕێژەی سەدی، دووبارەبوونەوە، ناوەندە، و لادانی پێوانەیی) بۆ خستنەڕووی زانیاریی دیموگرافییەکان بەکارهێنرا. بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان و دۆزینەوەی جیاوازی و پەیوەندییەکان، تاقیکردنەوەکانی وەک تی سەربەخۆ (Independent T-test)، شیکاری (One-Way ANOVA)، و تەکنیکت ئاماری پەیوەندیی پیرسۆن (Pearson Correlation) بەکارهێنراون.

ئەنجامەکان:

خستنەڕووی تایبەتمەندیی کەسی و کۆمەڵایەتی (دیمۆگرافی) کرێکاران :

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەشداربووان کە ژمارەیان (١١١) بەشداربووە لە خشتەی (١) دا ڕوون کراونەتەوە. وەک لە خشتەکەدا دیارە دابەشبوونی تەمەنی بەشداربووان زیاتر لە تەمەنی گەنج بوون، زۆرترین ڕێژەی کرێکاران لەم توێژینەوەیەکرێکاران دەکەونە نێوان تەمەنی(١٨-٢٩ ساڵی) کە ژمارەیان(٤٥) بە ڕێژەی (٤٠.٥٪) ، بەدوایدا ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٣٩ ساڵیدایە ژمارەیان(٣٣) کرێکارە بە ڕێژەی (٢٩.٧٪) کۆی بەشداربووان.

سەبارەت بە باری خێزانیی بەشداربووان، زیاتر لە نیوەیان خێزاندار بوون کە ژمارەیان(٦٤) کرێکار بوو بە ڕێژەی (٥٧.٧٪) وە (٤٧) کرێکار کە دەکاتە ڕێژەی (٪ ٤٢.٣) ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەڵتن .

لە ڕووی بەرپرسیارێتی دارایی و سەرپەرشتیکردنەوە، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرپەرشتی ١ تا ٣ کەس دەکەن کە ژمارەیان(٤٨) کرێکار بوو بە ڕێژەی (٢.٤٣٪)، وە (٢٣) بەشداربوو کە دەکاتە ڕێژەی (٢٨.٨٪) ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرپەرشتی هیچ کەسێک ناکەن. تەنها کەمینەیەکی بچووک لە بەشداربووان کە ژمارەیان(٨)بەشداربووە بە ڕێژەی (٢.٧٪)، سەرپەرشتی ٧ کەس یان زیاتریان دەکرد. دەربارەی ئاستی خوێندەواری کرێکارانی بەشداربوو، زۆرینەی کرێکاران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون ژمارەیان (٤٥) بە ڕێژەی (٤٠.٥٪) ، لە کاتێکدا تەنها (١٢) کرێکار ڕێژەی ١٠.٨٪ نەخوێندەوار بوون .

خشتەی ژمارە (١)

تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتی (دیمۆگرافییەکانی) بەشداربووان (ژمارە = ١١١)

گۆڕاو		ژمارە	ڕێژە %
گرووپی تەمەن	١٨-٢٩ ساڵ	٤٥	٤٠.٥
	٣٠-٣٩ ساڵ	٣٣	٢٩.٧
	٤٠-٤٩ ساڵ	٢١	١٨.٩
	٥٠ ساڵ و زیاتر	١٢	١٠.٨
باری خێزانی	سەڵت	٤٧	٤٢.٣
	خێزاندار	٦٤	٥٧.٧
ژمارەی کەسانی ژێر سەرپەرشتی	هیچ کەسێک	٣٢	٢٨.٨
	١-٣ کەس	٤٨	٤٣.٢
	٤-٦ کەس	٢٣	٢٠.٧
	٧ کەس و زیاتر	٨	٧.٢

ئاستی خوێندن	نەخوێندەوار	١٢	١٠.٨
	سەرەتایی	١٤	١٢.٦
	ئامادەیی	٣٦	٣٢.٤
	بەکالۆریۆس	٤٩	٤٤.١

خستنەڕووی تایبەتمەندیی پیشەیی و تەندروستییەکانی کرێکاران :

تایبەتمەندییە پیشەیی و تەندروستییەکانی بەشداربووانی توێژینەوە لە خشتەی ٢دا نیشاندراوە. سەبارەت بە کاتژمێرەکانی کارکردن، زۆرینەی کرێکارانی بەشداربوو ڕۆژانە ٨ کاتژمێر کار دەکەن کە ژمارەیان(٧٠)بەشداربووە بە ڕێژەی (٦٣.١٪) ، هەروەها زۆرترین ڕێژەیان ٦ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا کار دەکەن ژمارەیان(٧٧)بەشداربووە بە ڕێژەی (٦٩.٤٪) .

دەربارەی تایبەتمەندی سەلامەتی و تەندروستی لە شوێنی کاردا ، لە کۆی (١١١) کرێکاری بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا (٣٣) (n = ٣٣)ی کرێکاران تووشی پێکان بوون لە شوێنی کاردا کە دەکاتە ڕێژەی (٢٩.٧٪) بەشداربووان ، وە تەنها (٣٥) کرێکار کە دەکاتە (٣١.٥٪) ئاماژەیان بە بوونی زەبری دەروونی بەهۆی کارەکەیانەوە کردووە. لە بارەی هەبوونی نەخۆشی درێژخایەن ، زۆرینەی بەشداربووان کە ژمارەیان(٩٨)بەشداربووە بە ڕێژەی (٨٨.٣٪) ئاماژەیان بەوەداوە کە نەخۆشیی درێژخایەنیان نییە .

لە ڕووی مافە پیشەییەکانەوە، نزیکەی نیوەی کرێکاران بێبەشن لە دڵنیایی تەندروستی ژمارەیان(٥٢)بەشداربووە بە ڕێژەی (٤٦.٨٪) (n = ٥٢، ٤٦.٨٪) و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارەیان(٥٤)بەشداربووە بە ڕێژەی (٤٨.٦٪).

خشتەی ژمارە (٢)

تایبەتمەندییە پیشەیی و تەندروستییەکانی بەشداربووان (ژمارە = ١١١)

گۆڕاو		ژمارە	ڕێژە %
کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا	کەمتر لە ٨ کاتژمێر	١٦	١٤.٤
	٨ کاتژمێر	٧٠	٦٣.١
	٩-١٠ کاتژمێر	١٢	١٠.٨
	١١-١٢ کاتژمێر	٧	٦.٣
	زیاتر لە ١٢ کاتژمێر	٦	٥.٤

ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا	١-٤ ڕۆژ	١٤	١٢.٦
	٥ ڕۆژ	١٦	١٤.٤
	٦ ڕۆژ	٧٧	٦٩.٤
	٧ ڕۆژ	٤	٣.٦
زەبری دەروونی لە شوێنی کار	بەڵێ	٣٥	٣١.٥
	نەخێر	٧٦	٦٨.٥
نەخۆشیی درێژخایەن	بەڵێ	١٣	١١.٧
	نەخێر	٩٨	٨٨.٣
	نەخێر	٥٢	٤٦.٨
دەستەبەری کۆمەڵایەتی	بەڵێ	٣٩	٣٥.١
	نەخێر	٥٤	٤٨.٦
	نازانم	١٨	١٦.٢

ئاستی خۆشگوزەرانی دەروونی و هاوسەنگی کار و ژیان لای کرێکارانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیدا:

بۆ دیاریکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی دەروونی و هاوسەنگی کار و ژیان لای کرێکارانی بەشداربوو ئاماری وەسفی ناوەند (Mean) و لادانی پێودانگی (Standard Deviation) بۆ هەردوو گۆڕاوەکە هەژمار کران بۆ کرێکارانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیە کە ژمارەیان (١١١) کەس بوو وەک لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو .

وەک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەدا هاتووە، بەهای ناوەندی پێوەری خۆشگوزەرانی دەروونی بریتی بوو لە (٧.٦٠) ، لادانی پێوادانگی (٣.٤٩) . وەک لە ستانداردی پێوەری (WHO, 2008) کە بەکارهاتووە بۆ پێوانی خۆشگوزەرانی دەروونی لای کرێکاران ئەم ئەنجامە دەری دەخات کە کرێکاران ئاستێکی زۆر نزم (زۆر خراپ) ی خۆشگوزەرانی دەروونی دان. دواتر بۆ دیاریکردنی ئاستی هاوسەنگی کار و ژیان لای کرێکاران ، بەهای ناوەند بریتی بوو لە (٤٧.٧٥) لادانی پێوادانگی)١٥.٢٥) ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە بەشیوەیەکی گشتی هاوسەنگی کارو ژیان لەی کرێکاران لە ئاستێکی مام ناوەند دایە .

خشتەی ژمارە (٣)

ناوەند و لادانی پێودانگی گۆڕاوەکانی خۆشگوزەرانی دەروونی و هاوسەنگی کار و ژیان

گۆڕاو	ژ.نمونە	ناوەند	لادانی پێودانگی
خۆشگوزەرانی دەروونی	١١١	٧.٦٠	٣.٤٩
هاوسەنگی کار و ژیان	١١١	٤٧.٧٥	١٥.٢٥

پەیوەندی نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی کار و ژیان لای کرێکاران.

بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی کار و ژیان لای کرێکاران ، تەکنیکی هاوپەیوندی پیرسۆن (Person Correlation) ئەنجام درا وەک لە خشتەی ژمارە (٤) هاتووە ، ئەنجامەکانی ئەم شیکاریە دەریانخست کە پەیوەندییەکی ئەرێنیی لاواز هەیە لە نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی (ناوەند= ٩.١، لادانی پێودانگی= ٠.٨٧) و هاوسەنگیی کار و ژیان (ناوەند= ٢.٩١ لادانی پێودانگی= ٦١.٠). بەڵام ئەم پەیوەندییە لە ئاستی ئاسایی (٠.٠٥) بەڵگەداری ئاماری نەبوو . ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی کار و ژیاندا بە شێوەیەکی واتادار پەیوەندی نەبوو بە نمرەکانی ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی لە نێو ئەم نمونەیەی کرێکاراندا.

خشتەی ژمارە (٤)

پەیوەندی نێوان خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی کار و ژیان

گۆڕاو	ژ.نمونە	بەهای پەیوەندی پیرسۆن(r)	بەڵگەداری ئاماری
خۆشگوزەرانیی دەروونی	١١١	٠.١٦٩	٠٧٧.٠
هاوسەنگیی کار و ژیان	١١١		

پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییە کەسی و کۆمەڵایەتی (تەمەن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکرێن لە لاین کرێکارانەوە، ئاستی خوێندەواری) و خۆشگوزەرانیی دەروونی. بۆ زانینی ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکاران بەپێی گۆڕاوی (گروپی تەمەن ، گروپی ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکرێن لە لاین کرێکارانەوە ، ئاستی خوێندەواری) تەکنیکی ئاماری (One-Way ANOVA) ئەنجام درا بۆ بەشداربووانی توێژینەوەکەکە برتیتی بوو لە (١١١) کرێکار. شیکارییەکە دەریخست کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیدا لە نێوان گروپە جیاوازەکانی تەمەندا بوونی نییە، بەهای (F) برتیی بوو لە (٠.٩٣٠) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٤٢٩). ئەم ئەنجامانە ئاماژە بەوە

دەکەن کە جیاوازی لە گروپەکانی تەمەن نابێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی بەرچاو لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکاراندا .

بەهەمان شێوە بۆ ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکاران بەپێی ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکرێن لە لاین کرێکارانەوە ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیدا لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی ژمارەی بەخێوکراواندا بوونی نییە ، بەهای (F) بریتی بوو لە (٦٢٦.٠) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٦٠٠.٠). ئەم ئەنجامانەش دەریدەخات کە جیاوازی ژمارەی بەخێوکراوان نابێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکاران.

دواتر بۆ زانینی ئەوەی ئایا ئاستی خوێندەواری لای کرێکاران جیاوزی دروست دەکات لە لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیان. شیکاریە ئاماریەکە دەریخست کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیدا نیە لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی ئاستی خوێندەواری لای کرێکاران بەهای (F) بریتی بوو لە (١.٤٧٢) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٢٦٦). واتە ئاستی خوێندەواری جیاوازی دروست ناکات لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکارانی بەشداربووی توێژینەوەکە.

پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییە پیشەیی و تەندروستی (کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا ، ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا ، دڵنیایی تەندروستی ، دەستەبەری کۆمەڵایەتی) کرێکاران لەگەڵ هاوسەنگیی کار و ژیان

بۆ ئاشکراکردنی ئاستی هاوسەنگیی کار و ژیان لای کرێکاران بەپێی گۆڕاوی (کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا ، ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا ، دڵنیایی تەندروستی ، دەستەبەری کۆمەڵایەتی) تەکنیکی ئاماری (One-Way ANOVA) ئەنجام درا بۆ بەشداربووانی توێژینەوەکەکە برتیتی بوو لە (١١١) کرێکار. سەرەتا شیکارییەکە دەریخست کە هیچ جیاوازییەکی واتادار لە ڕووی ئاماریەوە لە ئاستی هاوسەنگیی کار و ژیاندا لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەدا بوونی نییە بەهای (F) بریتی بوو لە (١.٣٢٩) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٢٦٤).

دواتر بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا ئاستی هاوسەنگیی کار و ژیانی کرێکاران بەپێی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا جیاوازییەکی واتاداری هەیە یان نا. ئەنجامەکە دەریخست کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە ڕووی ئاماریەوە لە ئاستی هاوسەنگیی کار و ژیاندا لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی ڕۆژەکانی کارکردندا بوونی هەیە بەهای (F) بریتی بوو لە (٤.٠٦٢) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠.٠٠٩). ئەنجامەکە بە جۆرێک بوو دەریخست کە ئەو کرێکارانەی لە هەفتەیەکدا (١ بۆ ٤ ڕۆژ) کار دەکەن، جیاوازییەکی واتاداریان هەیە بەراورد بەو کرێکارانەی (٥ ڕۆژ) کار دەکەن (ئاستی بەڵگەداری ئاماری = ٠.٠٤٠)، هەروەها بەراورد

بەوانەشـی کـە (٦ ڕۆژ) کار دەکـەن (ئاسـتی بەڵگـەداری ئامـاری = ٠.٠٠٤).

دڵنیایی تەندروستی (بیمەی تەندروستی)

بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی هاوسـەنگیی کار و ژیانـی کرێـکاران بەپێـی هەبوونـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی. شـیکارییەکە دەریخسـت کـە هیـچ جیاوازییەکـی واتـادار لـە ڕووی ئامارییـەوە لـە ئاسـتی هاوسـەنگیی کار و ژیانـدا لـە نێـوان گرووپـە جیاوازەکانـی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتیـدا بوونی نییـە بەهـای (F) بریتـی بـوو لـە (٠.٠٤٧) لـە ئاسـتی بەڵگـەداری ئامـاری (٠.٩٥٤). بـە هەمـان شـێوە ئەنجامـەکان دەریانخسـت بوونـی دڵنیایـی تەندروسـتی (بیمـەی تەندروسـتی) جیـاوازی دروسـت نـاکات لـە ئاسـتی هاوسـەنگیی کار و ژیانـی کرێـکاران، بەهـای (F) بریتـی بـوو لـە (٠.٦٣٥) لـە ئاسـتی بەڵگـەداری ئامـاری (٠.٥٣٢).

گفتوگۆی ئەنجامەکان

ئەنجامەکانـی ئـەم تـوێژینەوەیـە تێڕوانینـی گرنـگ و شـیکردنەوەی جیاوازلەبـارەی خۆشـگوزەرانی دەروونـی و هاوسـەنگیی نێـوان کار و ژیانـی کرێکارانـی بیناسـازی لـە کەرتـی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق دەخەنـەڕوو. بـە گشـتی، ئاسـتی خۆشـگوزەرانیی دەروونـی لای کرێـکاران زۆر نـزم بوو،ئەمـەش واتـە کرێـکاران لـە ڕووی دەروونیـەوە لـە بارودۆخێکـی باشـدا نین وە پێویسـتیان بـە پاڵپشـتی و خزمەتگـوزاری دەروونـی زیاتـر هەیـە. لـە کاتێکـدا هاوسـەنگیی نێـوان کار و ژیانـی کرێـکاران لـەم تـوێژینەوەیـەدا لـە ئاسـتێکی مامناوەنـددا بـوو. ئـەم دۆزینەوەیـە نیشـانی دەدات کـە تەنهـا هەبوونـی ئاسـتێکی مامناوەنـد لـە هاوسـەنگیی نێـوان کار و ژیانـی کەسـیدا، هەمیشـە بـە مانـای باشـبوونی خۆشـگوزەرانیی دەروونـی نییـە. دەتوانرێـت ئامـاژە بـەوە بکرێـت کـە ئەگـەری هەیـە کرێـکاران لـە شـوێنی کاردا ڕووبـەڕووی مەترسـییە پیشـەییەکان و فشـارە دەروونـی جۆراوجـۆر ببنـەوە. لەبـەر ئـەوە، ئـەم ئاسـتە نزمـەی ئاسـتی خۆشـگوزەرانیی دەروونـی کـە لـەم تـوێژینەوەیـەدا دەرکەوتـووە، لەوانەیـە پەیوەنـدی بـە لایەنـە فراوانتەرەکانی ژینگـەی کارەوە هەبێـت، نـەک تەنهـا بـە هاوسـەنگیی نێـوان کار و ژیـان. ئەمـە بـە تایبەتـی جێـگای سـەرنجە، چونکـە لـە نێـوان بەشـێک لـە کرێکارانـی بەشـداربوودا پێـکان لـە شـوێنی کار و زەبـری دەروونیـی پەیوەسـت بـە کار تۆمـار کـراوە.

ئامانجێکـی تـری بنەڕەتـی ئـەم تـوێژینەوەیـە بریتـی بـوو لـە دۆزینـەوەی پەیوەندیـی نێـوان خۆشـگوزەرانیی دەروونـی و هاوسـەنگیی نێـوان کار و ژیـان. ئەنجامـەکان پەیوەندییەکـی ئەرێنییان لـە نێـوان ئـەم دوو گـۆڕاوەدا نیشـان دا، بـەڵام ئـەو پەیوەندییـە لاواز بـوو و لـە ڕووی ئامارییـەوە بەڵگـەدار نەبـوو. ئـەم دۆزینەوەیـەش لەگـەڵ ئەنجامەکانـی هەندێـک لـە تـوێژینەوەکانـی پێشـووتردا جیـاوازە و پێوسـتی بـە شـێکردنەوەی جیـاواز هەیـە .

یانگ و هاوکارانی (Yang et al., 2018) دەریانخست کە لاوازیی هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان پەیوەندی بە لاوازتربوونی خۆشگوزەرانیی دەروونی و کۆمەڵایەتیی کرێکارانەوە هەیە. هەروەها، شامس و کادۆ (Shams & Kadow, 2019) لە توێژینەوەکەیاندا لە پاکستان پەیوەندییەکی ئەرێنییان لە نێوان هاوسەنگیی کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی تاکەکەسیدا دۆزییەوە.جیاوازیی نێوان ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەوانەیە بە جیاوازیی ژینگەی پیشەیی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەست بێت. لە کەرتی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا، خۆشگوزەرانیی دەروونی لەوانەیە لەژێر کاریگەریی چەندین لایەنی جیاوازی ئەزموونی کاری کرێکاراندا بێت، نەک تەنها هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان. ئەم تێڕوانینە لەگەڵ ئەنجامەکانی ستانکێڤیچیەنێ و هاوکارانی (Stankevičienė et al., 2021) هاوتەریبە، کە گرنگیی کولتووری کار لە خۆشگوزەرانیی کارمەندانداە دەردەخەن. بۆیە، نەبوونی پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری ، بەو مانایە نییە کە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان گرنگ نییە؛ بەڵکو نیشانی دەدات کە ئەم هۆکارە بە تەنها ناتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی هەبێت بۆ خۆشگوزەرانیی دەروونیی لای کرێکاران.

لە پەیوەندی بە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانەوە، ئەنجامەکان هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداریان لە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونیدا بەپێی تەمەن، ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداربوو بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنیان لە ئەستۆدایە، یان ئاستی خوێندن نیشان نەدا. ئەم دۆزینەوەیە دەریدەخات کە نزمیی خۆشگوزەرانیی دەروونیی بینراو لە نێوان بەشداربووانداا تەنها بە گرووپێکی دیاریکراوی دیمۆگرافی سنووردار نەبوو، بەڵکو لەوانەیە پرسێکی گشتیتر بێت بۆ نمونە سروشتی کار و چۆنیەتی ڕێکخستنی کاری بیناسازی لە نێوان ئەو کرێکارانی بیناسازییەی لەم توێژینەوەیەدا بەشدار بوون.

سەبارەت بە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان، یەکێک لە دۆزینەوە گرنگەکان بوونی جیاوازی بەپێی ژمارەی ڕۆژەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا بوو. ئەو کرێکارانەی لە هەفتەیەکدا یەک تا چوار ڕۆژ کار دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی پێنج یان شەش ڕۆژ کار دەکەن جیاوازییەکی بەڵگەداریان هەبوو. لە بەرامبەردا، ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا جیاوازییەکی بەڵگەداری لە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیاندا نیشان نەدا. کاتێک ئەم دوو دۆزینەوەیە پێکەوە لەبەرچاو دەگیرێن، لەوانەیە ئاماژە بەوە بکەن کە چۆنیەتی دابەشکردنی کار بەسەر ڕۆژەکانی هەفتەدا لە توانای کرێکار بۆ هاوسەنگکردنی بەرپرسیارێتییە کاری و کەسییەکانی گرنگ بێت. کارکردن لە ڕۆژانی زیاتر لە هەفتەدا دەتوانێت کاتی بەردەست بۆ پشوودان، بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزان و ئەنجامدانی چالاکییە کەسییەکان کەم بکاتەوە. بەڵام، پێویستە ئەم لێکدانەوەیە بە وریاییەوە وەربگیرێت، چونکە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هۆکارەکانی پشت ئەم جیاوازییەی نەپشکنیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دۆزینەوەیە

لەگەڵ ئەو بەڵگانە هاوتەریبە کە هەریری و هاوکارانی (Hariri et al., 2024) خستوویانەتەڕوو؛ بە تایبەتی لەبارەی گرنگیی ڕێکخستنی کار، بارگرانیی کار، بارودۆخی ڕێکخراوەیی و پشتگیری لە شوێنی کار لە پەیوەندی بە هاوسەنگیی نێوان کار و ژیاندا.

لە لایەکی دیکەوە، هەبوون یان نەبوونی بیمەی تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری لە ئاستی هاوسەنگیی نێوان کار و ژیاندا نیشان نەدا. بەڵام، ئەم دۆزینەوەیە نابێت بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە کە ئەم جۆرە پاراستنانە بۆ کرێکاران گرنگ نین. بەشێکی بەرچاو لە کرێکارانی بەشداربوو بیمەی تەندروستی یان دەستەبەری کۆمەڵایەتییان نەبوو، کە ئەمەش پاراستنی پیشەیی دەکاتە لایەنێکی گرنگ لە ژینگەی کاریان.

عەبدول جەلیل و هاوکارانی (Abdul Jalil et al., 2023) ، بۆ نموونە، لە توێژینەوەکەیاندا لە مالیزیا دۆزییانەوە کە نادڵنیایی لە پاراستنی کار پەیوەندییەکی نەرێنی بە هەردووکی هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان و خۆشگوزەرانیی دەروونیی کرێکارانەوە هەیە. بە گشتی، دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە بۆ تێگەیشتن لە خۆشگوزەرانیی کرێکارانی بیناسازی لە کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستاندا، پێویستە ژینگەی کار لە چوارچێوەیەکی فراوانتر و گشتگیرتردا لەبەرچاو بگیرێت.

لە کۆتایی دا ئەم توێژینەوەیە خۆشگوزەرانیی دەروونی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی کرێکارانی بیناسازی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق تاوتوێ کرد. ئەنجامەکان نیشانیان دا کە ئاستی خۆشگوزەرانیی دەروونی نزمە، لە کاتێکدا هاوسەنگیی نێوان کار و ژیان لە ئاستێکی مامناوەندایە. ئەمەش گرنگیی سەرنجدان بە بارودۆخی دەروونی و کاریی کرێکاران دەخاتەڕوو. بە گشتی، باشترکردنی ژینگەی کار، سەلامەتیی پیشەیی، ڕێکخستنی کاتی کار و پاراستنی کرێکاران دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کاری سەلامەتتر و پشتگیریکەرتر بۆ کرێکارانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان.

ڕاسپارده و پێشنیازەکان:

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێشنیارانە دەخرێنەڕوو بۆ باشترکردنی ژینگەی کار و خۆشگوزەرانیی کرێکارانی بیناسازی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

1. ڕەخساندنی ژینگەیەکی کاری پشتگیریکەر و دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی دەروونی بێبەرامبەر بە هاوکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
2. ڕێکخستنی خشتەی کاری جێگیر و پێشبینیکراو، و دابینکردنی پشووی پێویست بۆ کەمکردنەوەی فشاری سەر کرێکاران .
3. فراوانکردنی تۆڕی بیمەی تەندروستی بۆ پاراستنی گشتگیری کرێکاران لە مەترسییە پیشەیی و داراییەکان.
4. ڕۆڵی چالاکی سەندیکاکان بۆ چاودێریکردنی سەلامەتی، و کارکردنی ڕێکخراوەکان وەک پردی پەیوەندی نێوان حکومەت و خاوەنکار بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کرێکاران.
5. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGOs) لە هەرێمی کوردستان هاوکاری لۆجستی و دارایی زیاتر پێشکەش بکەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لەسەر کۆمەڵەی نموونەی گەورەتر لە نێوان کرێکاراندا، تا زانیاریی وردتر و گشتگیرتر دەستبکەوێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی پشتیوانی گونجاوتر.

References

Abdul Jalil, N. I., Tan, S. A., Ibharim, N. S., Musa, A. Z., Ang, S. H., & Mangundjaya, W. L. (2023). The relationship between job insecurity and psychological well-being among Malaysian precarious workers: Work–life balance as a mediator. International Journal of Environmental Research and Public Health, 20(3), Article 2758. https://doi.org/10.3390/ijerph20032758

Haider, S., Jabeen, S., & Ahmad, J. (2018). Moderated mediation between work life balance and employee job performance: The role of psychological wellbeing and satisfaction with coworkers. Revista de Psicología del Trabajo y de las Organizaciones, 34(1), 29–37. https://doi.org/10.5093/jwop2018a4

Hariri, N. I. M., Othman, W. N. W., Anuar, S. B. A., Lin, T. Y., & Zainudin, Z. N. (2024). Effect of work-life balance on employees' well-being. Open Journal of Social Sciences, 12, 705–718. https://doi.org/10.4236/jss.2024.1212044

Hayman, J. R. (2005). Psychometric evaluation of an instrument designed to measure work life balance. Research and Practice in Human Resource Management, 13(1), 85–91. https://rphrm.curtin.edu.au/2005/issue1/worklife.html

International Labour Organization. (2016). Workplace stress: A collective challenge. https://www.ilo.org/wcmsp5/groups/public/---ed_protect/---protrav/---safework/documents/publication/wcms_466547.pdf

Shams, K., & Kadow, A. (2019). The relationship between subjective well-being and work-life balance among labourers in Pakistan. Journal of Family and Economic Issues, 40, 681–690. https://doi.org/10.1007/s108345-09631-019-

Stankeviien, A., Tamaševiius, V., Diskien, D., Grakauskas, Ž., & Rudinskaja, L. (2021). The mediating effect of work-life balance on the relationship between work culture and employee well-being. Journal of Business Economics and Management, 22(4), 988–1007. https://doi.org/10.3846/jbem.2021.14729

Wong, K. P., Lee, F. C. H., Teh, P., & Chan, A. H. S. (2021). The interplay of socioecological determinants of work-life balance, subjective wellbeing and employee wellbeing. International Journal of Environmental Research and Public Health, 18(9), Article 4525. https://doi.org/10.3390/ijerph18094525

World Health Organization. (1998). Wellbeing measures in primary health care: The DepCare project. World Health Organization Regional Office for Europe. https://iris.who.int/handle/10665349766/

World Health Organization. (2022). WHO guidelines on mental health at work. https://www.who.int/publications/i/item/9789240053052

Yang, J. W., Suh, C., Lee, C. K., & Son, B. C. (2018). The work-life balance and psychosocial well-being of South Korean workers. Annals of Occupational and Environmental Medicine, 30, Article 38. https://doi.org/10.1186/s405570250--018-z



WWW.PFO-KU.ORG

PFO@PFO-KU.ORG